# ژیانی هاوەڵان

# بۆ منداڵان

نووسینی

نهاد جلال حبیب اللّٰه

بسم الله الرحمن الرحيم

ناوی کتێب: ژیانی هاوەڵان بۆ منداڵان

نووسەر: نهاد جلال حبيب الله

بابەت: پەروەردەیی ئایینی

ژمارەو ساڵی چاپ: دووەم، ٢٠١٧

چاپخانەو شوێنی چاپ: چاپخانەی ڕێ نوێ، سلێمانی

بەرگ: دووەم

مافی لەچاپدانی پارێزراوە بۆ نووسەر

٠٧٥٠١٥٢٠٤٤٦

## ئوسەیدی کوڕی حوزەیر (رضي الله عنه):

لە شاری مەدینەدا کابرایەك هەبوو بە ناوی حوزەیر، ئەم کابرایە لە ئەوسیەکان بوو و یەکێك بوو لە سوارچاك و کەسە بەهێزەکانی مەیدانی جەنگ، هێندە ناسراو و خاوەن پێگە بوو کە قەڵایەکی تایبەت بە خۆی هەبوو، لە جەنگەکاندا سەرکردایەتی سوپای ئەوسیەکانی دەکرد.

ئەم پیاوە منداڵێکی هەبوو بە ناوی سویەد، ئوسەید بەرەبەرە گەورە دەبوو، تا ئەوەی ڕۆژێك باوکی مرد، باوکی بتپەرست بوو و هێشتا ئایینی ئیسلام نەگەیشتبوویە مەدینە، بەڵام ئوسەیدی کوڕی ژیا تا ئیسلام گەیشتە مەدینەو موسڵمان بوو.

ئوسەید یەکێك بوو لەو هاوەڵە پشتیوانیانەی کە زۆر زوو موسڵمان بوو، موسڵمانبوونەکەشی لەسەر دەستی موصعەبی کوڕی عومەیر بوو.

جارێك ئەسعەدی کوڕی زورارە موصعەبی برد تا باسی ئیسلام بکات بۆ خەڵکی، بەڵام سەعدی کوڕی موعازو ئوسەیدی کوڕی حوزەیر کە گەورەی هۆزەکانیان بوون و هێشتا موسڵمان نەبووبوون، ئەوەیان پێ ناخۆش بوو و ویستیان ڕێیان پێ نەدەن، کاتێ قسەکانی ئەسعەدو موصعەبیان بیست سەعد بە ئوسەیدی وت هەی بێباوك بڕۆ بۆیان، سەیرکە چۆن هاتوونەتە خاکمان تا هەرزەکارەکانمان لەخشتەبەرن، بڕۆ بەریان پێ بگرەو مەهێڵە بێنە ناوچەی ئێمە، ئوسەیدیش بە خەنجەرێکەوە هات، ئەسعەد بە موصعەبی وت ئەمە گەورەی هۆزەکەیەتی، دێت بۆ لات، ڕاست پەیامی خوای پێ بڵێ، موصعەب وتی ئەگەر دابنیشێ قسەی لەگەڵ ئەکەم، ئوسەید بە قسەوتنەوە هاتەبەردەمیان، وتی بۆچی هاتون بۆ لامان تا هەرزەکارەکانمان

لەخشتەبەرن، ئەگەر گیانی خۆتانتان لا خۆشەویستە دووربگرن لێمان، موصعەب پێی وت بۆچی دانانیشیت تا گوێمان لێ بگریت، ئەگەر بەدڵت نەبوو وازدێنین، ئەویش وتی قسەکەت جوانە، خەنجەرەکەی دەستی داچەقاند بەناو زەویداو لەبەردەمیاندا دانیشت، موصعەب باسی ئیسلامی بۆ کردو قورئانی بۆ خوێندەوە، ئوسەید وتی قسەکانتان چەند جوانو چاکن، باشە ئەگەر بتانەوێ بچنە ناو ئەم ئاینەوە چی دەکەن؟ ئەوانیش پێیان وت خۆت بشۆو جلەکانت بشۆو دواتر شایەتومانی حەق بهێنەو دواتر نوێژ بکە، ئەویش وایکرد، ئینجا ئوسەید وتی من کەسێکم لەگەڵە ئەگەر ئەویش شوێنتان بکەوێ چی کەسی ناو هۆزەکەی هەیە شوێنتان ئەکەون، ئێستا ئەینێرم بۆ لاتان، ئەویش سەعدی کوڕی موعازە، ئینجا ئوسەید خەنجەرەکەی هەڵگرتو چوو بۆ لای سەعدو هۆزەکەشی چاوەڕوان بوون، سەعد پێی وت چیت کرد؟ ئوسەید وتی من قسەم لەگەڵ کردن بەخوا وای نابینم خراپ بن، ڕێم لێگرتن، ئەوانیش وتیان چیت پێ خۆشە وادەکەین، سەعد تووڕە بوو و هەستاو خۆی چوو بۆ لایان، کە چوو بینی هەردووکیان بێخەم دانیشتون، زانی ئوسەید ویستوویەتی گوێیان لێ بگرێ، بە جنێودانەوە لەبەردەمیاندا ڕاوەستا، بە ئەسعەدی کوڕی زەرارەی وت بەخوا لەبەر خزمایەتی نێوانمان نەبوایە ئەمەت بەسەردا تێنەئەپەڕی، موصعەب پێی وت بۆچی دانانیشیت گوێمان لێ بگریت، ئەگەر بەدڵت بوو باشە، ئەگەر بەدڵت نەبوو لێت دووردەکەوینەوە، سەعد وتی قسەکەت جوانە، دانیشتو خەنجەرەکەی داچەقاند بە زەویداو گوێی لێگرتن، هەمان شتیش بۆ ئەم ڕوویدا، کە سەعد گەڕایەوە، هۆزەکەی وتیان بەوخوایە سەعد بە دەموچاوێکی ترەوە هاتووەتەوە، کاتێ سەعد گەیشتە لایان وتی ئەی هۆزەکەم منتان پێ چۆنە؟ وتیان گەورەو شارەزاو

بەڕێزترینی ئێمەیت، ئەویش وتی قسە لەگەڵ هیچ کامتان ناکەم تا ئەو کاتەی باوەڕ دێنن بە خواو پێغەمبەرەکەی، بەوە هەرهەموو هۆزەکەی موسڵمان بوون جگە لە چەند کەسێ.

کاتێ پشتیوانان جاری دووەم چوون بۆ مەککەو لە بەیعەتی عەقەبەدا لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) دانیشتن، ئوسەیدیش لەگەڵیاندا چوو و یەکێك بوو لە بەشداربووەکان و یەکێکیش بوو لە نەقیبەکان.

کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینەو برایەتی خستە نێوان پشتیوانانو کۆچەرانەوە، برایەتی خستە نێوان ئوسەیدی کوڕی حوزەیر و زەیدی کوڕی حارسەوە.

پێغەمبەر(ﷺ) زۆر لە ئوسەید ڕازی بوو و بە هاوەڵانی تری دەفەرموو (ئوسەیدی کوڕی حوزەیر پیاوێکی باشە).

پرسیار: بۆچی ئوسەید لە غەزای بەدردا بەشداری نەکرد؟

وەڵام: چونکە هەم ئوسەید و هەم هاوەڵانێکی تریش نەیاندەزانی جەنگی بەدر ڕوودەدات، ئەگینا بەشدارییان دەکرد.

دوای ئەوە ئوسەید لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و هێندە جەنگا تا بە دەستی بێباوەڕان حەوت جار بریندار کرا، دوای ئەوەش هەر غەزایەکی تر ئەنجام بدرایە، خێرا ئوسەید دەچوویە نێو سوپاکەوەو بەشداری دەکرد تا دوژمنانی ئیسلام شکست پێ بهێنێت.

لە غەزای تائیفدا کاتێ یەکێك لە کۆیلەکان بە ناوی ئیبراهیمی کوڕی جابر موسڵمان بوو، پێغەمبەر (ﷺ) سپاردیە دەست ئوسەیدو ئوسەیدی ڕاسپارد تا هاوکاری ماددی بکات و پێویستیەکانی بۆ دابین بکاتو زانستو زانیاریشی فێر بکات.

## پەندو وانە:

پێویستە لە هەموو کات و شوێنێکدا بیرمان لای بانگەوازی ڕێی خوا بێت، نەوەك لە هەندێ کاتی نائاسییدا بڵێین ئێستا کاتی نیە، بەڵکو تەنانەت لە کاتی جەنگیشدا پێغەمبەر (ﷺ) هاوەڵانی هانداوە تا زانست و پەیامی خوا فێری کەسانی تازە موسڵمان بوو بکەن، هەروەها گرنگیش بدەن بە لایەنی ماددی و پێویستیەکانی ژیانیان، چونکە موسڵمان دەبێت پشت و هاوکاری برا موسڵمانەکەی بێت.

ئەنەسی کوڕی مالیك دەڵێت: لە شەوێکی تاریکدا دوو کەس لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) چوونە دەرو لە بەردەمی ئەو دوو کەسەوە ڕووناکیەك هەبوو تا ئەو شوێنەی لەیەك جیابوونەوە، کە جیابوونەوە ڕووناکیەکەش لە نێوانیاندا دابەش بوو و هەر بەشێکی لەگەڵ یەکێکیاندا بوو، ئەو دوو کەسەش بریتی بوون لە ئوسەیدی کوڕی حوزەیر و عەببادی کوڕی بیشر.

جارێك ئوسەید هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و باسی هەژاریماڵێکی پشتیوانانی بۆ کرد، ئەوکات پێغەمبەر (ﷺ) چی خواردنی لابوو دابەشی کردبوو، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو (پێت نەوتین تا چی لە دەستماندا هەبوو نەما، ئەمجار بیستت شتێکمان بۆ هاتووە وەرەو ئەو ماڵەم بیر بخەرەوە)، دوای ماوەیەك بڕێ خواردن هات بۆ

پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە گەنمو خورما بوو و لە خەیبەرەوە بۆی هاتبوو، زۆربەی کەسەکانی ئەو ماڵە هەژارەش ئافرەت بوون، پێغەمبەری خوا (ﷺ) خواردنەکەی بەسەر خەڵکدا دابەش کردو بەشی زۆر باشی بۆ ئەو ماڵە دانا، ئوسەید سوپاسی پێغەمبەری (ﷺ) کرد و وتی (ئەی پێغەمبەری خوا خوای گەورە لەبری ئێمە چاکترین پاداشتت بداتەوە)، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی (ئێوەش ئەی کۆمەڵی پشتیوانان خوای گەورە چاکترین پاداشتتان بداتەوە، هێندەی من سەبارەت بە ئێوە بیزانم زۆر پاکو خۆڕاگرن).

## پەندو وانە:

پێویستە ئەگەر زانیمان کەسێك یان ماڵێك هەژارن، هەوڵ بدەین هاوکارییان بکەین تا لەو ناڕەحەتیە ڕزگار بن، ئەگەر خۆمان بە تەنها نەمانتوانی، ئەوکات بە کەسانی تر بڵێین تا هاوکار بن لە یارمەتیدانی ئەو کەسە یان ئەو ماڵە هەژارەدا، چونکە مرۆڤەکان ئەگەر هاوکاری یەکدی نەبن ئەوە ژیان سەخت دەبێت و هەر جارە و یەکێکیان تووشی ناڕەحەتی دەبێت.

ئوسەید زۆرجار لە خزمەتی پێغەمبەردا (ﷺ) بوو و گوێبیستی فەرموودەکانی بوو و فەرموودەشی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەگێڕایەوە، دەماو دەم ئەو فەرموودانە باسکران تا دواتر نووسرانەوەو ئەمڕۆ لەبەردەستی ئێمەدان.

شەوێك ئوسەید لە ماڵەوە بوو قورئانی دەخوێند، سەرقاڵ بوو بە خوێندنی سوورەتی بەقەرەوە، ئەسپەکەشی لە نزیکیەوە بەسترابوویەوە، کاتێ قورئانی

دەخوێند ئەسپەکەی حیلاندیو بەرز بوویەوە، ئوسەید لە قورئان خوێندنەکەی وەستا، ئەویش بێدەنگ بوو، دووبارە ئوسەید دەستی کردەوە بە قورئان خوێندنەکەی و ئەسپەکەش هەمدی حیلاندیو بەرز بوویەوە، هەمدی ئوسەید بێدەنگ بوو و ئەسپەکەش بێدەنگ بوو، بۆ جاری سێیەم کە قورئانی خوێند ئەسپەکە هەمدی حیلاندیو بەرز بوویەوەو برێ جووڵا، یەحیای کوڕی ئوسەیدیش لە نزیك ئەسپەکەوە بوو، ئوسەید ترسا ئەسپەکە یەحیای کوڕی بشێلێ، کاتێ ئەسپەکەی هێورکردەوە سەری بەرەو ئاسمان بەرزکردەوە و شتێکی بینی، بۆ بەیانی ئوسەید چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و باسوخواسەکەی بۆ گێڕایەوە، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو (بتخوێندایە ئەی ئوسەید، بتخوێندایە ئەی ئوسەید)، ئوسەید وتی ئەی پێغەمبەری خوا ترسام یەحیا بشێلێ، چونکە یەحیا نزیك بوو لە ئەسپەکەوە، کاتێ سەرم بەرز کردەوەو چووم بۆ لای، سەرم بەرەو ئاسمان بەرزکردەوە برێ شت وەك چراخان دیاربوون، منیش چوومەدەر تا نەیبینم، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (دەشتزانی ئەوە چیە؟)، ئوسەید وتی نا، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (ئەوانە فریشتەکان بوون نزیك بووبوونەوە بۆ بیستنی دەنگی تۆ، ئەگەر لە قورئان خوێندنەکەت بەردەوام بوویتایە بەیانیت دەکردەوەو خەڵکی سەیری فریشتەکەیان دەکردو لەبەرچاویان ون نەدەبوون).

ئوسەید پیاوچاکێکی ڕووخۆشو خوێن گەرمو قسەخۆش بوو، زۆرجار هاوەڵانی بە قسەخۆشەکانی دڵخۆش دەکرد، جارێك ئوسەید لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بوو کە قسەی خۆشی بۆ دەکردن، پێغەمبەر (ﷺ) دای بە کەلەکەیدا، ئەویش وتی ئازارت دام، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی تۆڵەی خۆت وەرگرەوە، ئوسەید وتی ئەی

پێغەمبەری خوا جا تۆ کراسێکت لەبەرە، بەڵام تۆ کە دات لە من بەسەر کراسەوە لێت نەدام، پێغەمبەریش (ﷺ) کراسەکەی هەڵکرد، ئوسەیدیش باوەشی کرد بە پێغەمبەردا (ﷺ) و ورگی ماچ دەکردو دەیوت بە دایكو باوکمەوە بەقوربانت بم ئەی پێغەمبەری خوا، ویستم ئاوا ماچت بکەم.

## پەندو وانە:

قسەی خۆش و خۆشحاڵ کردنی هاوڕێ و دۆست و کەسە نزیکەکانمان خێرەو خوای گەورە پێی خۆشە، بۆیە نابێت موسڵمان کەسێکی مۆن و ڕووگرژ و قسە ناخۆش بێت، بەڵکو دەبێت خەڵکی بە بینینی دڵخۆش بن، بەڵام نابێت بە ناوی قسەی خۆشەوە قسەی ناڕەواو درۆ و خراپ بوترێت، بەڵکو دەبێت سنووری چاکە نەبەزێنین.

ئوسەید دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و بەشداری نوێژ و پەرستیش و کارە چاکەکان بوو، هەروەها بەشداری جەنگ و غەزاکانی دەکرد، لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەتتابیشدا بەشداری فەتحی بەیتولموقەددەسی کرد، هەر لە سەردەمی خەلیفە عومەردا وەفاتی کرد، ئوسەید پێش مردنی وەسیەتی کرد بۆ خەلیفە عومەر تا سەرپەرشتی ئیشو کاری بکات، خەلیفەش دارخورماکانی ئوسەیدی بە چوار ساڵ فرۆشت بە چوار هەزار دینارو قەرزەکانی پێ دایەوە.

**پرسیار:**

1-باوکی ئوسەید بە چی ناسرابوو؟

2-ئوسەید چۆن موسڵمان بوو؟

3-ئوسەید بۆ ماچکردنی سکی پێغەمبەر (ﷺ) چی کرد؟

4-بۆچی ئوسەید وازی هێنا لە قورئان خوێندنەکەی؟

## جەریری کوڕی عەبدولا ( رضي الله عنه )

ئەمجارە باس لە هاوەڵێك دەكەین كە هێندە كەشخەو جوان بوو ناوبانگی دەركردبوو و پێی دەوترا ئەڵێیت پێغەمبەر یووسفە، ئەم هاوەڵەش ناوی جەریری كوڕی عەبدولا بوو و خەڵكی یەمەن بوو و گەورەی هۆزەكەی خۆی بوو.

جەریر لە یەمەنەوە هات بۆ مەدینە بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ)، جەریر دەڵێت چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش فەرمووی بۆچی هاتویت؟ وتم هاتوم تا موسڵمان بم، ئەویش جلەكەی خۆی ڕاخست بۆم و فەرمووی (ئەگەر گەورەو ڕێزداری قەومێك هات بۆ لاتان ڕێزی بگرن).

### پەندو وانە :

پێغەمبەر (ﷺ) لە ژیانی خۆیدا ڕێزی گەورەو بەرپرسی هۆز و ناوچەكانی دەگرت، چونكە ڕێزگرتنی ئەوان واتە ڕێزگرتنی ئەو ناوچەیە، دەبینین پێغەمبەر (ﷺ) ڕێزی جەریری گرتووە كە سەرۆكی هۆزەكەی خۆی بوو، هەروەها هاوەڵانو موسڵمانانی فێر كرد تا ڕێزی گەورەو بەرپرسی خەڵك بگرن، بەڵام ڕێزگرتن بەو واتایە نا لەبەر ئەو كەسە سنووری خوا ببەزێنین.

جەریر كەسێكی زۆر قۆز و كەشخە بوو، هێندە كەشخە بوو عومەری كوڕی خەتتاب دەیوت جەریرە یووسفی ئەم ئوممەتەیە، واتە لە جوانیدا چووەتەوە سەر پێغەمبەر یووسف.

جەریر دەڵێت کاتێك هاتمە مەدینەو چوومە مزگەوت، پێغەمبەر (ﷺ) وتاری دەدا، پێغەمبەر (ﷺ) سەلامی لێکردم و خەڵکەکەش بە زیتەی چاو سەیریان دەکردم، منیش بەو کەسەی پاڵ خۆمم وت ئەی بەندەی خوا ئایا پێغەمبەر (ﷺ) هیچی لە بارەی منەوە نەفەرمووە؟ ئەویش وتی با، بە جوانترین شێوە باسی کردیت، لەکاتی وتارەکەیدا بوو فەرمووی (لەو دەرگایەوە یان لەو لایەوە چاکترین کەسی یەمەنی دێتەژوورەوە بۆ لاتان، دەموچاویشی شوێنەواری فریشتەی پێوەیە)، جەریر دەڵێت منیش سوپاسی خوام لەسەر کرد.

جەریر لە حەجیماڵئاواییدا لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) بەشداری کرد و کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) دەیویست قسە بکات جەریری دەنارد تا خەڵکەکە بێدەنگ بکات و هەموان گوێ لە پێغەمبەر (ﷺ) بگرن.

جەریر دەڵێت کاتێك نەجاشی پاشای حەبەشە مرد، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووین (نەجاشی براتان مرد دەی داوای لێخۆشبوونی بۆ بکەن)، چونکە نەجاشی پادشایەکی دادپەروەر و خواناس بوو و بە نهێنیش موسڵمان بوو و یارمەتی زۆری موسڵمانانی دا کاتێك کۆچیان کرد بۆ وڵاتەکەی.

## پەندو وانە:

نزاکردن بۆ موسڵمان ئەرکی سەرشانی موسڵمانانە، وەك چۆن خوای گەورە لە قورئاندا فێرمان دەکات نزا بکەین بۆ موسڵمانانی پێش خۆمان و موسڵمانانی سەردەمی خۆیشمان، هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێکردوین نزا بکەین بۆ مردووی موسڵمانان بەتایبەت داوای لێخۆشبوونی بۆ بکەین.

جەریر کاتێك موسڵمان بوو بەڵێنی دا بە پێغەمبەر (ﷺ) لە هەر کوێدا موسڵمانێکی بینی پێویستی بە ئامۆژگاری بوو ئامۆژگاری بکات، ئەمەش بەڵێنیکی چاك و زۆر گرنگیش بوو.

لەو سەردەمەدا ماڵێك دروست کرابوو پێی دەوترا زیلخیلصە کە لە بری کەعبە درووستیان کردبوو، پێغەمبەر(ﷺ) ئەوەی پێ خۆش نەبوو و فەرمانی کرد بە جەریر تا بڕوات ئەو ماڵە لەناوبەرێت، ئەویش هاودەم بە ژمارەیەك لە هاوەڵان و موجاهیدان چوو و لەناوی برد و خێرا موژدەی نارد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) کە بە دروستی کارەکەی بەجێگەیاندووە، پێغەمبەریش (ﷺ) نزای بۆ کرد.

جەریر دەڵێت لەو کاتەوەی موسڵمان بووم هەرکات پێغەمبەر (ﷺ) منی بدیایە پێدەکەنی یان زەردەخەنەیەکی دەکرد، ئەمەش نیشانەی ڕووخۆشی پێغەمبەر (ﷺ) بووە، هەروەها بەڵگەی ئەوەیە جەریری خۆشویستووە.

جەریر دەڵێت لە یەمەن بووم کە فەرموودەی پێغەمبەرم (ﷺ) دەگێڕایەوە بۆ دوو کەس، ئەوانیش وتیان ئەگەر وابێت کە دەیلێیت ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) نزیکەی سێ ساڵ دەبێت مردووە، جەریر دەڵێت ئەوەبوو لە ڕێدا بووین کە کاروانێك لە مەدینەوە هات، پرسیارمان لێکردن سەبارەت بە پێغەمبەر (ﷺ)، ئەوانیش وتیان پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی دوایی کردووەو ئەبووبەکر بووە بە خەلیفە.

جەریر لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتابدا بەشداری جەنگی دژ بە بێباوەڕان و دوژمنانی ئیسلامی کرد، عومەریش ئەوی کردە سەرکردەی هەموو هۆزەکەی.

جەرير دەڵێت جارێك لەگەڵ عومەری كوڕی خەططاب و ژمارەيەك لە موسڵمانانندا بووين، كەسێكيان بايەكی لێ بوويەوە، عومەر وتی ئێستا پێی دەڵێم بڕوات دەستنوێژ بگرێت، جەرير وتی بەڵكو فەرمان بكە با هەموومان دەستنوێژ بگرين، عومەر وتی دەبێت خۆم و هەموويشتان دەستنوێژ بگرين، هەستاين دەستنوێژمان گرت و نوێژمان كرد، عومەريش بە جەريری دەفەرموو (ڕەحمەتی خوات لێ بێت، لە سەردەمی نەفاميدا گەورەيەكی زۆر چاك بوويت، لە سەردەمی ئيسلاميشدا گەورەيەكی زۆر چاك بوويت).

جەرير كەسێكی خاكی بوو، ئەنەسی كوڕی ماليك دەڵێت جەرير لە من گەورەتر بوو كەچی خزمەتی دەكردم، ئەنەس دەڵێت جەرير خزمەتی دەكردم و دەيوت من ديومە پشتيوانان چۆن خزمەتی پێغەمبەری خوايان (ﷺ) دەكرد، بۆيە هەركاميان ببينم خزمەتی دەكەم.

جەرير لە سەردەمی خيلافەتی عەلی كوڕی ئەبووتاليبدا چوو بۆ ناوچەی قرقيسيا و لەوێ ژيا تا وەفاتی كرد.

## پرسيار:

1-بۆچی جەرير كە چوويە مزگەوت هاوەڵان سەيريان دەكرد؟

2-زيلخيلصە چی بوو؟

3-ڕووداوەكەی ئامۆژگاری جەرير بۆ عومەری كوڕی خەتتاب چۆن بوو؟

4-هەڵوێستی جەرير بەرامبەر بە پشتيوانان باس بكە.

5-چوار پەندو وانە لە ژيانی جەريردا بژمێرە.

## تەمیمی کوڕی ئەوس(رضي الله عنه)

یەکێکی تر لە هاوەڵە خۆشەویستەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ناوی تەمیمی کوڕی ئەوس بوو، زیاتر بە تەمیمی داری ناسرابوو، تەمیم زۆربەی کات سەرقاڵی پەرستش و قورئان خوێندن بوو.

تەمیم پێشتر مەسیحی بوو، یەکێك بوو لە زانا ئایینیەکانی مەسیحیەکان و لە فەلەستین دادەنیشت، بەڵام لە ساڵی نۆیەمی کۆچیدا هاتە مەدینەو لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (ﷺ) موسڵمان بوو، هەر لە مەدینە مایەوەو لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) بەشداری نوێژ و پەرستش و غەزاکان بوو.

پرسیار: تەمیمی داری چۆن موسڵمان بوو؟

وەڵام: تەمیمی داری لەگەڵ پێنج کەسی تردا چوویە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، لەوێ موسڵمان بوون، هەروەها داوایان لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد تا لە خاکی فەلەستیندا پارچە زەویەکیان پێ بدات، پێغەمبەریش (ﷺ) داواکەی ئەوانی بەجێگەیاند.

جارێك پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی کرد، کە لە نوێژەکەی تەواو بوو، لەسەر مینبەرەکەی دانیشت و پێدەکەنی، فەرمووی با هەرکەس لە شوێن نوێژەکەی خۆی دابنیشێت، پاشان فەرمووی (ئایا دەزانن بۆچی کۆمکردوونەتەوە؟) وتیان خواو پێغەمبەرەکەی زاناترن، فەرمووی چونکە تەمیمی داری کە کەسێکی مەسیحی بوو هاتووەو موسڵمان بووەو شتێکی بۆ گێڕاومەتەوە کە پێشتر من شتێکی لەو چەشنەم بۆ باس کردون، ئینجا بەسەرهاتەکەی بۆ هاوەڵان گێڕایەوە.

تەمیمی داری یەکێك بوو لەو کەسانەی لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) قورئانیان کۆدەکردەوە.

تەمیمی داری زۆر جار لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) دادەنیشت و گوێی لە فەرمایشتەکانی دەگرت و دواتر دەیگێڕایەوە بۆ موسڵمانان، یەکێك لەو فەرموودانەی تەمیمی داری بۆی گێڕاوینەتەوە ئەوەیە کە دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئایین ئامۆژگاریە)، واتە تا بتوانین ئامۆژگاری دەوروبەرمان بکەین تا چاکە بکەن و دوور بگرن لە هەر خراپەیەك.

تەمیمی داری جلێکی گرانبەهای کڕیبوو بە هەزار–درهەم–، ئەو جلەی زۆر لا جوان بوو، لە شەوای قەدردا ئەو جلەی دەکردە بەر.

جارێك کابرایەك هات بۆ لای تەمیمی داری و داوای لێکرد فەرموودەی بۆ بگێڕێتەوە، تەمیم ئامۆژگاریەکی گرنگی کرد و پێی وت ئەگەر من باوەڕدارێکی بەهێز بم و تۆیش باوەڕدارێکی لاواز بیت بەهێزی من بدەیت بەسەر لاوازی خۆتدا و بتەوێت وەك من بکەیت ناتوانیت و پەکت دەکەوێت، یان تۆ باوەڕدارێکی بەهێز بیت و من باوەردارێکی لاواز بم کاتێك بەهێزی تۆ دەدەم بەسەر لاوازی خۆمدا بەرگەی ناگرم و دەکەوم، بۆیە لە توانای خۆتەوە بنەوە ئایینداریەکەت و پەرستشێ بکە کە بەرگەی بگریت.

## پەندو وانە:

پێویستە ئێمەش بە وردی گوێ لەو ئامۆژگاریەی تەمیمی داری بگرین و لە ژیانی خۆماندا پەیڕەوی بکەین، نابێت بنەوینە کارو پەرستشێ کە لە تواناماندا نیە، چونکە خوای گەورە داوای کردووە بە پێی توانای خۆمان کار و پەرستش بکەین،

کەسی وا هەیە توانای هەیە کاری زۆر بکات، کەسی وایش هەیە توانای کەمە، نابێت ئەوەی توانای کەمە زۆر لە خۆی بکات و بیەوێت کارێك بکات کە لە توانایدا نیە.

تەمیمی داری دوای وەفاتی پێغەمبەری خوایش (ﷺ) ژیا و هەر لە مەدینە سەرقاڵی پەرستش بوو، دوای ئەوەی خەلیفەی موسڵمانان عوسمانی کوڕی عەففان شەهید بوو و ئاژاوەگێڕان دزەیان کردە ناو مەدینە، ئیتر تەمیم گەڕایەوە بۆ شام بۆ ناوچەی جارانی خۆی، هەر لەوێ ژیا تا وەفاتی کرد.

## پرسیار:

1-تەمیم سەرەتا سەر بە چ ئایینێك بوو؟

2-تەمیم چۆن موسڵمان بوو؟

3-یەکێك لەو فەرموودانە باس بکە کە تەمیم گێڕاویەتیەوە.

4-بۆچی تەمیم گەڕایەوە بۆ ناوچەکەی خۆی؟

## حەمنەی کچی جەحش ( رضي الله عنها )

هاوەڵەکانی پێغەمبەر (ﷺ) تەنها پیاو نەبوون، بەڵکو ئافرەتانێکی زۆریش هەبوون هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوون‌و لە چاکەو خواناسیدا پێشڕەویەکی زۆریان هەبوو.

یەکێك لەو ئافرەتە خواناسانەش ناوی حەمنەی کچی جەحش بوو کە خوشکی زەینەبی خێزانی پێغەمبەر(ﷺ) بوو.

زەینەب هەر زوو لە مەککە موسڵمان بوو و هاودەم بە هاوەڵەکانی تر بەرگەی ناڕەحەتیەکانی مەککەی گرت و ملی کەچ نەکرد بۆ بێباوەڕانی قوڕەیش، مێردەکەشی وەك خۆی موسڵمان بوو، ئیتر کە موسڵمانان ئازار و ناڕەحەتییان بەردەوام بوو، پێغەمبەر (ﷺ) مۆڵەتی پێدان کۆچ بکەن بۆ حەبەشە، زەینەبیش هاودەم بە مێردەکەی و سێ برای خۆی کۆچی کرد بۆ حەبەشە، بەڵام لەوێ کە ئایینی مەسیحیەت باو بوو، مێردەکەی زەینەب وازی هێنا لە ئیسلام و بوو بە مەسیحی و هەر بەو باوەڕەوە مرد.

پرسیار: ئەی حەمنە دوای ئەوە چی کرد؟

وەڵام: دواتر حەمنە گەڕایەوە بۆ مەککەو لەوێشەوە کۆچی کرد بۆ مەدینەو لەوێ لەگەڵ موصعەبی کوڕی زوبەیردا هاوسەرگیری کرد، بەڵام زۆری نەخایاند لە غەزای ئوحوددا موصعەب شەهید بوو، حەمنە خۆیشی لەناو غەزاکەدا بەشداری کردبوو ئاوی دەگێڕا بۆ هاوەڵان و برینپێچی بریندارانی دەکرد و یارمەتی دەدان، زەینەب تەنها خەمی شەهیدبوونی مێردەکەی نەبوو، بەڵکو برایەکیشی شەهید بوو، ئیتر حەمنە

ناچار بوو خۆی ببێتە دایك و باوكیش بۆ منداڵەكەی، چونكە كچێكی هەبوو بە ناوی زەینەب.

دوای ماوەیەك حەمنە شووی كرد بە هاوەڵێكی تری پێغەمبەر (ﷺ) كە ناسراوە بە تەلحە، لەم مێردەی منداڵێكی بوو، كە منداڵەكەی بوو بردی بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و ئەویش ناوی نا موحەممەد.

ئەو كاتەی لە مەدینەدا كێشەیەكی گەورە ڕوویداو بوختانێك كرا بۆ عائیشەی هاوسەری پێغەمبەر(ﷺ)، دووڕووەكان هێندە بەهێز بوون لە بوختان كردنەكەیاندا، توانییان هەندێ موسڵمان لە خشتە بەرن و بەشداری تاوانەكەیان بكەن، یەكێك لەوانەش حەمنە بوو كە كەوتە داوی دووڕووەكانەوە، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نیە كە ئیتر حەمنە خراپ بووبێت، بەڵكو هەڵەیەك بوو تووشی بوو و تەوبەی لێكرد.

پەندو وانە:

زۆر پێویستە وریا بین لە زمانی دووڕوان و بێباوەڕانو كاتێك دژ بە موسڵمانان یان دژ بە هەر كەسێكی تر قسەیەك دەكەن، خێرا بڕوایان پێ نەكەینو بە وردی بەدواداچوون بكەین بۆ قسەكانیان بزانین ڕاستە یان نا، ئینجا بڕیاری كۆتایی بدەین، چونكە لەوانەیە پشتگیریەكی بچووكی ئەوان لە بوختانێكدا كە دەیكەن، ببێتە هۆی گرفت و شكستێكی گەورە بۆ موسڵمانان.

حەمنە لە مزگەوتی مەدینە لە دوای پێغەمبەرەوە (ﷺ) نوێژی دەكرد، جارێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) بینی لەنێوان دوو پایەی مزگەوتدا پەتێك بەستراوە، فەرمووی ئەو پەتە چیە؟ وتیان ئەی پێغەمبەر(ﷺ) حەمنەی كچی جەحش تا دەتوانێت

بەپێوە نوێژ دەکات، کە توانای نەما خۆی دەگرێت بەو پەتەوە، ئەویش فەرمووی ( تا توانای هەیە نوێژ بکات، کە توانای نەما با دابنیشێت).

**پرسیار:**

1-حەمنە لە کوێ موسڵمان بوو؟

2-مێردەکەی حەمنە لە حەبەشە چی بەسەرهات؟

3-حەمنە تووشی چ هەڵەیەك بوو باسی بکە؟

4-بەسەرهاتی حەمنە لە مزگەوتی مەدینەدا چۆن بوو؟

5-گرنگترین رووداوی ئەم بەسەرهاتە لەلای تۆ کامە بوو؟

## حاتیبی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

یەکێکی تر لە هاوەڵە خۆشەویستەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ناوی حاتیبی کوڕی عەمر بوو، بەڵام باوکی زیاتر بە ئەبوو بەلتەعە ناسرابوو.

ئەم هاوەڵە هەر زوو لە مەککە موسڵمان بوو و بەرگەی سەختی و ناڕەحەتیەکانی بێباوەڕانی قوڕەیشی گرت، کاتێك موسڵمانان مۆڵەتیان پێدرا کۆچ بکەن بۆ مەدینە، حاتیبیش هاودەم بە سەعد کۆچی کرد بۆ مەدینە.

دواتر کە پێغەمبەر(ﷺ) هاتە مەدینەو لەوێ برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، هەریەك لە حاتیب و عوەیمی کرد بە برای یەك.

حاتیب لە ژیانی ڕۆژانەیدا سەرقاڵی کاری بازرگانی خواردەمەنی بوو، لە ڕووی جەنگاوەریشەوە زۆر ناسراو و بەهێز بوو و یەکێك بوو لە تیرهاوێژە زۆر بەناوبانگەکان، لە جەنگی دژ بە بێباوەڕاندا ڕیزی پێشەوەی دەگرتو دلێرانە دەجەنگا و لە غەزای بەدر و ئوحود و غەزاکانی تریشدا بەشدار بوو، هەروەها لە ڕێککەوتنی حودەیبیەو بەیعەتی ڕیزوانیشدا بەشداری کرد.

پرسیار: بەیعەتی ڕیزوان چیە؟

وەڵام: بەیعەتی ڕیزوان لە کاتی ڕێککەوتنی حودەیبیەدا ڕوویدا، کاتێك بە درۆ هەواڵ گەیشت کە بێباوەڕان عوسمانی کوڕی عەففانیان شەهید کردووە، پێغەمبەر (ﷺ) لە ژێر سێبەری دارێکدا بوو و داوای کرد لە موسڵمانان بێنو بەیعەت و بەڵێن

بدەن تۆڵە لە بێباوەڕان بکەنەوە، موسڵمانانیش بەیعەتیان دا و خوای گەورەش بە ئایەتی قورئان رازی بوونی خۆی لەو هاوەڵانە باسکرد.

لە گەرمەی غەزای ئوحوددا حاتیب دەنگێکی بیست هاواری دەکرد موحەممەد کوژرا، ئەمیش تەواو شڵەژا و گەڕا بەدوای پێغەمبەردا (ﷺ) تا بینی لەگەڵ عەلی کوڕی ئەبووتالیبدایە و خەریکە دەموچاوی دەشوات، وتی ئەوە کێ وای لێکردیت؟ وتی عوتبەی کوڕی ئەبی وەقاص، ئینجا وتی ئەی عوتبە بەرەو کوێ چوو؟ ئەویش وتی ڕووەو فڵانەشوێن چوو، خێرا حاتیب چوو تا خۆی گەیاند بە عوتبە و کوشتی و چەك و ئەسپەکەی عوتبەی هێنا بۆ پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەریش (ﷺ) شتەکانی بەخشی بە حاتیب و نزای خێری بۆ کرد و دوو جار پێی فەرموو خوا لێت ڕازی بێت.

پاش گەڕانەوە لە حودەیبیەوە پێغەمبەر(ﷺ) حاتیبی وەك نوێنەر نارد بۆ لای مقوقسی بەرپرسی ئەسکەندەریە، مقوقس بانگی کرد و وتی سەبارەت بەو هاوڕێیەت قسەم بۆ بکە، مەگەر ئەو پێغەمبەری خوا (ﷺ) نیە؟ حاتیب وتی با ئەو نێردراوی خوایە، وتی ئەی بۆچی کاتێك قەومەکەی دەریانکرد نزای نەکرد لە هۆزەکەی خۆی؟ ئەویش وتی ئەی تۆ شایەتی دەدەیت عیسای کوڕی مەریەم نێردراوی خوایە؟ ئەی کاتێك قەومەکەی ویستیان لەخاچی بدەن بۆچی نزای نەکرد لێیان تا ئەوەی خوای گەورە بەرزی کردەوە بۆ لای خۆی، مقوقس وتی زۆر جوانە، تۆ کەسێکی دانایت و لەلای دانایەکەوە هاتویت، ئەوەبوو بە حاتیبدا بڕێك دیاری نارد بۆ پێغەمبەر(ﷺ).

حاتیب لەپێش فەتحی مەککەدا هەڵەیەکی کرد کە خەریك بوو زیانی گەورە بە موسڵمانان بگەیەنێت، جا ئەمە بەسەرهاتەکەیەتی:

عەلی کوڕی ئەبوو تالیب دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) من و زوبەیر و میقدادی نارد و فەرمووی (بڕۆن تا دەگەنە باخچەی خاخ لەوێ ئافرەتێکی لێیە کە نامەیەکی پێیە، ئەو نامەی لێ وەربگرن)، ئێمەش خێرا چووین تا گەیشتینە ئەوێ و بینیمان ئافرەتێکی لێیە، پێمان وت نامەکەمان بدەرێ، ئەویش وتی نامەم پێ نیە، وتمان پێغەمبەر(ﷺ) هەواڵی پێداوین کە تۆ نامەیەکت پێیە، ئافرەتەکە نامەکەی لە نێو پرچەکانی دەرهێنا، بینیمان حاتیب ئەو نامەی نووسیبوو بۆ بێباوەڕانی ناو مەککەو هەندێ زانیاری پێغەمبەری (ﷺ) پێگەیاندبوون، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی (ئەی حاتیب ئەمە چیە؟) وتی ئەی پێغەمبەری (ﷺ) گوێم لێ بگرە، من لەناو قورەیشدا کەسێکی بێدەسەڵات بووم، تۆ کۆچەرانێکت لەگەڵە کە خزم و کەسیان هەیە لە مەککەو ئەو خزمانەیان ژن و منالّ و مالّ و سامانیان دەپارێزن، منیش وتم مادەم هیچ کەس و پشتێکم نیە لەوێ، با بەمە پارێزگاری لە خۆم بکەم، ئەمەشم لەبەرئەوە نەکردووە کە وازم هێنابێت لە ئاینەکەم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی حاتیب ڕاست دەکات، عومەر وتی ئەی پێغەمبەر(ﷺ) ڕێم بدە بدەم لە گەردنی ئەو دووڕووە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی (ئەو بەشداری غەزای بەدر بووە، تۆ چووزانیت خوا ئاگادارە بە بەشداربوانی بەدر و فەرموویەتی چی دەکەن بیکەن من لێتان خۆش بوم).

## پەندو وانە:

دەبێت زۆر وریا بین لە خۆمانەوە ئیشێ نەکەین کە دواتر ببێتە مایەی زیان بۆ ئایین و خاك و خەڵکەکەمان، چونکە جاری وا هەیە کارێك دەکەین و بە سادە و بچووك تەماشای دەکەینەوە، بەڵام ئەنجامی گەورەی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە زۆر پێویستە ڕاوێژ بکەین بە کەسی زانا و گەورەتر لە خۆمان.

جارێك خزمەتكارێكی حاتیب هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و گلەیی هەبوو لە حاتیب و وتی بە دڵنیاییەوە حاتیب دەچێتە دۆزەخەوە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (درۆت كرد، هەرگیز ناچێتە دۆزەخەوە، چونكە ئەو لە غەزای بەدرو حودەیبیەدا بەشداربووە)، ئەمەش موژدەیەكی خۆش بوو بۆ حاتیب كە هەرگیز دۆزەخ نەبینێت، واتە بەهەشت شوێنی دەبێت.

دواجار حاتیب لە سەردەمی خیلافەتی عوسمانی كوڕی عەففاندا كۆچی دوایی كرد و تەمەنی شەست و پێنج ساڵ بوو، خەلیفەش نوێژی مردووی لەسەركرد.

**پرسیار:**

1-حاتیب لە ژیانی ڕۆژانەیدا سەرقاڵی چی بوو؟

2-بۆچی حاتیب چوو بۆ لای مقوقس؟

3-كارەكەی حاتیب چ هەڵەیەكی تێدا بوو؟

4-بەسەرهاتی خزمەتكارەكەی حاتیب چۆن بوو؟

5-دەتوانیت ژیانی حاتیب باس بكەیت بۆ هاوڕێیەكت؟

## زوبەیری کوڕی عەووام (رضي الله عنه)

ئەمجارەیان دەچینە خزمەتی یەکێکی تر لە پیاوە هەڵکەوتەکانی ناو هاوەڵان کە هەر لە دنیادا موژدەی بەهەشتی پێ دراوە، ئەویش زوبەیری کوڕی عەووامە، بە حەواری پێغەمبەر (ﷺ) ناسراوە و پوورزای پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، چونکە دایکی کە ناوی صەفییەیە خوشکی عەبدوڵای باوکی پێغەمبەری خوایە(ﷺ).

زوبەیر منداڵ بوو کە باوکی کۆچی دوایی کرد، ئیتر نەوفەلی مامی سەرپەرشتی دەکرد، جا هەندێ جار صەفییە دەیدا لە زوبەیر، مامیشی دەیوت وا توند لێی مەدە، ئەڵێیت لە دوژمن دەدەیت و ڕقتە لێی، صەفییەش دەیوت من بۆ تەمبێ کردن وا لێی دەدەم بۆ ئەوەی بەرگە بگرێت و کەسێکی گەورەی لێ دروست بێت.

زوبەیر تەمەنی نزیکەی شانزە ساڵان بوو کە موسڵمان بوو، زوبەیر چوارەم یان پێنجەم کەس بوو موسڵمان بوو و لەسەر دەستی ئەبووبەکری صدیق موسڵمان بوو، لەپێناو ئیسلامدا ناڕەحەتی زۆری چەشت، مامی زوبەیر کە زانی زوبەیر موسڵمان بووە کەوتە ئازاردانی، لەسەر حەسیرێك ڕایدەکێشا و دواتر دووکەڵی بەسەردا دەکرد، هەر ئازارو ئەشکەنجەیەکی دەدا تا زوبەیر وازبهێنێت لە ئیسلام، ئەویش دەیوت هەرگیز وازناهێنم.

دواتر زوبەیر هاودەم بە موسڵمانان کۆچی کرد بۆ حەبەشە، بەڵام لەوێ زۆر نەمایەوەو گەڕایەوە بۆ مەککە، دوای ئەوە چوویە داوای ئەسمائی کچی ئەبووبەکر، کە هاوسەرگیرییان کرد هەردووکیان پارێزگارییان کرد لە دینەکەیان تا ئەو کاتەی کۆچیان کرد بۆ مەدینەو لەوێ کوڕێکیان بوو ناویان نا عەبدوڵا.

زوبەیر لە غەزای بەدردا بەشداری کرد و مێزەرێکی زەردی بەستبوو و ئەسپێکی پێ بوو و لە بەرەی ڕاستەوە بوو، تیایدا دوو جار بریندار بوو، برینەکەی هێندە قووڵ بوو کە پەنجە لە هەر برینێکیدا ون دەبوو، لە غەزاکەدا فریشتەکان لەسەر شێوەی زوبەیر دابەزین و مێزەرێکی زەردیان لەسەر بەستبوو، هەروەها زوبەیر لە غەزای ئوحود و خەندەق و خەیبەریشدا بەشداری کرد، لە خەندەقدا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (کێ هەواڵی دوژمنمان بۆ دێنێت؟)، زوبەیر وتی من، پێغەمبەر (ﷺ) هەمدی ئەوەی دووبارە کردەوە، دووبارە زوبەیر وتی من، پێغەمبەر (ﷺ) بۆ جاری سێیەم هەمان شتی دووبارە کردەوە، زوبەیر هەمدی وتی من، پێغەمبەر (ﷺ) ئەوکات فەرمووی: (هەر پێغەمبەرێك حەواری هەبووە، حەواریەکەی منیش زوبەیرە).

زوبەیر لە فەتحی مەککەشدا بەشدار بوو و دوو ئاڵای بە دەستەوە بوو، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) ئاڵاکەی سەعدی کوڕی عوبادەشی دایە دەستی، هەروەها ئاڵاکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەدەست زوبەیرەوە بوو.

جارێك زوبەیر لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) و چەند هاوەڵێکی تر لەسەر کێوی حیراء وەستابوو، کێوەکە لەریەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئارام بگرە حیراء، چونکە ئەوەی بەسەرتەوەیە یان پێغەمبەرە یان صدیقە یان شەهیدە)، ئەو دەمەش هەریەك لە پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکر و عومەر و عوثمان و عەلی و طەلحەو زوبەیر و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص لەسەر کێوەکە بوون، ئەمەش شایەتیەك بوو بۆ شەهیدبوونی زوبەیر.

زوبەیری کوڕی عەوام دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (ئەگەر یەکێك لە ئێوە گوریسەکەی هەڵگرێت و کۆڵێ داری پێ بهێنێت و بیدات بە کۆڵیدا و بیبات

بيفرۆشێت ... ئەوە زۆر باشترە بۆی لەوەی داوا لە خەڵك بكات، ئيتر ئايا پێيبدەن يان پێی نەدەن).

## پەندو وانە:

سواڵكردن كارێكی ناپەسەندو خراپەو منداڵی موسڵمان دەبێت هەر لە سەرەتاوە خۆی فێری ئيشێكی پاك و چاك بكات تا لە داهاتوودا خۆی بژێوی ژيانی پەيدا بكات و داوا لە كەس نەكات، چونكە خوای گەورە ئەوەی پیێ خۆشە.

عومەری كوڕی خەتتاب دەڵێت: جارێك بينيم پێغەمبەری خوا (ﷺ) خەوتبوو و زوبەيريش لە كەنارييەوە دانيشتبوو و باوەشێنی دەكرد و مێشوولەی لیێ دووردەخستەوە، هەتا پێغەمبەر (ﷺ) لە خەو هەستا زوبەير هەر وايكرد، كە پێغەمبەر (ﷺ) هەستا فەرمووی: (تا ئێستاش هەر بەردەواميت) ئەويش وتی بەڵیێ بەدايك و باوكمەوە بەقوربانت بم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئەوە جيبريلە سەلامت لێدەكات و دەفەرمويت: من لە ڕۆژی دواييدا لەگەڵت دەبم و گڕی دۆزەخ لە دەموچاوت دوور دەگرم).

زوبەير دوای وەفاتی پێغەمبەريش (ﷺ) ژيا و لە خەليفەكانەوە نزيك بوو و لە جەنگ و جيهادی ڕێی خواشدا بەشداری كرد، لە سەردەمی عومەردا صەفييەی دايكی كۆچی دوايی كرد، خەليفە نوێژی لەسەر كرد و لە گۆڕستانی بەقيع ئەسپەردە كرا.

كاتێك عوسمانی كوڕی عەففان شەهيد كرا، زوبەير زۆر خەفەتی بەوە خوارد و بەڵێنی دا تۆڵە لە بكوژانی بكاتەوە، بۆيە لەگەڵ عائيشەی دايكی باوەڕداران و تەلحەدا چوون بەرەو بەصرە تا لەویێ سوپا كۆبكەنەوەو بكوژانی عوسمان لەناوبەرن،

خەلیفەی موسڵمانانیش کە عەلی کوڕی ئەبووتالیب بوو وایزانی لە دژی ئەو کۆبوونەتەوە، بۆیە چوو تا لە مەسەلەکە بکۆڵێتەوە، هەردوولا دانیشتنیان کرد و لەوە تێگەیشتن مەبەستی هەردووکیان لەناوبردنی بکوژەکانی ئیمامی عوسمانە، بۆیە بڕیاریان دا بگەڕێنەوە، بەڵام بکوژانی ئیمامی عوسمان کە بەمەیان زانی وتیان ئەگەر شتێ نەکەین ئەمانە لەناومان دەبەن، دواجار پیلانیان دانا ببن بە دوو بەشەوە، هەر بەشێکیان بچێتە ناو یەکێك لەو دوو سوپایەو لەوێوە دەست بکەن بە تیر هاویشتن بۆ ئەوەی جەنگ ڕووبدات و ئەمان ڕزگاریان بێت، پیلانەکەشیان سەری گرت و جەنگەکەیان هەڵگیرساند، زوبەیر کە زانی ناحەزان جەنگەکەیان هەڵگیرساندووە وازی لە جەنگ هێنا و کەناری گرت، بەڵام یەکێك لە ناحەزەکان هاتو زوبەیری شەهید کرد.

## پەندو وانە:

دەبێت وریای پیلانی دووڕووان و دوژمنانی ئیسلام بین، ئەوان دەزانن دەرەقەتی موسڵمانان نایەن، بۆیە هەموو هەوڵیان ئەوەیە نێوانی موسڵمانان تێکبدەن و جەنگی ناوخۆیی لەنێویاندا هەڵبگیرسێنن، بۆیە هەرکات کەسێك ویستی نێوانمان لەگەڵ کەسێکی موسڵمان تێك بدات، دەبێت بە وردی بە دوای قسەکانیدا بچین بزانین ڕاست دەکات، هەروەها وریابین تەڵەمان بۆ نەنێتەوە.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو (دە کەس لە بەهەشتدان: پێغەمبەر (ﷺ) لە بەهەشتدایە، ئەبووبەکر لە بەهەشتدایە، عومەر لە بەهەشتدایە، عوسمان لە بەهەشتدایە، عەلی لە بەهەشتدایە ... زوبەیری کوڕی عەووام لە بەهەشتدایە ...).

**پرسیار:**

1- زوبەیر چۆن موسڵمان بوو؟

2- خزمایەتی زوبەیر و پێغەمبەر (ﷺ) چۆن بوو؟

3- باسی هاوسەرگیری زوبەیر بکە.

4- پیلانی ناحەزان بۆ تێکدانی نێوان موسڵمانان چۆن بوو؟

5- بە پێی کام فەرموودە زوبەیر دەچێتە بەهەشتەوە؟

## سەعیدی کوڕی زەید( رضي الله عنه )

یەکێکی تر لە هاوەڵە موژدەپێدراوەکانی پێغەمبەر (ﷺ) کە موژدەی بەهەشتی پێدراوە ناوی سەعیدی کوڕی زەیدە، ئەم هاوەڵە یەکێکە لەوانەی زۆر زوو موسڵمان بوو.

زەیدی باوکی بۆ ئەوەی بتەکانی مەککە نەپەرستێ چوو بەرەو شام و لەوێ ئایینی جوولەکەو مەسیحیەتی بینی، بەڵام دینداریەکەی ئەوانیشی بەدڵ نەبوو، بۆیە وتی خوایە من لەسەر دینی ئیبراهیم پێغەمبەرم.

سەعید دەڵێت وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) باوکم بەو حاڵەوە مرد کە دەتزانی، ئەگەر بگەیشتایە بە سەردەمی تۆ بە دڵنیاییەوە باوەڕی پێ دەهێنایت، دەی ئایا داوای لێخۆشبوونی بۆ بکەم، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی بەڵێ، ئەو لە ڕۆژی دواییدا بە تەنها وەك ئوممەتێك زیندوو دەکرێتەوە.

سەعید لەسەر ئیسلام ئازارو ئەشکەنجەی چەشت، خۆی دەڵێت عومەری کوڕی خەتتاب پێش ئەوەی موسڵمان بێت لەسەر موسڵمان بوونم من و خوشکەکەی خۆیشی دەبەستەوە، چونکە خوشکەکەی عومەر هاوسەری سەعید بوو.

موسڵمانبوونی عومەری کوڕی خەتتاب لە ماڵی سەعیددا بوو، خەبباب دەچوو بۆ ماڵی فاتیمەی خوشکی عومەری کوڕی خەتتاب کە لەگەڵ سەعیدی کوڕی زەیدی مێردی موسڵمان بووبوون، خەبباب لەوێ قورئانی فێری فاتیمەو مێردەکەی دەکرد، ڕۆژێك عومەری کوڕی خەتتاب کە هێشتا موسڵمان نەبووبوو چوو بۆ ماڵی فاتیمەی خوشکی کاتێك بیستبووی خوشکەکەی موسڵمان بووە، کە نزیك بوویەوە گوێی لە

قورئان خوێندنەکەی خەبباب بوو، کە چوویە ژوورەوە دای لە فاتیمەی خوشکی و خوێن لە دەموچاوی هات، عومەر کە ئەوەی بینی پەشیمان بوویەوە، پاشان داوای کرد ئەو قورئانەی دەیانخوێند بیدەنە دەستی، فاتیمە وتی تا خۆت نەشۆیت نایدەمە دەستت، عومەر خۆی شۆرد و قورئانەکەی وەرگرت و خوێندیەوە، وتی وتەکانی چەند جوانن، خەبباب کە ئەمەی بیست خێرا وتی ئەی عومەر سوێند بەخوا هیوام هەیە خوای گەورە نزای پێغەمبەری بۆ گیرا کردبێت، چونکە من دوێنێ شەو گوێم لێ بوو نزای دەکرد و فەرمووی: خوایە بە موسڵمانبوونی ئەبولحەکەمی کوڕی هیشام یان بە موسڵمان بوونی عومەری کوڕی خەتتاب پاڵپشتی ئیسلام بکە(ئیسلام سەربخە)، دەی عومەر دەرفەت لەدەست مەدە، عومەریش وتی ئەی خەبباب دەی بمبە بۆ لای موحەممەد تا موسڵمان بم، خەببابیش پێی وت پێغەمبەر (ﷺ) لە کوێیە، عومەریش چوو و موسڵمان بوو.

سەعید کۆچی کرد بۆ مەدینە، کە گەیشتە ئەوێ لە ماڵی یەکێك لە هاوەڵە پشتیوانیەکان دابەزی کە ناوی ریفاعە بوو.

سەعید لە غەزای بەدردا لە مەدینە نەبوو، بۆیە نەیتوانی بەشداری غەزای بەدر بێت، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) لە دەستکەوتەکاندا بەشی سەعیدی دانا، بەڵام لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد، دواتریش بەشداری غەزاکاتی تری کرد.

پرسیار: بۆچی سەعید لە غەزای بەدردا بەشداری نەکرد؟

وەڵام: چونکە سەعید ئەو کاتە چووبوو بۆ شام، تا گەڕایەوە غەزاکە تەواو بووبوو.

سەعید ئەو فەرموودەیەی گێڕاوەتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) موژدەی بەهەشتی دە کەسی داوە، سەعید دەڵێت لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیست دەیفەرموو: (دە کەس لە بەهەشتدان: پێغەمبەر (ﷺ) لە بەهەشتدایە، ئەبووبەکر لە بەهەشتدایە، عومەر لە بەهەشتدایە، عوسمان لە بەهەشتدایە، عەلی لە بەهەشتدایە، تەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا لە بەهەشتدایە، زوبەیری کوڕی عەووام لە بەهەشتدایە، سەعدی کوڕی مالیك لە بەهەشتدایە، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف لە بەهەشتدایە)، ئینجا وتی بمویستایە کەسی دەیەمیشم دەوت، وتیان کێیە؟ بێدەنگ بو، دواتر زۆریان لێکرد تا بیڵێت، ئەویش وتی سەعیدی کوڕی زەید.

کاتێك عومەری کوڕی خەتتاب وەفاتی کرد، سەعید زۆر گریا، پێیان وت بۆچی دەگریت؟ وتی بۆ ئیسلام دەگریم، گورزێکی بەرکەوتووە تا ڕۆژی دوایی شوێنەواری دەمێنێت.

جارێك ئافرەتێك چوو بۆ لای مەڕوانی کوڕی حەکەم کە والی مەدینە بوو، وتی سەعید بەشێك لە زەویەکەی منی داگیر کردووە، مەڕوانیش ناردی بە شوێن سەعیددا تا لێپێچینەوەی لەگەڵ بکات، سەعید وتی من شتی وام نەکردووە، خوایە ئەگەر ئەم ئافرەتە درۆ دەکات چاوەکانی لێ وەرگریتەوەو لە زەوی خۆیدا بیکوژیت، ئەوەبوو ئەو ئافرەتە نەمرد تا بینایی لەدەستدا، پاشان جارێك بەناو زەویەکەیدا دەڕۆیشت کە کەوتە چاڵێکەوەو مرد.

دواجار زەید لە کووفە و لە ساڵی پەنجاو دووی کۆچیدا وەفاتی کرد، تەمەنی نزیکەی حەفتاو ئەوەندە ساڵ بوو، عەبدوڵای کوڕی عومەر تەرمەکەی شۆرد و کفنی کرد و نوێژی لەسەر کرد.

**پرسیار:**

1- پەیوەندی نێوان سەعید و عومەری کوڕی خەتتاب چۆن بوو؟

2- بۆچی سەعید بەشداری غەزای بەدری نەکرد؟

3- ئەو فەرموودەی سەعید گێڕایەوە کامەیە؟

4- بەسەرهاتی سەعید و ئافرەتەکە چی بوو؟

5- ئەم ژیانە بۆ یەکێك لە خۆشەویستەکانت باس بکە.

## تەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا (رضي الله عنه)

یەکێکی تر لە مژدەپێدراوانی بەهەشت ناوی تەلحەی کوڕی عوبەیدوڵایە، ئەم هاوەڵە لە کۆچەرانە یەکێکە لەو هەشت کەسەی کە یەکەمجار موسڵمان بوون.

کاتێك ئەبووبەکر موسڵمان بوو خێرا چوو بۆ لای عوسمانی کوڕی عەففان و تەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا و زوبەیری کوڕی عەووام و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص و باسی ئیسلامی کرد بۆیان و بانگهێشتی کردن بۆ ئیسلام، هەموو ئەوانیش موسڵمان بوون، ئەمانە چوونە خزمەت پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، ئەویش باسی ئیسلامی بۆ کردن و قورئانی خوێندەوە بۆیان و مافەکانی ئیسلام و بەڵێنی خوای بۆ خستنەڕوو، ئەوانیش باوەڕیان هێنا.

تەلحە دەڵێت جارێك لە بازاڕی بوصرا بووم کە ڕاهیبێك (خواناسێکی مەسیحی) لە پەرستگاکەی خۆیدا بوو، وتی پرسیار بکەن لەم خەڵکە بزانن کەسیان تێدایە خەڵکی مەککە بێت؟ منیش وتم بەڵێ من، وتی ئایا هێشتا ئەحمەد دەرنەکەوتووە؟ وتم ئەحمەد کێیە؟ وتی کوڕی عەبدوڵا، ئەو کۆتای پێغەمبەرانە و لە مەککە دەردەکەوێت و کۆچ دەکات بۆ شاری دارخورما (مەدینە)، وریابە زوو خۆتی پێ بگەیەنە، منیش قسەکانی چوویە دڵمەوەو خێرا گەڕامەوە بۆ مەککەو وتم هیچ ڕوویداوە؟ وتیان موحەممەدی کوڕی عەبدوڵا باسی پێغەمبەرایەتی دەکات و ئەبووبەکریش شوێنی کەوتووە، منیش چوم تا خۆم گەیاند بە ئەبووبەکر و وتم ئایا شوێنی ئەو پیاوە کەوتویت؟ وتی بەڵێ، تۆیش برۆ شوێنی بکەوە چونکە بانگەواز بۆ حەق دەکات، منیش بەسەرهاتەکەم بۆ باسکرد، ئەبووبەکریش لەگەڵم هات بۆ لای

پێغەمبەر (ﷺ) و لەوێ موسڵمان بووم و بەسەرهاتەکەشم بۆ پێغەمبەر (ﷺ) گێڕایەوەو ئەویش بەوە دڵخۆش بوو.

## پەندو وانە:

لە هەموو ئایینەکانی پێش ئیسلامدا باسی هاتنی پێغەمبەری ئیسلام کراوەو زاناکانیان ئەوەیان دەزانی، جا کاتێك باوەڕیان نەهێنا، ویستیان خەڵکی تری سەر بە ئایینەکەیان شوێن ئیسلام نەکەون، بۆیە دەستکاری دەقەکانی ناو کتێبە پیرۆزەکانیان کرد و لە هەر شوێنێدا باسی پێغەمبەری ئیسلامی تێدا بوایە دەیانسڕیەوە.

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) ویستی کۆچ بکات بۆ مەدینە، تەلحە لە شامەوە جلی سپی ناوازەی هێنابوو، دوو جلی بە دیاری نارد بۆ ئەبووبەکر و پێغەمبەر (ﷺ)، ئەوانیش ئەو جلانەیان پۆشی و بەو جلانەوە چوونە ناو مەدینە.

پێش ئەوەی غەزای بەدر ڕووبدات، پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی زانی کە کاروانی قوڕەیشیان دەگەڕێتەوە، بۆیە سەعیدی کوڕی زەیدی هاودەم بە تەلحە نارد تا هەواڵی کاروانەکەی بۆ بهێنن، ئەوانیش زانیاری وردیان هێنا بۆ پێغەمبەر (ﷺ).

تەلحە لە غەزای بەدردا بەشداری نەکرد، چونکە لەو کاتدا لە شام بوو و خەریکی بازرگانی بوو، دواتریش زۆر دڵتەنگ بوو بەو ئامادەنەبوونەی، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) لە دەستکەوت و پاداشتدا بەشداری کرد.

تەلحە لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و ڕۆڵێکی کارای بینی، کاتێك خەڵکی لە دەوری پێغەمبەر (ﷺ) بڵاوەیان کرد، تەنها دوانزە کەس لە دەوری مانەوە، یەکێك

لەوانە تەلحە بوو، جا بێباوەڕان دەیانویست خۆیان بگەیەنن بە پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی کێ بەرامبەریان دەوەستێت؟ تەلحە وتی من، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی لە شوێنی خۆت بە، یەکێك لە پشتیوانان وتی من ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، فەرمووی دەی تۆ بجەنگە، کابرا جەنگا تا شەهید بوو، دواتر تەماشای کرد هێشتا بێباوەڕان دێن، فەرمووی کێ ڕێیان پێ دەگرێت؟ هەمدی تەلحە وتی من، پێغەمبەر (ﷺ) هەمان شتی پێ فەرموو و ئەمجارەش کابرایەکی پشتیوانی چوو تا ئەویش شەهید بوو، بەردەوام بەو جۆرە بوو تا هەموو پشتیوانیەکانی دەوری شەهید بوون، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی کێ ڕێیان پێ دەگرێت؟ تەلحە وتی من، جەنگی یانزە کەسی کرد تا شمشێر بەر دەستی کەوت و پەنجەکانی بڕا، تەلحە وتی ئاخ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەگەر بتوتایە بەناوی خوا فریشتەکان بەرزیان دەکردیتەوەو خەڵکیش تەماشایان دەکرد، دواتر خوای گەورە بێباوەڕانی تێکشکاند.

تەلحە لە غەزای خەندەق و سەرجەم غەزاکانی دواتریشدا بەشداری کرد.

پێغەمبەر (ﷺ) زۆر ڕێزی لە توانا و چاکی تەلحە دەنا، ئەوەبوو هەرجارەو نازناوێکی لێدەنا.

پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (هەرکەس حەز دەکات سەیری شەهیدێك بکات کە بەسەر زەویدا دەچێت بە ڕێدا، ئەوە با تەماشای تەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا بکات).

جارێك پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر کێوی حیراء وەستابوو، کێوەکە لەریەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئارام بگرە حیراء، چونکە ئەوەی بەسەرتەوەیە یان پێغەمبەرە یان صدیقە یان شەهیدە)، ئەو دەمەش هەریەك لە پێغەمبەر (ﷺ) و

ئەبووبەکر و عومەر و عوسمان و عەلی و تەلحەی کوڕی عوبەیدوڵاو زوبەیری کوڕی عەووام و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص لەسەر کێوەکە بوون.

هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو (تەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا لە بەهەشتدایە).

تەلحە لە سەردەمی خیلافەتی ئەبووبەکری صدیق و عومەری کوڕی خەتتابیشدا ژیانێکی ئاسایی بردەسەر، لە دواساتەکانی خیلافەتی عومەری کوڕی خەتتابیشدا، پاش ئەوەی عومەری کوڕی خەتتاب پێکرا، شەش کەسی ڕاسپارد تا لەنێو خۆیاندا کەسێك دیاری بکەن بۆ خیلافەت، ئەوانیش بریتی بوون لە عەلی کوڕی ئەبوو تالیب، عوسمانی کوڕی عەففان، تەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا، زوبەیری کوڕی عەووام، سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف، ئەوەبوو عوسمانی کوڕی عەففانیان کرد بە خەلیفە.

کاتێك عوسمانی کوڕی عەففان شەهید کرا، تەلحە زۆر خەفەتی بەوە خوارد و بەڵێنی دا تۆڵە لە بکوژانی بکاتەوە، بۆیە لەگەڵ عائیشەی دایکی باوەڕداران و زوبەیردا چوون بەرەو بەصرە تا لەوێ سوپا کۆبکەنەوەو بکوژانی عوسمان لەناوبەرن، خەلیفەی موسڵمانانیش کە عەلی کوڕی ئەبووتالیب بوو وایزانی لە دژی ئەو کۆبوونەتەوە، بۆیە چوو تا لە مەسەلەکە بکۆڵێتەوە، هەردوولا دانیشتنیان کرد و لەوە تێگەیشتن مەبەستی هەردووکیان لەناوبردنی بکوژەکانی ئیمامی عوسمانە، بۆیە بڕیاریان دا بگەڕێنەوە، بەڵام بکوژانی ئیمامی عوسمان کە بەمەیان زانی وتیان ئەگەر شتێ نەکەین ئەمانە لەناومان دەبەن، دواجار پیلانیان دانا ببن بە دوو بەشەوە، هەر بەشێکیان بچێتە ناو یەکێك لەو دوو سوپایەو لەوێوە دەست بکەن بە تیر هاویشتن بۆ

ئەوەی جەنگ ڕوویدات و ئەمان ڕزگاریان بێت، پیلانەکەشیان سەری گرت و جەنگەکەیان هەڵگیرساند، زوبەیر کە زانی ناحەزان جەنگەکەیان هەڵگیرساندووە وازی لە جەنگ هێنا و کەناری گرت، بەڵام یەکێك لە ناحەزەکان هاتو زوبەیری شەهید کرد.

## پەندو وانە:

دەبێت وریای پیلانی دووڕووان و دوژمنانی ئیسلام بین، ئەوان دەزانن دەرەقەتی موسڵمانان نایەن، بۆیە هەموو هەوڵیان ئەوەیە نێوانی موسڵمانان تێکبدەنو جەنگی ناوخۆیی لەنێویاندا هەڵبگیرسێنن، بۆیە هەرکات کەسێك ویستی نێوانمان لەگەڵ کەسێکی موسڵمان تێك بدات، دەبێت بە وردی بە دوای قسەکانیدا بچین بزانین ڕاست دەکات، هەروەها وریابین تەڵەمان بۆ نەنێتەوە.

## پرسیار:

1- هۆکاری موسڵمانبوونی تەلحە چی بوو؟

2-بۆچی تەلحە لە غەزای بەدردا بەشداری نەکرد؟

3- پێغەمبەر (ﷺ) سەبارەت بە تەلحە چی بە هاوەڵان فەرموو؟

4-تەلحە بۆ تۆڵەی خوێنی عوسمانی کوڕی عەففان چی کرد؟

5-ئەم ژیانە بۆ کەسێکی خۆشەویستت باس بکە.

## عەبدوڵای کوڕی زوبەیر (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی زوبەیرە و یەکێکە لە هاوەڵە گەنجەکانی دەوری پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، زوبەیری باوکی یەکێك بوو لە هاوەڵە ناسراوەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و لەم کتێبەدا ژیانەکەیمان باسکردووە.

دایکیشی ناوی ئەسمائی کچی ئەبووبەکر بوو کە یەکێك بوو لە ئافرەتە زۆر خواناسەکان و خوشکە گەورەی عائیشەی دایکی باوەڕداران بوو.

عەبدوڵای کوڕی زوبەیر لە یەکەم ساڵی کۆچیدا لەدایك بوو و یەکەم منداڵی لەدایکبووی کۆچەران بوو پاش کۆچ بۆ مەدینە.

عەبدوڵا تەمەنی نزیکەی حەوت یان هەشت ساڵان دەبوو کە زوبەیری باوکی بردی بۆ لای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) تا بەیعەت بدات، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کە بینی وا عەبدوڵا دێت، بزەیەکی کرد و بەیعەتی لێوەرگرت.

عەبدوڵا لە سەردەمی خیلافەتی ئەبوبەکری صدیقدا هێشتا تەمەنێکی کەمی هەبوو، لەو ماوەو دواتریشدا عائیشەی پووری زۆر نازی دەکێشا، هاوکات سوودێکی زۆری وەردەگرت لە زانستی دایکی باوەڕداران عائیشە، عوروەی برای عەبدوڵا دەڵێت خۆشەویستترین کەس لای عائیشە لە دوای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و ئەبووبەکرەوە عەبدوڵای کوڕی زوبەیر بوو.

عەبدوڵا لە سەرەتای تەمەنی پێگەیشتنیدا بوو کە هاودەم بە باوکی بەشداری جەنگی یەرمووکی کرد.

جارێك عومەری كوڕی خەتتاب چوو بە كۆڵانێكدا كە برێك منداڵ يارييان دەكرد و عەبدوڵاش لەنێوياندا بوو، منداڵەكان هەموو ڕايانكرد تەنها عەبدوڵا نەبێت، عومەری كوڕی خەتتاب وتی بۆچی تۆيش ڕاتنەكرد؟ عەبدوڵا وتی تاوانم نەكردووە تا لێت بترسم، ڕێگەكەش تەسك نيە تا ڕێت بۆ فراوان بكەم.

عەبدوڵا لە سەردەمی عوسمانی كوڕی عەففاندا بەشداری جەنگی دژ بە بێباوەڕانی كرد و ڕۆڵێكی گەورەی بينی، هەروەها بەشداری كرد لە نووسينەوەی قورئاندا.

لەو كاتەی عوسمانی كوڕی عەففان لەلايەن ئاشوب گێڕ و خراپەكارەكانەوە گەمارۆ درا، عەبدوڵای كوڕی زوبەير هاودەم بە ئيبن عومەر و حەسەن و حوسەين و چەند گەنجێكی تر وەستان تا بەرگری لە خەليفە بكەن، خەليفەش سوێندی دان كە وازبهێنن و بچنەوە ماڵەوە، بەڵام عەبدوڵا و حەسەنی كوڕی عەلی نەچوونەوەو بەرگرييان لێكرد، عەبدوڵا چەندين شمشێر و تيری بەركەوت و زۆر بريندار بوو، هەروەها حەسەنی كوڕی عەليش بريندار بوو.

كاتێك زوبەيری باوكی شەهيد كرا، ئينجا عەبدوڵا دەستی كرد بە دانەوەی قەرزەكانی باوكی، زوبەير دەڵێت حسابم كرد قەرزەكانی نزيكەی مليۆنێك و دووسەد هەزار دەبوو، ئەوەبوو پشتی بە خوا بەست و دەستی كرد بە دانەوەی قەرزەكان.

لە سەردەمی موعاويەی كوڕی ئەبووسوفياندا عەبدوڵا و حەسەنی كوڕی عەلی چوون بۆ لای موعاويە، موعاويە كە حەسەنی بينی، وتی مەرحەبا لە نەوەی پێغەمبەر

(ﷺ)، ئینجا فەرمانی کرد سێ سەد هەزاری پێ بدرێت، بە عەبدوڵاشی وت مەرحەبا لە پوورزای پێغەمبەر (ﷺ) و فەرمانی کرد سەد هەزاری پێ بدرێت.

پاش مردنی یەزید و مردنی موعاویەی کوڕیشی، ئیتر بۆشاییەك لە دەسەڵاتدا دروست بوو، بۆیە عەبدوڵا بڕیاری دا ببێتە خەلیفەی موسڵمانان، بەڵام لەولاوە مەڕوانی کوڕی حەکەمیش دەیویست ببێت بە خەلیفە، جەنگ لە نێوانیاندا ڕوویدا و پاش جەنگو خوێن ڕژانێکی زۆر دواجار عەبدوڵا شەهید بوو و کۆتایی هات بە دەسەڵاتەکەی.

پەندو وانە:

زۆر پێویستە موسڵمانانی ئەمڕۆ سوود پەند وەربگرن لە هەڵەی موسڵمانان لە مێژوودا و نەهێڵن ئەو هەڵانە دووبارە بکرێنەوە، بەتایبەت لە مەسەلەی ناکۆکی نێوان موسڵماناندا، چونکە ناکۆکی نێوان موسڵمانان دەبێتە هۆی بەهێزی دوژمنەکەیان و لاوازبوونی خۆیان و لەدەستدانی شانو شکۆی موسڵمانان.

**پرسیار:**

1- عائیشەی هاوسەری پێغەمبەر (ﷺ) چی عەبدوڵا بوو؟

2- عەبدوڵا لە سەردەمی ئیمامی عوسماندا چ ڕۆڵێکی بینی؟

3- پاش شەهید بوونی زوبەیر، عەبدوڵا چی کرد؟

4- بۆچی عەبدوڵا ویستی ببێت بە خەلیفە؟

5- ناکۆکی نێوان موسڵمانان دەبێتە هۆی چی؟

## ( ئوممو سەلەمە ) ( دایکی باوەڕداران ) ( رچی الله عنها )

یەکێك لە خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ناوی هیندی کچی ئەبی ئومەییەیەو بە ئوممو سەلەمە ناسراوە، باوکی زۆر بەخشندە و بە سەخاوەت بوو.

پرسیار: بۆچی بە ئوممو سەلەمە دەڵێین دایك؟

وەڵام: چونکە هەموو خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) دایکی هەموو موسڵمانانن، ئەمەش لە قورئانی پیرۆزدا باسکراوە، بۆیە دەبێت وەك دایکی خۆمان رێزیان بگرین‌و نەهێڵین کەس قسەی ناڕەوایان بەرامبەر بکات.

ئەم هاوەڵە زۆر زوو لە مەککە هاودەم بە ئەبووسەلەمەی مێردی موسڵمان بوو و پێکەوە کۆچیان کرد بۆ حەبەشە، لەویێ لە وڵاتی غەریبیدا منداڵێکیان بوو ناویان نا عومەر، دواتر گەڕانەوە بۆ مەککەو لەوێوە کۆچیان کرد بۆ مەدینە.

ئوممو سەلەمە کوڕێکی تری هەبوو بەناوی سەلەمە و کچێکیشی هەبوو بە ناوی زەینەب.

ئوممو سەلەمە دەڵێت جارێك بە ئەبووسەلەمەم وت بیستوومە ئافرەت کە مێردەکەی مرد و لە دەستەی بەهەشتیەکان بوو و ئافرەتەکەش بەهەشتی بوو و شووی نەکردەوە، خوا لە بەهەشتدا کۆیان دەکاتەوە، بۆ پیاویش هەروا، دەی وەرە با من بەڵێنت پێ بدەم دوای تۆ شوو نەکەم و تۆیش دوای من ژن نەهێنیت، ئەبووسەلەمە وتی گوێڕایەڵم دەبیت؟ منیش وتم فەرمان بکە تا گوێڕایەڵت بم، عەبدوڵا وتی ئەگەر من مردم شوو بکە، دواتر وتی خوایە دوای من پیاوێکی باشتر ببەخشە بە

ئوممومسەلەمە کە دڵتەنگ و ناڕەحەتی نەکات، ئەوەبوو کە ئەبووسەلەمە مرد، پێغەمبەر (ﷺ) داوای ئوممومسەلەمەی کرد.

ئەبووسەلەمەی مێردی یەکێك بوو لەبەشداربوانی غەزای بەدر، دواتریش لە غەزای ئوحوددا بەشداری کردو لە ئوحوددا بریندار بوو، دوای ماوەیەك برینەکەی جەنگی ئوحودی تەقی و بەو هۆیەوە وەفاتی کرد.

دوای ئەوە ئەبووبەکر داوای ئوممومسەلەمەی کرد، بەڵام شووی پێ نەکرد، ئینجا عومەر داوای کرد و شووی بەویش نەکرد، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) داوای کرد و شووی کرد بە پێغەمبەر (ﷺ).

ئوممومسەلەمە دەڵێت وتم ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئایا ئەگەر یارمەتی و بەخشش بدەم بە منداڵەکانی ئەبووسەلەمە خێرم دەگات؟ چونکە ئەوانە منداڵی منیشن، فەرمووی (پێیان ببەخشە، لەسەر بەخششت بۆیان پاداشتت وەردەگریت).

## پەندو وانە:

لە جوانیەکانی ئیسلام ئەوەیە کە هەر کارێك بکەیت مادەم کارەکە دروست بێتو مەبەستت ڕەزامەندی خوا بێت، ئەوە پاداشتی لەسەر وەردەگریت، تەنانەت دایکێك کە خواردن ئامادە دەکات، یان باوکێك کە خواردن دەکڕێت، یان کچێك جلێك دەشوات، یان کوڕێك کاسپی دەکات، هەموو ئەوانە لای خوا پاداشتیان لەسەرەو دەبنە هۆی چوونە بەهەشتی ئەو کەسانە.

جارێك جیبریل لە شێوەی دیحیەی کەلبیدا هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) کە لای ئوممومسەلەمە بوو، لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) قسەی کرد و دواتر چوو، پێغەمبەر

(ﷺ) بە ئوممووسەلەمەی فەرموو ئەوە کێ بوو؟ وتی ئەوە دیحیە بوو، دوای ماوەیەك پێغەمبەر (ﷺ) لە وتاردا باسی کرد کە جیبریل هاتووە بۆ لای، ئینجا ئوممووسەلەمە زانی کە ئەو کەسەی بینیویەتی دیحیە نەبووە بەڵکو جیبریل بووە.

ئوممووسەلەمە لە غەزای تەبووکدا هاودەم بە پێغەمبەر (ﷺ) بەشداری کرد، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) لە دەرچوونەکانیدا هەرجارەو یەکێك لە ژنەکانی لەگەڵ خۆی دەبرد.

ئوممووسەلەمە کۆتا خێزانی پێغەمبەر (ﷺ) بوو کە وەفاتی کرد، هێندە ژیا تا شەهیدبوونی حوسەینی کوڕی عەلی بیست و دڵتەنگیەکی زۆر دایگرت، کەمێك پاش ئەو ڕووداوە وەفاتی کرد، تەمەنی نزیکەی نەوەد ساڵ دەبوو، تەرمەکەشی لە بەقیع ئەسپەردە کرا.

ئوممووسەلەمە یەکێك بوو لە ئافرەتە زاناکانی ناو هاوەڵانو موسڵمانان دەچوون سەبارەت بە مەسەلەکان پرسیاریان لێدەکردو ئەویش وەڵامی دروستی پێ دەدان.

**پرسیار:**

1-بۆچی ئوممووسەلەمە چوو بۆ حەبەشە؟

2-مێردەکەی ئوممووسەلەمە ناوی چی بوو؟ چۆن مرد؟

3-ئوممووسەلەمە چ پرسیارێکی کرد لە پێغەمبەر (ﷺ)؟

4-ئوممووسەلەمە چۆن جیبریلی بینی؟

5-بۆچی بە ئوممووسەلەمە دەڵێین دایك؟

## جابیری کوڕی عەبدوڵا (رضي الله عنه)

ئەم هاوەڵەی پێغەمبەر (ﷺ) یەکێکە لە هاوەڵە پشتیوانەکان، هەم خۆی و هەم باوکیشی هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوون، ئەم هاوەڵەش ناوی جابیری کوڕی عەبدوڵایە.

باوکی جابیر یەکێك بوو لەو هاوەڵە پشتیوانیانەی زۆر زوو موسڵمان بوو و لە بەیعەتی عەقەبەدا بەشداری کرد و یەکێکیش بوو لە نەقیبەکان، دایکی جابیریش ناوی ئەنیسە بوو.

جابیر هاودەم بە باوکی بەشداری بەیعەتی عەقەبەی دووەمی کرد، تەمەنیشی لە هەموویان کەمتر بوو.

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینە تەمەنی جابیری کوڕی عەبدوڵا نۆزدە یان بیست ساڵ بوو، واتە لە گەرمەی لاوێتیدا بوو.

جابیر لە غەزای بەدرو ئوحوددا بەشداری نەکرد، بەڵام لە هەموو غەزاکانی دواتردا بەشداری کرد.

پرسیار: بۆچی جابیر لەو دوو غەزایەدا بەشداری نەکرد؟

وەڵام: چونکە باوکی جابیر نەیهێشت بەشداری بکات و خۆی بەشداری کرد تا جابیر لە ماڵەوە ئاگاداری خوشکەکانی بێت.

جابیر دەڵێت جارێك نەخۆش بووم، پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکر بە پیادەو بێ سوار هاتن بۆ سەردانم، کاتێك گەیشتنە ئەوێ من لەهۆش خۆم چووبووم، پێغەمبەر

(ﷺ) دەستنوێژی گرت و لە ئاوی دەشتنوێژەکەی پرژاند بەسەرمدا، منیش هۆشم هاتەوە بە خۆمدا.

جابیر دەڵێت جارێك باوکم فەرمانی کرد خواردنێ ئامادە کرا، ئینجا بە مندا ناردی بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، منیش بردم بۆی و پێغەمبەر (ﷺ) لە ماڵی خۆی بوو، فەرمووی (ئەی جابیر ئەوە چیە؟ ئایا گۆشتە؟) وتم نا، ئەویش فەرمانی کرد و خواردنەکەیان لەدەست گرتم، کاتێك گەڕامەوە بۆ لای باوکم وتی ئایا پێغەمبەری خوات (ﷺ) بینی؟ وتم بەڵێ، وتی ئایا هیچی وت؟ وتم بەڵێ فەرمووی (ئەی جابیر ئەوە چیە؟ ئایا گۆشتە؟) باوکم وتی لەوانەیە پێغەمبەر (ﷺ) حەزی بە گۆشت کردبێت، چوو گێسکێکی سەربڕی و چاك برژێنرا، ئینجا پێی وتم بیبە بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، منیش کە گەیشتمە لای پێغەمبەر (ﷺ) هەر لەو شوێنەی خۆی بوو، فەرمووی (ئەوە چیە ئەی جابیر) وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەڕامەوە بۆ لای باوکم وتی ئایا پێغەمبەری خوات (ﷺ) بینی؟ وتم بەڵێ، وتی ئایا هیچی فەرموو؟ وتم بەڵێ وای فەرموو، باوکیشم وتی لەوانەیە پێغەمبەر (ﷺ) حەزی بە گۆشت کردبێت، بۆیە چوو گێسکێکی سەربڕی و چاك برژێنرا، ئینجا پێی وتم بیبە بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (خوای گەورە لە بری ئێمە پاداشتی خێری پشتیوانان بداتەوە بەتایبەت عەبدوڵای کوڕی عەمری کوڕی حەرام و سەعدی کوڕی عوبادە).

**پەندو وانە:**

بەدیهێنانی حەز و ئاواتی ڕەوای کەسە باشەکان و خزمانمان خێرێکی گەورەیەو ئەگەر بتوانیت ئاواتێکی دروستی موسڵمانێك بەدی بهێنیت، ئەوە پاداشتێکی گەورەت بۆ خۆت مسۆگەر کردووە، چونکە بەوە دڵخۆشی دەکەیت و دڵخۆشکردنی موسڵمانیش خێرێکی گەورەیە.

کاتێك بڕیار بوو غەزای ئوحود ڕووبدات، عەبدوڵا جابیری کوڕی بانگ کرد و وتی کوڕم ئومێدم هەیە سبەی شەهید بم، جا وەسیەتت بۆ دەکەم لەگەڵ خوشکەکانت باش بە، جابیر دەڵێت ئەوەبوو بەیانی باوکم کوژرا و دوو دوو تەرمەکان دەخرانە یەك گۆڕەوە، باوکیشم لەگەڵ کەسێکی تر خرایە یەك گۆڕەوە، شەش مانگ وابوو، دواتر دڵم ئارامی نەگرت و بڕیارم دا بە جیا لەیەك گۆڕدا بیخەمە ژێر خاك، تەرمەکەیم دەرهێنایەوە، بینیم خۆڵ و زەویەکە هیچی بە جەستەی نەکردبوو تەنها تۆزێکی نەرمایی گوێی نەبێت.

جابیر دەڵێت کاتێك تەرمی باوکم دانرابوو پۆشاکەکەی سەر دەموچاویم لادەبرد و سەیرم دەکرد و دەگریام، هاوەڵانی پێغەمبەریش (ﷺ) ڕێگرییان لێدەکردم، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگری لێ نەدەکردم، ویستم هەمتر پۆشاکەکەی سەر دەموچاوی لابەرم بەڵام هاوەڵان نەیانهێشت، ئەوەبوو پێغەمبەر (ﷺ) خۆی لایبرد، کە دەموچاوی دەرکەوت دەنگی گریانێك بەرزبوویەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەوە کێیە؟ وتیان کچی عەمرە، واتە خوشکی عەبدوڵا، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (بۆی بگریت یان نەگریت بەردەوام فریشتەکان بە باڵەکانیان سێبەری بۆ دەکەن تا تەرمەکەی هەڵدەگرن).

**پەندو وانە:**

شەهیدی لە ڕێی خوادا دەستکەوتێکی گەورەیەو خوای گەورە بە هەموو کەسی نابەخشێت، بۆیە دەبێت یەکێك لە ئاواتەکانمان شەهید بوون بێت تا خێر و چاکەی شەهیدیمان بەر بکەوێت.

جابیر دەڵێت دوای مەرگی باوکم خەڵکێك قەرزیان لای باوکم بوو، منیش داوام لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد داوا لە خاوەن قەرزەکان بکات لە قەرزەکەیان خۆش بن، پێغەمبەریش (ﷺ) داوای کرد لێیان، بەڵام ئەوان ڕازی نەبوون، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووم (برۆ و خورماکەت بەش بەش بکە ... ئینجا بنێرە بە شوێنمدا)، منیش چووم و وامکرد و دواتر هەواڵم نارد بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش هات و لە سەروو یان لە لای ناوەڕاستی خورماکانەوە وەستا، پاشان فەرمووی (بیکێشە بۆ خەڵك)، منیش بۆم دەکێشان تا چی قەرزیان هەبوو پێمدانەوە، ئینجا خورماکەش وەك خۆی مایەوە وەك ئەوەی هیچی لیٚ کەم نەبووبێتەوە.

یەکێك لەو کەسانەی قەرزی لای عەبدوڵای باوکی جابیر بوو کابرایەکی جوولەکە بوو، سی کۆڵ خورمای لای عەبدوڵا بوو، جابیر داوای کرد کابرای جوولەکە ماوەیەك لەسەری بوەستێت، بەڵام ئەو ڕازی نەبوو، جابیر چوو لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) قسەی کرد تا لای کابرای جوولەکە سکاڵای بۆ بکات، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) هات بۆ لای کابرای جوولەکەو داوای لێکرد لەبری قەرزەکەی بەرهەمی خورماکەی ئەو ببات، بەڵام کابرا ڕازی نەبوو، پێغەمبەر (ﷺ) چوویە ناو دارخورماکان و پیایدا تێپەڕ بوو، پاشان بە جابیری فەرموو (بۆی لێبکەرەوەو ئەوەی هی ئەوە بۆی بکێشە)، ئەویش دەستی پێکرد، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) گەڕایەوە جابیر سی کۆڵەکەی دا بە

کابرا و لە سەروو ئەوەشەوە حەڤدە کۆڵی تر مایەوە، جابیر هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) تا هەواڵی پێبدات چی ڕوویداوە، کەچی بینی پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی عەسر دەکات، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) نوێژەکەی تەواو کرد جابیر پێی وت ئەو زیادەی ماوەتەوە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی ئەوە باس بکە بۆ عومەر، جابیریش چوو بۆ لای عومەر و هەواڵی ئەوەی پێدا، عومەریش پێی وت: من بە دڵنیاییی دەمزانی کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەناو دارخورماکاندا تێدەپەڕی خوا بەرەکەت دەخاتە ناو دارخورماکانەوە.

جابیری کوڕ عەبدوڵا دەڵێت لە ڕێیەکدا لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بووین و منیش لەسەر وشترێك بووم، لە دوای خەڵکەکەوە بوو، پێغەمبەریش (ﷺ) بە شتێك کە لەدەستیدا بوو دای لە وشترەکە–بۆ ئەوەی بڕوات– ئیتر وشترەکە پێش خەڵکەکە دەکەوت، ئیتر وای لێهاتبوو جڵەوم دەگرت تا زۆر نەڕوات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بە ئەوەندەو ئەوەندە ئەیفرۆشیت و خواش لێت خۆش بێت؟ وتم پێشکەشت بێت ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بە ئەوەندەو ئەوەندە ئەیفرۆشیت و خواش لێت خۆش بێت؟ وتم پێشکەشت بێت ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، منیش شەرمم کرد، چونکە تەنها ئەو وشترەمان هەبوو، وتم بەڵێ دەیفرۆشم، ئەوەبوو فرۆشتم پێی بە مەرجێك تا دەگەمە مەدینە پێم بێت، ئینجا وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من زاوام، مۆڵەتم پێ بدە خێراتر بچمەوە مەدینە، ئەویش مۆڵەتی پێدام، منیش پێش خەڵك بەرەو مەدینە چووم تا هاتمەوە مەدینە، خاڵۆم گەیشت پێم و سەبارەت بە وشترەکە پرسیاری لێکردم، منیش پێم وت چیم پێکردووە، ئەویش

سەرکۆنەی کردم، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) هاتەوە وشترەکەم بۆ برد، ئەویش پارەی وشترەکەی پێدام و وشترەکەشی دایەوە بە خۆم.

کاتێك ئەبووبەکر بوو بە خەلیفە و لە بەحرەینەوە سامانێکی بۆ هات، وتی کێ لەلایەن پێغەمبەرەوە (ﷺ) بەڵێنێکی پێدراوە با بێت وەریبگرێت، جابیریش چوو بۆ لای ئەبووبەکر و وتی پێغەمبەر (ﷺ) بەڵێنی پێدام ئەگەر سامانی بەحرەینی بۆ هات ئەوەو ئەوەم پێبدات، ئاماژەی بە هەردوو مشتی کرد، ئەبووبەکریش وتی بیبە، ئەویش بە هەردوو مشتی هەڵیگرت نزیکەی پێنج سەد درهەمی کرد، ئەبووبەکریش ئەو پێنج سەد درهەمەو هەزار درهەمی تریشی پێدا.

دوای سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) جابیر لە مەدینە مایەوەو لە مزگەوتی مەدینەدا بازنەی وانەوتنەوەی هەبوو و خەڵکی زانستیان لێ وەردەگرت، هەروەها جابیری کوڕی عەبدوڵا موفتی مەدینە بوو.

لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا جابیری کوڕی عەبدوڵا چوو بۆ مەککەو ماوەیەك لەوێ بو، ئینجا گەڕایەوە بۆ مەدینە.

جابیری کوڕی عەبدوڵا ماوەیەك پێش مردنی بینایی چاوەکانی لەدەست دا، تەمەنێکی زۆر ژیا و تەمەنی لە نەوەد ساڵ زیاتر بوو، دواجار لە مەدینە وەفاتی کرد.

## پرسیار:

1-باوکی جابیر کێ بوو و کەی شەهید بوو؟

2-بۆچی جابیر بەشداری غەزای بەدرو ئوحودی نەکرد؟

3-بەسەرهاتی وشترەکەی جابیر چۆن بوو؟

4-باسی کۆتاییەکانی تەمەنی جابیر بکە.

5-دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) جابیر لە مەدینە چی دەکرد؟

## سابتی کوڕی قەیس (رضي الله عنه)

یەکێکی تر لە هاوەڵە خۆشەویستەکانی ناو پشتیوانان بریتی بوو لە گەنجێکی بە توانا و گورج و گۆڵ بە ناوی سابتی کوڕی قەیس، ئەم هاوەڵە لە وتاربێژیدا زۆر بەهێز بوو و زۆر جار پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێ دەکرد تا لەناو کۆڕەکاندا وتار بدات.

قەیسی باوکیشی یەکێك بوو لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر (ﷺ) و ئەو کاتانەی سابت ئامادە نەبوو و قەیس لای پێغەمبەر (ﷺ) ئامادە بوو و گوێی لە فەرموودەکانی دەگرت، دواتر دەچوو بۆ لای سابتی کوڕی و فەرموودەی بۆ دەگێڕایەوەو ئەویش دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرموودەکانی دەگێڕایەوە بۆ موسڵمانان.

کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، هەریەك لە عامری کوڕی ئەبولبوکەیر و سابتی کوڕی قەیسی کرد بە برای یەك.

سابت لە غەزای بەدردا بەشداری نەکرد، چونکە نەیزانی پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵان بۆ جەنگ دەچن، بەڵام دواتر لە غەزای ئوحود و هەموو غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد.

هەروەها سابتی کوڕی قەیس نووسەری پێغەمبەر (ﷺ) بوو، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) نامەو بەڵێنێکی دەنووسی بۆ خەڵکێ یان بۆ هۆزێ، یەکێك لەوانەی نامەکانی بۆ دەنووسی سابت بوو.

جارێك پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی سابتی کوڕی قەیسی پرسی و فەرمووی (کێ هەواڵیم بۆ وەردەگرێت)، پیاوێك وتی من ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵی وەردەگرم بۆت، ئەوەبوو چوویە ماڵی سابت و سەیری کرد سابت بە بێتاقەتی و کزۆڵی لە ماڵەوە دانیشتووە، وتی ئەوە چیتە بۆ وایت؟ سابت وتی من لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) دەنگم بەسەر دەنگی پێغەمبەردا (ﷺ) بەرز دەکردەوە، هەرکەسیش وابکات کارە چاکەکانی پووچەڵ دەبنەوەو شوێنی دۆزەخە، کابرا گەڕایەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە، پێغەمبەر (ﷺ) کابرای ناردەوە بۆ لای سابت و فەرمووی بڕۆ بۆ لای و پێی بڵێ (تۆ لە دۆزەخیەکان نیت، بەڵکو لە بەهەشتیەکانیت)، ئەمەش موژدەیەکی زۆر خۆش بوو بۆ سابت کە هەر لە ژیانی دنیادا موژدەی بەهەشتی پێ درا و خەڵکی دەیانبینی و دەشیانزانی ئەو دەچێتە بەهەشتەوە.

## پەندو وانە:

دەبێت بەوپەڕی ڕێز و حورمەتەوە لەگەڵ ژیان و فەرموودەکانی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) هەڵسوکەوت بکەین، وەك چۆن هاوەڵان تەنانەت شەرمیان لەوە دەکرد کە دەنگیان لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بەرز بوایە، ئەوە لووتکەی ڕەوشت و شەرمو حەیایە، بەڕاستی هاوەڵان ئاوا ژیاون بۆیە خوای گەورە لێیان ڕازی بوو و بە هۆی ئەوانەوە ئیسلامی سەرخست و دوژمنانی شکاند، ئەو شەرمو حەیا و ڕێزگرتنە هۆکاری چوونە بەهەشتی سابت و هاوەڵانی تریش بوو.

پێغەمبەر (ﷺ) لە نێو کۆڕ و دانیشتنەکاندا بە هەموانی دەفەرموو فڵانە کەس پیاوێکی باشە، ناوی چەند هاوەڵێکی ڕێزداری دەبرد، هەروەها دەیفەرموو سابتی کوڕی قەیس پیاوێکی باشە.

کاتێك موسەیلەمەی درۆزن هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و داوای لێ دەکرد دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) موسەیلەمە شوێنی بگرێتەوەو ببێتە پێغەمبەر(ﷺ)، خێرا پێغەمبەر (ﷺ) بەرپەرچی دایەوەو دواتر سابتی ڕاسپارد تا لە بری پێغەمبەر (ﷺ) وەڵامی موسەیلەمەی درۆزن بداتەوە، ئەمەش ئەوپەڕی متمانەی پێغەمبەر (ﷺ) بوو بە پاکی و ژیری و لێزانی سابت.

سابت دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە سەردەمی خیلافەتی ئەبووبەکری صدیقدا لە جەنگی یەمامەدا دژ بە هەڵگەڕاوەکان بەشداری کرد، ئاڵای پشتیوانانی بەدەستەوە بوو، کاتێ دەیبینی کەسانێ دەترسن و تەمبەڵی دەکەن لە جەنگەکەدا دەیوت خوایە من لەوانە نیم، جەنگێکی سەختی ئەنجامدا تا دواجار شەهید بوو.

کاتێك سابتی کوڕی قەیس کوژرا قەڵغانێکی گرانبەهای لەبەردا بوو، کەسێك لە موسڵمانان هات و بردی بۆ خۆی، دواتر سابت چووە خەوی موسڵمانێك و پێی وت وەسیەتێکت بۆ دەکەم تکام وایە نەڵێیت خەوەو پشتگوێیی بخەیت، من کە دوێنێ کوژرام کەسێك لە موسڵمانان هات و قەڵغانەکەی بردم وماڵیشی لەوپەڕی شارەوەیە و لەوێ بەوجۆرە شاردوویەتیەوە، بڕۆ بۆ لای خالید و داوای لێ بکە تا کەسێك بنێرێت ئەو قەڵغانەم وەربگرێتەوە، کە چوویتەوە مەدینە بیبە بۆ لای خەلیفەی پێغەمبەر

(ﷺ) و پێی بڵێ من فڵانە قەرز و فڵانە قەرزم لەسەرە و فڵانە کۆیلەشم با ئازاد بێت، ئەوەبوو کابرا چوو و وایکرد و خەلیفەش وەسیەتەکەی بەجێگەیاند.

**پرسیار:**

1–سابت بە چی ناسرابوو؟

2–سابت چۆن خزمەتی پێغەمبەری خوای (ﷺ) دەکرد؟

3–بۆچی سابت لە غەزای بەدردا بەشداری نەکرد؟

4–پێغەمبەر (ﷺ) بەرامبەر بە موسەیلەمەی درۆزن چ ئەرکێکی بە سابت سپارد؟

5–چۆن قەڵغانەکەی سابت دۆزرایەوە؟

## ئەقرەعی کوڕی حابس( رضي الله عنه ):

ئەم هاوەڵەی کە باسی دەکەین لە سەردەمانی پێش موسڵمان بوونیدا یەکێك بوو لە کەسە دیارو خانەدانەکان و لەناو هۆزی خۆیدا قسە ڕۆیشتوو بوو، بگرە لە سەردەمی نەفامیدا کەسێکی دەسەڵاتدار بوو.

ئەقرەع سەرەتا کەسێکی بێباوەڕ بوو و لە مەککەدا گاڵتەی دەکرد بە موسڵمانان، جارێك ئەقرەع لەگەڵ عویەینەدا بوو، سەیریان کرد پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ عەممار و صوهەیب و بیلال و خەبباب‌و چەند موسڵمانێکی تری لاوازدا دانیشتووە، ئەوانیش گاڵتەیان پێکرد و دەیانوت کە وەفدی عەرەب دێن شەرم دەکەین بمانبینن لەگەڵ ئەوانەدا دانیشتبیت، ئەگەر هاتین بۆ لات تۆ ئەوانە دەرکە، پێغەمبەریش (ﷺ) خەریك بوو ڕازی بێت بەو هیوایەی ئەوانیش موسڵمان بن، ئەوانیش وتیان دەی بەڵێنێکمان بۆ بنووسە، ئەویش ویستی بینووسێت و عەلی کوڕی ئەبوو طالیبی بانگ کرد تا بینووسێت، ئەوەبوو جبریل هات و ئایەتی خوای بۆ هێنا کە تیایدا خوای گەورە ڕێی نەدا پێغەمبەر(ﷺ) وا بکات و فێڵەکەی ئەوانی ئاشکرا کرد، پێغەمبەریش (ﷺ) وەرەقەکەی فڕێ داو ئەو هاوەڵانەی بانگ کردەوەو لەگەڵ ئەواندا دانیشت.

### پەندو وانە:

گەورەیی و ڕێزداری بە دەوڵەمەندی و هەژاری نیە، زۆرجار کەسانێکی هەژار و نەدار هەن لای خوا زۆر گەورەتر و خۆشەویستترن لە کەسانێکی دەوڵەمەندی خۆبەزل زان یان خوانەناس، دەبێت ئێمەش وریا بین لەبەر دڵی ئەو دەوڵەمەندانە دڵی هەژار و

لاوازەکان نەڕەنجێنین، با تەنانەت نیەتیشمان چاك بێت و لەپێناو ئەوەدا بێت هەوڵ بدەین ئەو دەوڵەمەند و کەسە بەناوبانگانە موسڵمان بن، هەر نابێت مافی هەژار و لاوازە موسڵمانەکان بخۆین و وریا بین پشتگوێیان نەخەین.

دواتر ئەقرەع لەگەڵ هۆزەکەیدا چوو بۆ مەدینە لای پێغەمبەر (ﷺ)، چونکە ئەوکاتە پێغەمبەر(ﷺ) کۆچی کردبوو بۆ مەدینە، دوای وتوێژ و قسەکردنێکی زۆر، دواجار ئەقرەع و هۆزەکەشی موسڵمان بوون، پێغەمبەریش (ﷺ) بەخششی کردن و جلوبەرگی بە دیاری بەخشی بە هەموویان.

دوای ئەوە ئەقرەع هەوڵی دەدا قەرەبووی سەردەمی نەفامی خۆی بکاتەوەو بەشداری جەنگ و غەزاکانی دەکرد، لە فەتحی مەککەو حونەین و جەنگی تائیفدا لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بەشداری کرد، لە غەزای حونەیندا پێغەمبەر (ﷺ) سەد وشتری بەخشی بە ئەقرەع.

کاتێ عەلی کوڕی ئەبووطالیب لە یەمەنەوە بڕێك زێڕی نارد بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش دابەشی کرد بەسەر چوار کەسدا، یەکێك لەو چوار کەسە ئەقرەعی کوڕی حابیس بوو.

جارێك ئەقرەعی کوڕی حابیس لای پێغەمبەر (ﷺ) بوو، سەیری کرد پێغەمبەر (ﷺ) حەسەنی کوڕی عەلی ماچ کرد، ئەقرەع وتی من دە منداڵم هەیە هێشتا یەکێکیانم ماچ نەکردووە، پێغەمبەر (ﷺ) سەیری کرد و پاشان فەرمووی (ئەوەی ڕەحمو سۆزی نەبێت، ڕەحمو سۆزی بۆ نیە).

**پەندو وانە:**

چاك وایە ئەگەر براو خوشك یان خزمێ یان كەسێكی موسڵمانمان خۆش ویست، ئەو خۆشەویستیەی خۆمان دەربڕین بۆی، نەوەك تەنها لە ناخماندا بێت، چونكە دەربڕینی خۆشەویستی دەبێتە مایەی دڵخۆشی ئەو كەسە و پێغەمبەری خوایش (ﷺ) وایكردووە.

جارێك پێغەمبەر (ﷺ) لەناو هاوەڵانیدا بوو فەرمووی (خوای گەورە حەجی نووسیوە لەسەرتان)، ئەقرەع وتی ئەی پێغەمبەری خوا هەموو ساڵێك؟ پێغەمبەر (ﷺ) بێدەنگ بوو، پاشان فەرمووی ئەگەر بموتایە بەڵێ ئەوا واجب دەبوو و ئەوكات ئێوەش گوێڕایەڵ نەدەبوون و ملكەچیتان نەدەنواند، بەڵام تەنها یەك حەجتان لەسەر واجبە.

هەروەها ئەقرەع هەندێ جار وەك شایەت ئامادەی نووسین و نامەكانی پێغەمبەر(ﷺ) بوو بۆ خەڵك و هۆز و ناوچەكان.

دوای ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی كرد، ئەقرەع لەسەر موسڵمانبوونەكەی خۆی بەردەوام بوو و لە نوێژ و پەرستشدا بەردەوام بوو و بەشداری جەنگی دژ بە بێباوەڕانی دەكرد، لەگەڵ خۆیشیدا كوڕەكانی بەشداری جەنگیان دەكرد، دواجار لە جەنگی یەرمووكدا كوژرا و هەر دە كوڕەكەیشی لەگەڵیدا بەشداری ئەو جەنگە بوون.

**پرسیار:**

1–کاتێك ئەقرەع بێباوەڕ بوو چی دەکرد؟

2–باسی موسڵمانبوونی ئەقرەع بکە.

3–کاتێك ئەقرەع وتی منداڵەکانم ماچ ناکەم پێغەمبەر(ﷺ) چی پێ فەرموو؟

4–ئەقرەع کەی و چۆن مرد؟

5–دەتوانیت چوار سوود لە ژياننامەی ئەقرەع بنووسیت؟

## حوزەیفەی کوڕی یەمان (رضي الله عنه)

ئەم هاوەڵەی باسی دەکەین ناوی حوزەیفەی کوڕی یەمانە، باوکیشی هاوەڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو و لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد، بەڵام بە دەستی یەکێك لە هاوەڵان بە هەڵە کوژرا، دایکیشی هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو و ناوی ربابی کچی کەعب بوو.

حوزەیفە دەڵێت جارێك دایکم پێی وتم لە کەیەوە نەچوویتەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)؟ منیش وتم ماوەیەکە، ئەویش لێم تووڕە بوو، منیش وتم باشە ئێستا دەچم بۆ لای پێغەمبەر و نوێژی لەگەڵ دەکەم بەڵکو داوای لێخۆشبوون بۆ من و تۆیش بکات، چووم بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و لە دوایەوە نوێژی ئێوارەم کرد، ئینجا کە پێغەمبەر(ﷺ) چوو منیش شوێنی کەوتم، فەرمووی ئەوە کێیە؟ وتم حوزەیفەی کوڕی یەمان، فەرمووی بۆچی هاتویت؟ منیش وتم دایکم ناردمی، پێغەمبەریش (ﷺ) نزای کرد بۆ خۆم و دایکم و فەرمووی (خوا لە خۆت و دایکیشت خۆش بێت).

کاتێك حوزەیفە و باوکی ویستیان بەرەو مەدینە کۆچ بکەن، ڕێیان کەوتە ئەبوو جەهل، ئەبووجەهل وتی بۆ کوێ دەچن؟ ئەوانیش وتیان هەروا دەڕۆین، ئەویش وتی دەزانم بۆ پاڵپشتی موحەممەد دەچن، بۆیە بەڵێنی وەرگرت لە هەردووکیان نەبنە دوژمنی قورەیشیەکان و بەشداری جەنگ نەکەن، ئەوەبوو کە باوك و کوڕ چوون بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەسەرهاتەکەیان بۆ گێڕایەوە، ئەویش فەرمانی کرد بەڵێنەکەیان ببەنەسەر و بەشداری غەزای بەدر نەکەن.

**پەندو وانە:**

زۆر پێویستە ئێمەی موسڵمان گرنگی بدەین بە بەڵێنەکانمانو ناپاکی نەنوێنین، بەڵکو تەنانەت ئەگەر بەڵێنی ئەوەمان دا لە شوێنێ ئامادە بین هیچ دوا نەکەوین، یان بەڵێنمان دا کارێك بکەین، ئەگەر کارەکە خراپ نەبوو هەر دەبێت بیکەین و بەڵێنەکەمان نەشکێنین، سەیرکە چۆن پێغەمبەر (ﷺ) نەیهێشت ئەو دوانە بەڵێنی خۆیان بەرامبەر بە دوژمنانی ئیسلامیش بشکێنن.

حوزەیفە هاودەم بە باوکی لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد، بەڵام باوکی بە دەستی یەکێك لە هاوەڵان کوژرا، ئەو هاوەڵە نەیناسیەوەو وایزانی لە بێباوەڕانە، چونکە سوپای موسڵمانان زۆریان دەموچاویان داپۆشیبوو، بۆیە دەبوو نیشانەیەکیان هەبوایە تا بناسرێنەوە، حوزەیفە کاتێك بینی هێرش برا بۆ باوکی هاواری دەکرد باوکم باوکم، بەڵام دەنگی نەگەیشت و باوکی بە هەڵە کوژرا، دواتر حوزەیفە خوێن بایی باوکی وەرنەگرت و لە موسڵمانان خۆش بوو.

حوزەیفە لە غەزای خەندەقیشدا بەشدار بوو و لەگەڵ سەلمان و عەمر و نوعمان و چەند هاوەڵێکی تری پشتیوانانْدا لە بەشێکی خەندەقەکەدا سەرقاڵ بوون تا ئەوەی بەردێکی گەورەی سپییان هاتەڕێ و پێغەمبەریان (ﷺ) بانگکرد و ئەو شکاندی.

حوزەیفە لە غەزای خەندەقدا نێردراوی پێغەمبەر(ﷺ) بوو بۆ هەواڵ وەرگرتنی دوژمن، ئەوەتا خۆی بەسەرهاتەکە دەگێڕێتەوەو دەڵێت لە خەندەقدا ڕەشەباو سەرمایەکی سەخت بوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی (ئەرێ کەسێك هەیە هەواڵی دوژمنم بۆ بهێنێت تا لە ڕۆژی دواییدا خوا لەگەڵ من بیهێڵێتەوە؟) ئێمەش هەموو

بێدەنگ بووین و کەسمان نەچووین، پێغەمبەر(ﷺ) دووبارە هەمان شتی دووبارە کردەوەو ئێمەش هەر بێدەنگ بووین، پێغەمبەر(ﷺ) بۆ جاری سێیەم ئەوەی دووبارە کردەوەو ئێمەش هەر بێدەنگ بووین، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی (ئەی حوزەیفە هەستە برۆ هەواڵی دوژمنمان بۆ بهێنە)، منیش ئیتر چارم نەما، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) بە ناوهێنان ناوی هێنام تا هەستم و برۆم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی (برۆ هەواڵی دوژمنم بۆ بهێنەو مەیانوروژێنە لێم) ترس و بیمێکی زۆرم هەبوو، ئەوەبوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) نزای بۆ کردم و فەرمووی (خوایە لە بەردەم و دواوەو ڕاست و چەپیەوە بیپارێزیت) ئیتر سوێند بەخوا چی ترس و بیم لە دڵماد هەبوو هیچی نەما، منیش چووم و زۆر بە وریایی و لەسەرخۆیی دەچووم تا چوومە ناویانەوە، ئەبووسوفیانم بینی پشتی کردبووە ئاگرەکەو پشتی گەرم دەکردەوە، کەسێکی گەورەو کەڵەگەت بوو و منیش ئەوکات نەمدەزانی ئەبووسوفیانە، ئەو دەیوت دەبێت بڕۆین، منیش تیرێکم خستە ناو کەوانەکەوە و ویستم بیکوژم، بەڵام فەرمایشتەکەی پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیر کەوتەوە کە فەرمووی مەیانوروژێنە لێم، بۆیە نەمکوشت، ئەگینا بۆم بهاویشتایە بە دڵنیاییەوە دەمپێکا، ئینجا چوومە نێوان دوو کەسیانەوە، کابرایەك وتی ئەمشەو هەواڵگر و شت دێن، بۆیە هەرکامتان پرسیار بکەن لەوەی پاڵ خۆتان بزانن کێیە؟ منیش خێرا بەوەی لای ڕاستم وت تۆ کێیت؟ بەوەی لای چەپیشم وت تۆ کێیت؟ ئینجا دواتر گەڕامەوە بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و هەواڵەکانم پێدا، سەرمایەکی سەختیشم چەشتبوو، بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) عەبایەکی پێبوو کە نوێژی پێوە دەکرد ئەو عەبایەی دا بەسەرمدا، خەوم لێکەوت و تا بەیانی هەڵنەسام، کە بەیانی هەستام پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی (هەستە خەواڵوو).

هەروەها حوزەیفە لە غەزای تەبووکیشدا بەشدار بوو، جا کاتێك پێغەمبەر(ﷺ) لە تەبووکەوە بەرەو مەدینە دەگەڕایەوە، دەستەیەك لە دووڕووان ویستیان پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەناوبەرن و لە سەروو عەقەبەوە فڕێی دەنە خوارەوە، پێغەمبەری خواش (ﷺ) هەواڵی ئەوەی زانیبوو، ئەوەبوو فەرمانی کرد خەڵکی بچن و خۆی لەگەڵ دەستەیەك لە عەقەبەوە سەرکەوت، ئەو دەستە دووڕووەش دەموچاویان داپۆشیبوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی کرد هەریەك لە عەممار و حوزەیفە لەگەڵی بڕۆن، ئەو دوانەش بە پیادە لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) دەچوون، کاتێك ئەو دەستەیە ناپاکییان نواند پێغەمبەر(ﷺ) تووڕە بوو و حوزەیفەش تووڕەییەکەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) بینی، بۆیە گەڕایەوە بۆیان و کەوتە لێدانیان، ئەوانیش زانییان دەستەکەیان ئاشکرا بووە، خێرا خۆیان تێکەڵ کردەوە بە خەڵکەکە، ئینجا حوزەیفە گەڕایەوەو پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمانی کرد خێرا بکەن تا عەقەبەیان بڕی و چاوەڕێی خەڵکەکەیان کرد، پێغەمبەر(ﷺ) بە حوزەیفەی فەرموو ئەو خەڵکەت ناسیەوە؟ ئەویش وتی تەنها سوارەکانیان دەناسمەوە، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) بەسەرهاتەکەی باس کرد بۆ حوزەیفە و ناوی ئەو دووڕووانەی فەرموو بە حوزەیفە کە کێ و کێ بون.

حوزەیفە زۆر جار لە نزیك پێغەمبەرەوە (ﷺ) بوو، جار هەبوو دەبووە شایەتی پەیمانەکانی پێغەمبەر(ﷺ) کە دەنووسران بۆ هۆزەکان، هەروەها لە میوانداری و کاتی نانخواردنیش جار هەبوو لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) بوو، حوزەیفە دەڵێت ئێمە کە لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) نانمان دەخوارد دەستمان نەدەبرد بۆ خواردنەکە تا پێغەمبەر(ﷺ) دەستی پێدەکرد.

حوزەیفە دوای وەفاتی پێغەمبەری خوایش (ﷺ) ژیا و لە نزیك خەلیفەکانەوە بوو و ئەوانیش ڕاوێژیان پێ دەکرد، هەروەها دەچوو بۆ جەنگی دژ بە بێباوەڕان و بەرپرسیارێتی بەڕێوەبردنی ناوچەکانیش دەگرتە ئەستۆ، بەوجۆرە لە خزمەتکردنی ئیسلام بەردەوام بوو تا دواجار لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووتالیبدا کۆچی دوایی کرد، لە کاتی سەرەمەرگەیدا دەیوت ئەمە کۆتا ساتی ژیانی دنیامە، خوایە تۆ دەزانیت من تۆم خۆش دەوێت، دەی بەرەکەت بخەرە ساتی گەیشتنەوەم بە تۆ.

**پرسیار:**

1–باوکی حوزەیفە چۆن شەهید بوو؟

2– بۆچی حوزەیفەو باوکی بەشداری غەزای بەدر نەبوون؟

3– کێ ناوی دووڕووەکانی فێری حوزەیفە کرد؟

4– حوزەیفە لە سەرەمەرگیدا چی دەوت؟

5– کام ڕووداوی ناو ئەم چیرۆکە لات کاریگەر بوو؟

## روقییەی کچی پێغەمبەر (ﷺ)

ئەم کەسایەتیەی باسی دەکەین کچی پێغەمبەری خوایە (ﷺ)، کچی زۆر خۆشەویستو دڵسۆز و خواناسیەتی، ئەویش ناوی روقییە بوو، دایکی ناوی خەدیجەی کچی خوەیلیدە کە هەر لە دنیادا موژدەی بەهەشتی پێ درا، روقییە خوشکە بچووکی زەینەب و خوشکە گەورەی فاتیمە و ئومموکولسوم بوو.

هێشتا ئایینی ئیسلام نەهاتبوو کە یەکێك لە کوڕەکانی ئەبوولەهەب بە ناوی عوتبە هاتە داوای روقییە، روقییەش خۆی ڕازی بوو و پێغەمبەریش (ﷺ) دڵی کچەکەی نەشکاند، بەڵام کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) پەیامی ئیسلامی بۆ هات و ئەبوولەهەب دژایەتی کرد، ئەو دوژمنەی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد بە کوڕەکەی تا روقییە تەڵاق بدات، عوتبەش بە قسەی باوکە بێباوەڕەکەی کرد و تەڵاقی دا.

پرسیار: ئەی روقییە دوای ئەوە چی کرد؟

وەڵام: دوای ئەوە عوسمانی کوڕی عەففان کە ئەو بەسەرهاتەی بیست، خێرا چوویە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و داوای روقییەی کرد و پێغەمبەریش (ﷺ) ڕازی بوو و روقییەی لێ مارە کرد، بەو چەشنە خوای گەورە روقییەی لە عوتبەی بێباوەڕ رزگار کرد و بەخشی بە عوسمانی کوڕی عەففان کە یەکێك بوو لەموژدەپێدراوانی بەهەشت.

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) مۆڵەتی دا بە موسڵمانان تا کۆچ بکەن بۆ حەبەشە، عوسمانو روقییە پێکەوە کۆچیان کرد بۆ حەبەشە، پێغەمبەر (ﷺ) ماوەیەك هەواڵی ئەوانی نەزانی، هەوڵی دەدا هەواڵیان بزانێت، ئەوەبوو ئافرەتێك هات بۆ لای و هەواڵی

عوسمان و روقییەی پێ بوو، پێغەمبەریش (ﷺ) دڵخۆش بوو بە بیستنی هەواڵەکە، دوای ماوەیەك ئەو ژنو مێردە خواناسە پێکەوە گەڕانەوە بۆ مەککەو ئەمجارەیان کۆچیان کرد بۆ مەدینەو هەر لەوێ مانەوە تا ئەو کاتەی روقییە وەفاتی کرد.

## پەندو وانە:

پێویستە منداڵی سەرکردەو زانای موسڵمانان وەك منداڵانی تر بژین و لە کاتی سەختی و ناڕەحەتیەکاندا وەك ئەوان بەشداری سەختیەکان بن تا لە حاڵی میللەت تێبگەن، نابێت ئەوان لەوپەڕی خۆشگوزەرانیدا بن و هاوڵاتیانی تر لە ئازارو مەینەتەیدا بژین، وەك چۆن روقییە کە کچی پێغەمبەری خوا بوو هاوشانی موسڵمانانی تر شاری خۆی جێهێشت و کۆچی کرد بۆ وڵاتی حەبەشە کە زۆر لە شارەکەی خۆیەوە دوور بوو و چەندین سەختی و مەینەتی چەشت.

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) دەرچوو بۆ غەزای بەدر روقییە نەخۆش بوو، بۆیە عوسمانی کوڕی عەففان لای روقییەی خێزانی مایەوە، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێکرد تا لای روقییە بمێنێتەوە، کاتێك موسڵمانان سەرکەوتن روقییە وەفاتی کرد و تا پێغەمبەر (ﷺ) گەڕایەوە تەرمی روقییە ئەسپەردە کرا.

## پەندو وانە:

ژیانو مردن تەنها بە دەستی خوای گەورەیەو هیچ کەسێکی تر ناتوانێت تەنها چرکەیەکیش ژیانی کەسێك زیاد بکات یان ژیانی کەم بکاتەوە، بەڵکو تا خوا ویستی لەسەر بێت دەبێت بژینو کەس ناتوانێت لەناومان بەرێت، هەرکات خوا ویستی لەسەر بێت ئینجا ژیانی دنیا جێدەهێڵین، ئەگەر هەموو دنیا کۆببێتەوە تا کەسێك

لەناوبەرێت ئەگەر خوا ویستی لەسەر نەبێت ناتوانن بیکوژن، بۆیە دەبێت تەنها پشت بە خوا ببەستین‌و چاومان لەهێزو توانای خەڵکی نەبێت.

## پرسیار:

1- روقییە چەند خوشکی هەبوو؟ ناویان چی بوو؟

2- بۆچی عوتبە روقییەی تەڵاقدا؟

3- بەسەرهاتی کۆچکردنی عوسمان‌و روقییە باس بکە.

4- بۆچی عوسمان نەچوو بۆ غەزای بەدر؟

5- روقییە کەی وەفاتی کرد؟

## خوبەییی کوڕی عەددی (رضي الله عنه)

هەندێ لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) جیاواز لەوانی تر لەپێناو ئیسلامدا ناڕەحەتی و ئەشکەنجەی زیاتریان چەشت، یەکێك لەو هاوەڵە خۆڕاگرانەش ناوی خوبەیبی کوڕی عەددی بوو، خوبەیب لە پشتیوانان بوو، ئەم هاوەڵە خۆشەویستە لە خزمەتی پێغەمبەردا (ﷺ) بوو و هاوشانی هاوەڵانی تر بەشداری غەزای بەدری کرد، ئەو غەزایەی کە یەکەم جار بوو بەرامبەر بە دوژمن بوەستنەوەو جەنگی یەکلاکەرەوە بوو، دوای ئەوەش هەر لە خزمەتی پێغەمبەردا (ﷺ) بوو تا ئەو کاتەی ماڵئاوایی یەکجارەکی کرد.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دە کەسی لە هاوەڵانی نارد، عاصیمی ئەنصاری کرد بە سەرگەورەیان، کە گەیشتنە ناوچەیەکی نزیك لە مەککە، تاقمێ لە بێباوەڕان بە نزیکەی دووسەد کەسەوە هاتن و کەوتنە شوێنیان، ژمارەیەك لەوانیان کوشت سێ کەسیشیان لێ بەدیل گرتن، یەکێك لەو سێ کەسە خوبەیب بوو، کاتێك گەیشتنەوە ناوچەی خۆیان خێرا ئەوانیان بەستنەوە، یەکێکی تر لەو سیانەشیان کوشت، ئینجا خوبەیب و ئەو کەسەکەی تریان برد و ئەوانیان فرۆشتن بە خەڵکی مەککە، ئەوەبوو کوڕەکانی حارسی کوڕی عەمر خوبەیبیان کڕی، چونکە خوبەیب لە جەنگی بەدردا باوکی ئەوانی کوشتبوو، خوبەیبیان کڕی و بە دیلی لای خۆیان هێشتیانەوە، لە ماڵەوە لە شوێنێك بەندیان کردبوو تا ئەو کاتەی بیکوژن، خوشکەکەیان لەوێ پاسەوانی بوو، خوبەیب داوای گوێزانی لەو ئافرەتە کرد تا خۆی پێ پاك بکاتەوە، کوڕێکی ئەو ئافرەتەش لای خوبەیب بوو، خوبەیب لەسەر ئەژنۆی خۆی داینیشاندبوو، ئافرەتەکە دەیوت منیش ترسام بە مووسەکە ئەو کوڕەم ئازار بدات،

بۆیە بە ترسەوە بەرەو ئەوێ چووم، خوبەیب کە منی بینی زانی ترساوم، وتی ترسایت ئەم منداڵە بکوژم؟ من شتی وا ناکەم، ئافرەتەکە دواتر دەیوت بەخوا هیچ دیلێکم نەدیبوو هێندەی خوبەیب چاك بێت، سوێند بەخوا ڕۆژێك بینیم هەرچەندە لای ئێمە بەندکراو بوو کەچی ترێی دەخوارد لەکاتێکدا بە زنجیر بەسترابوویەوە و لەو کاتەشدا لە هەموو مەککە ترێ دەست نەدەکەوت، بۆیە دڵنیام خوا ئەو ڕۆزیەی بۆ ناردبوو.

پرسیار: ئەی دواتر خوبەیب چی بەسەرهات؟

وەڵام: ئەوان ماوەیەك خوبەیبیان بە بەند کراوی هێشتەوە، خوبەیب بە یەکێك لەوانەی وت کە بەندیان کردبوو سێ داواکاریم لێت هەیە، ئاوی سازگارم بۆ بهێنیت و گۆشتی حەرامم بۆ نەهێنیت ئەگەریش ویستیان بمکوژن پێم بڵێیت، ئینجا هاتن و خوبەیبیان برد تا بیکوژن، خوبەیب وتی دەرفەتم بدەن تا دوو رکات نوێژ بکەم، ئەوانیش مۆڵەتیان دا، خوبەیب دوو رکات نوێژی کرد، دواتر کە تەواو بوو وتی ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە کە وابزانن لە ترسا نوێژەکەم درێژ دەکەمەوە زۆر نوێژەکەم درێژە پێدەدا، ئینجا نزای کرد لێیان و وتی خوایە هەموویان کۆکەرەوەو بە جارێ لەناویان بەرەو تاقیان مەهێڵە، ئینجا ئەم شیعرەی دەوتەوە

هیچ باکم نیە وەك موسڵمانێ کاتێ دەکوژرێم

لەبەرخـودایە، بەهەر جـۆرێ بێ با لەنـاو ببرێـم

ئینجا لە خاچ درا و بەرزکرایەوەو بەسترایەوە بە دارخورمایەکەوە، خوبەیب وتی: خوایە وا ئێمە پەیامی پێغەمبەرەکەتمان گەیاند، دەی تۆیش هەواڵی ئێمە بە پێغەمبەرەکەت بگەیەنە.

جا لەو کاتەی تیریان بۆ دەهاویشت پێیان دەوت حەزت ئەکرد ئێستا موحەممەد لە شوێنی تۆدا بێت؟ ئەویش دەیوت نە سوێند بە خوای گەورە، حەز ناکەم لە بری ئەم لەناوچوونەی من دڕکێکیش بچێت بە پێیدا، ئەوانیش پێدەکەنین.

**پەندو وانە:**

پێویستە پێغەمبەری خوامان (ﷺ) لە هەموو کەسێك خۆشتر بوێت، تەنانەت لە خۆمان و دایكو باوکیشمان، خۆشەویستی پێغەمبەریش (ﷺ) بە شوێنکەوتنو گوێڕایەڵی کردنی فەرمانو ڕێنماییەکانی دەبێت نەوەك بە دەم بڵێین خۆشمان دەوێت، کەچی بە کردار شوێنی نەکەوین.

کاتێك خوبەیب کوژرا دەموچاوی خوبەیبیان بە پێچەوانەی کەعبەوە وەرچەرخاند، کەچی دواتر تەماشایان کرد دەموچاوی ڕوو بە کەعبەیە، چەند جار وایان لێکرد کەچی هەر دەموچاوی ڕووی دەکردەوە بەرەو قیبلە، بۆیە وازیان لێهێنا.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە هەواڵی خوبەیبی پێ گەیشت، هەریەك لە میقداد و زوبەیری نارد تا تەرمی خوبەیب لە دارخورماکە دابگرن، ئەوانیش کە گەیشتنە ئەوێ هەرچۆنێك بێت تەرمەکەی خوبەیبیان داگرت، تەرمەکەشی هیچ تێك نەچووبوو، بەڵام

بێباوەڕەکان پێیان زانین، کاتێك کەوتنە شوێنیان زوبەیر تەرمەکەی خستە خوارەوە، زەوی تەرمەکەی خوبەیبی قووتدا و تەرمەکەی دیار نەماو نەکەوتە دەست بێباوەڕان.

**پرسیار:**

1-چەند کەس لەو دە کەسە بەدیل گیران؟

2-بۆچی منداڵەکانی حارس خوبەیبیان کڕی؟

3-داواکاری خوبەیب لە دوژمنەکانی چی بوو؟

4-بۆچی خوبەیب نوێژەکەی درێژ نەکردەوە؟

5-تەرمەکەی خوبەیب چی لێهات؟

## زەیدی کوڕی حارسە(رضي الله عنه)

ئەم هاوەڵە خۆشەویستەی پێغەمبەر (ﷺ) ناوی زەیدی کوڕی حارسەیە.

زەید هێشتا بچووك بوو کە لەگەڵ دایکی چوو بۆ لای هۆزەکەی دایکی، لەو ماوەدا هێرش کرایە سەر ئەو هۆزەو تیایدا زەید بەدیل گیرا و دواتر برا بۆ بازاڕێکی ناو مەککە و لەوێ فرۆشرا، حەکیمی کوڕی حیزام زەیدی کڕی بۆ خەدیجەی پووری، بە چوارسەد درهەم ئەوی کڕی، ئیتر زەید لای خەدیجە مایەوە تا ئەوەی خەدیجە شووی کرد بە پێغەمبەر (ﷺ)، ئەوکات بەخشی بە پێغەمبەر (ﷺ).

دواتر زەید کۆچی کرد بۆ مەدینە، کاتێك حارسە هات بۆ مەدینەو زەیدی بینی، زەید لەبەر ڕێزی پێغەمبەر (ﷺ) لەبەری هەڵنەسا، حارسە و هاوڕێکانی بانگی زەیدیان کرد بەڵام ئەو وەڵامی نەدایەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی زەید ئەوانە کێن؟ وتی ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەیان باوکمەو ئەوەشیان ماممەو ئەوەشیان برامەو ئەوەش هۆزەکەمن، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (دەی هەستەو سەلامیان لێ بکە) ئەوانیش سەلامیان لێکرد، ئینجا وتیان ئەی زەید لەگەڵ ئێمە وەرەوە، زەید وتی بەس لای پێغەمبەری خوام دەوێت و نایگۆڕمەوە بە کەس، ئەوانیش وتیان ئەی موحەممەد چەند پارەت دەوێت پێ دەدەین لەبری ئەم کۆیلەیە تا بیدەیتەوە پێمان، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی داواتان لێ دەکەم شایەتی بدەن هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خوا و من کۆتای پێغەمبەرانی خوام ئینجا دەینێرم لەگەڵتان، بەڵام ئەوان بەوە ڕازی نەبوون، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) ڕێی دا بیبەن، بەڵام زەید ئامادە نەبوو لەگەڵیان بڕوات، حارسەی باوکی وتی من خۆم ئامادەم موسڵمان بم، ئەوەبوو شایەتومانی هێنا و ئەوانی تر ئامادە نەبوون موسڵمان بن.

زەید دە ساڵ لە پێغەمبەر (ﷺ) بچووکتر بوو و باڵاشی کورت بوو، ڕەنگی سپی بوو.

پێغەمبەر (ﷺ) بڕیاری دا ژن بهێنێت بۆ زەید، بۆیە ئومموئەیمەنی بۆ هێنا و لەم ژنەی زەید کوڕێکی بوو بە ناوی ئوسامە، دواتر زەید زەینەبی کچی جەحشی بەهاوسەر گرت، ئەمیش پووزای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو، بەڵام دواتر زەید زەینەبی تەڵاق دا، دوای ئەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ژنێکی تری بۆ هێنا.

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) بانگەوازی ڕاگەیاند و بێباوەڕان کێشەیان بۆ دروست دەکرد، هاتن بۆ لای ئەبووتالیب و پێشنیازی ماددییان دەخستە بەردەم پێغەمبەر (ﷺ) تا واز بهێنێت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: تەنها یەك وشەم دەوێت لێتان، بڵێن لا اله الا الله، بەڵام ئەوان ڕازی نەبوون، یەکێکیان وتی ئەمە تەنها چارەسەری بریتیە لە کوشتنی، بۆ شەوەکەی پێغەمبەر (ﷺ) دیار نەما، ئەبوو تالیب و مامەکانی هاتن بۆ ماڵی، کەچی لەوێ نەبوو، بۆیە گەنجانیان کۆکردنەوەو هەرکام ئاسنێکیان بە دەستەوەبوو، ئەبوو تالیب وتی دەچمە لای کەعبەو هەرکامتان لای سەرکردەیەکیان بوەستن، ئەگەر موحەممەد کوژرابوو دەیانکوژین، لەو کاتەدا زەید هاتەوە، ئەبووتالیبی بەو شڵەژاویە بینی، ئەبووتالیب وتی ئەی زەید برازاکەمت نەدیوە؟ وتی با کەمێك لەمەوبەر لەگەڵ من بوو، ئەبووتالیب وتی ناچمەوە ماڵ تا نەیبینم، خێرا زەید چوویە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە لە ماڵێك لەگەڵ هاوەڵانی بوو، هەواڵ و بەسەرهاتەکەی بۆ باسکرد، پێغەمبەریش (ﷺ) گەڕایەوەو هات بۆ لای ئەبوو تالیب.

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ تائیف زەیدیش لەگەڵیدا چوو، کاتێك خەڵکی ئەوێ پێغەمبەریان (ﷺ) بەردباران دەکرد، زەید خۆی دەدایە بەر بەردەکان و پێغەمبەری خوای (ﷺ) دەپاراست، ئینجا کە پێغەمبەر (ﷺ) بۆ حەسانەوە لەژێر دارخورمایەکدا دانیشتبوو، زەید پێی وت چۆن دەچیتەوە ناو مەککە لەکاتێکدا قورەیشیەکان تۆیان دەرکرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئەی زەید ئەم حاڵەی تۆ دەیبینیت خوای گەورە دەرووی خێر و ڕزگاری بۆ دەکاتەوە، خوا ئایینی خۆی سەردەخات و پێغەمبەرەکەی سەردەخات).

زەید دواتر کۆچی کرد بۆ مەدینە، لەوێ لە غەزای بەدرو ئوحود و غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد تا لە غەزای موئتەدا شەهید بوو.

پێغەمبەر (ﷺ) هەریەك لە زەید و ئەبوورافیعی بانگ کرد و دوو وشتری پێدان و پێنج سەد درهەمیشی پێدان و ئەوانی نارد بۆ مەککە تا بچن فاتیمەو ئوممولکسوومی کچانی پێغەمبەر (ﷺ) و سەودە و ئوسامەی کوڕی زەید بهێنن بۆ مەدینە.

کاتێك زەینەب کەوتەڕێ بۆ کۆچەکەی، خێرا کۆمەڵێك کەوتنە شوێنی تا ئازاری بدەن، ئەوکات زەینەب سکی هەبوو، زەینەبیان لەسەر وشترەکەی خستە خوارەوەو بەو کەوتنەی سکەکەی خست و خوێنیشی لێ ڕۆیشت، ئەوەبوو زەینەب برایەوە بۆ لای هیندی کچی عوتبە، هیند پێی دەوت هەموو ئەم بەزمانە لەبەر باوکتە، زەید بە وشترەکەیەوە نزیك بوویەوە تا گەیشت بە شوانێك، وتی شوانی کێیت؟ ئەویش وتی هی ئەبولعاصم، وتی ئەی ئەو مەڕانە هی کێن؟ وتی هی زەینەبی کچی موحەممەدن، زەید لەگەڵیدا چوو، دواتر بە شوانەکەی وت ئەگەر شتێکت بدەمێ دەیگەیەنیتە

دەستی زەینەب بەلام لای کەس باسی نەکەیت؟ وتی بەڵێ، زەید خاتەمەکەی پێدا، کابرای شوانە چوویەوەو مەڕەکانی کردەوە شوێنی خۆیان و خاتەمەکەی دا بە زەینەب، زەینەبیش خاتەمەکەی ناسیەوەو وتی کێ ئەمەی پێدایت؟ شوانەکە وتی کابرایەك، زەینەب وتی ئەی لەکوێ جێتهیشت؟ وتی لە فلانە شوێن، زەینەبیش بێدەنگ بوو تا شەو هات، ئینجا چوو بۆ لای زەید، کە گەیشتە لای زەید، زەید وتی (سەرکەوە لەپێش منەوە دابنیشە)، زەینەب وتی نەخێر تۆ سەرکەوەو لەپێش منەوە دابنیشە، زەینەب لە دواوەو زەید لە پێشیەوە بەسەر وشترەکەوە چوونەوە بەرەو مەدینە، پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (ئەمە چاکترین کچمە کە لەبەر من تووشی ناڕەحەتی بوو).

زەید لە قورئاندا و لە سوورەتی ئەحزابدا ناوی هاتووە، ئەمیش تاکە هاوەڵە کە لە قورئاندا ناوی هێنرابێت.

زەید سیفەتی سەرکردایەتی و ئەمیرایەتی تێدابوو، پێغەمبەر (ﷺ) ئاماژەی بەوە داوە.

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: جارێك زەید هات و تەقەی دا لە دەرگا، پێغەمبەر (ﷺ) بەرەورووی هەستا و جلەکانی بەدوای خۆیدا رادەکێشاو باوەشی کرد بە زەیددا و ماچی کرد.

پێغەمبەر (ﷺ) زەیدی کوڕی نارد بۆ شەڕی موئتە لە خاکی شام، ئەوەبوو لە مانگی جەمادیلئوولای ساڵی هەشتەمی کۆچیدا لەو غەزایەدا شەهید بوو.

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی کوژرانی جەعفەر و زەید و عەبدوڵای کوڕی ڕەواحەی بیست دانیشت و خەفەت دەموچاوی داگرتبوو، ئینجا دەیفەرموو:(وایە لە زەید خۆش بیت، خوایە لە زەید خۆش بیت، خوایە لە زەید خۆش بیت، خوایە لە جەعفەر خۆش بیت، لە عەبدوڵای کوڕی ڕەواحە خۆش بیت).

پێغەمبەر (ﷺ) چوو سەردانی ماڵی زەیدی کرد، کچەکەی زەید هەنیسکی گریان گرتبووی و بە گریانەوە ڕووەو پێغەمبەر (ﷺ) چوو، پێغەمبەریش (ﷺ) دەستی کرد بە گریان، سەعدی کوڕی عوبادە کە لەوێ بوو وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو گریانە چیە؟ فەرمووی: (ئەوە تاسەی خۆشەویستە بۆ خۆشەویستەکەی).

کاتێك زەید شەهید بوو تەمەنی پەنجاو پێنج ساڵ بوو.

**پرسیار:**

1-زەید چۆن گەیشتە مەککە؟

2-بۆچی زەید لە مەدینەوە گەڕایەوە بۆ مەککە؟

3-خۆشەویستی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ زەید باس بکە.

4-پێغەمبەر (ﷺ) چ نزایەکی کرد بۆ زەید؟

5-سێ پەندو وانە لە ژیانی زەیددا باس بکە.

## ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراح (رضي الله عنه)

یەکێکی تر لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ناوی عامیری کوڕی عەبدوڵایە کە زیاتر بە ئەبووعوبەیدە ناسراوە، ئەبووعوبەیدە هەر زوو لە مەککە موسڵمان بوو، هێشتا بانگەواز نهێنی بوو ئەبووعوبەیدە موسڵمان بوو.

ئەبووعوبەیدە یەکێکە لە بەشداربوانی کۆچی حەبەشە، دواتر لەوێوە گەڕایەوە مەککەو لەوێوە کۆچی کرد بۆ مەدینە.

ئەبووعوبەیدە لە غەزای بەدرو ئوحودو خەندەق و هەموو غەزاکانی دواتریشدا بەشداری کرد.

لە غەزای بەدردا ئەبوعوبەیدە بەشدار بوو و بە بەرچاوانیەوە باوکی کە لەناو سوپای بێباوەڕاندا بوو کوژرا.

ئەبووبەکری صدیق دەڵێت کە خەڵکی لە ئوحوددا لە دەوری پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بڵاوەیان کردبوو، یەکەم کەس من بووم چووم بۆ لای پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، دەبینم کەسێك لە دەوری بەرگری لێدەکات، وتم بەڵکو ئەوە تەلحە بێت بە دایك و باوکمەوە بە قوربانی بم، دواتر بینیم لە دوایشەوە کەسێك هات دەتوت باڵندەیەو دەفڕێت، خێرا خۆی گەیاندە من، دەبینم ئەبووعوبەیدەیە، خێرا پێکەوە چووین بۆ لای پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) و تەلحەش لە بەردەم پێغەمبەردا (صلی الله علیه وسلم) کەوتبوو، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی فریای براکەتان بکەون، ئینجا تیرێك بەر تەوێڵی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) و تیرێکیش بەر رومەتی کەوتبوو، ئەبووعوبەیدە وتی ئەی ئەبووبەکر سوێندت دەدەم بە خوا بهێڵە من لایبەرم، ئەوەبوو بە ددان تیرەکەی گرت و هێواش هێواش دەریدەکرد و

حەزی نەدەکرد پێغەمبەر (ﷺ) ئازاری پێ بگات، دواتر ویستم من ئەو تیرەکەی تر دەربکەم، کەچی هەمدی ئەبووعوبەیدە سوێندی دام و بەهەمان شێوە ئەوی دیکەشی دەرکرد.

جارێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) سوپایەکی ئامادە کرد کە ژمارەی جەنگاوەرەکانی زیاد لە سێ سەد کەس دەبوون، ئەبووعوبەیدەشی کرد بە ئەمیری سوپاکە، پێغەمبەر (ﷺ) بڕێك خورمای پێدابوون کە لەبەر کەمیەکەی وەك منداڵ خورماکەیان دەمژی و بە دوایدا ئاویان دەخواردەوە، ئینجا ئەو گەڵایانەی کە وەریبوون دەیانخواردو بەدوایدا ئاویان دەخواردەوە، ئینجا گەیشتینە کەناراوی دەریا، دەبینین حووتێکی گەورە لەوێدا کەوتووە، ئەبووعوبەیدە وتی ئەوە مردارەوە بووە مەیخۆن، دواتر وتی ئەمە سوپای پێغەمبەری خوایەو لە ڕێی خوادایە و ئێمەش ناچارین، ناوی خوا بهێنن و لێی بخۆن، لێیان خوارد و بەشێکیشیان لێهەڵگرت، ئەبووعوبەیدە پارچەیەکی لێهەڵگرت، کە هاتنەوە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و هەواڵی پرسین، ئەوانیش بەسەرهاتەکەیان بۆ باسکرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی(ئەوە ڕۆزیەك بوو خوا پێی بەخشین، هیچیتان لێ هێناوەتەوە؟) وتیان بەڵێ، بڕێکیان لێی برد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) و ئەویش لێی خوارد.

هەروەها ئەبووعوبەیدە لە فەتحی مەککەشدا بەشداری کرد.

هەروەها کاتێ عەمری کوڕی عاص هێرشی بردە سەر سنوورەکانی شام، عەمر داوای ناردنی سوپای پشتیوانی لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد، پێغەمبەریش (ﷺ) سوپایەکی لە کۆچەران پێکهێناو ئەبووعوبەیدەی کرد بە بەرپرسیان.

ئەبووعوبەیدە تا دواساتەکانی ژیانی پێغەمبەر (ﷺ) بەشداری غەزاکانی دەکرد و هەر هەوڵێکی دەدا بۆ خزمەتکردنی ئیسلام.

پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (ئەمینداری ئەم ئوممەتە ئەبوو عوبەیدەی کوڕی جەراحە)، هەروەها دەیفەرموو (هەر ئوممەتێك ئەمینێکی هەیەو ئەمینی ئەم ئوممەتەش ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراحە).

کاتێك وەفدی یەمەن هاتن بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، داوایان کرد کەسێك بنێرێت لەگەڵیان تا فێری سوننەت و ئیسلامیان بکات، پێغەمبەریش (ﷺ) دەستی ئەبووعوبەیدەی گرت و فەرمووی(ئەمە ئەمینی ئەم ئوممەتەیە).

ئەبووعوبەیدە یەکێکە لە موژدەپێدراوانی بەهەشت، پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراح لە بەهەشتە).

عەمری کوڕی عاص دەڵێت پرسیار کرا لە پێغەمبەر (ﷺ) کێ زۆر لات خۆشەویستە؟ فەرمووی عائیشە، وتیان ئەی لەپیاوان؟ فەرمووی ئەبووبەکر، وتیان دواتر، فەرمووی عومەر، وتیان دواتر، فەرمووی ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراح.

لە سەردەمی خیلافەتی ئەبووبەکری صدیقدا ئەبووعوبەیدە یەکێك بوو لە بەشداربوانی کۆکردنەوەی قورئانی پیرۆز، هەروەها ئەبووبەکر ئەبووعوبەیدەی کردبوو بە بەرپرسی دارایی موسڵمانان، دواتر ئەبووعوبەیدەی نارد بۆ شام و کردی بە ئەمیری ئەوێ.

عومەری کوڕی خەتتابیش لەگەڵ دەستبەکاربوونیدا خێرا بەرپرسیارێتی گەورەی بە ئەبووعوبەیدە سپارد، ئەبووعوبەیدە لە ماوەی ئەمیرایەتیەکەیدا توانی زۆر ناوچە بخاتە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامەوەو خەڵکێکی زۆریش موسڵمان بوون.

عومەری کوڕی خەتتاب زۆر سەرسام بوو بە ئەبووعوبەیدە، دەیوت ئەگەر سەرەمەرگم هات و ئەبووعوبەیدە زیندوو بێت، دەیکەم بە جێنشینی خۆم.

جارێك عومەر لەگەڵ هەندێ لە هاوەڵانیدا بوو، وتی هەرکامتان هیوا و ئاواتی خۆتان بڵێن، هەرکەسەو هیواو ئاواتی خۆیوت، عومەریش وتی من خۆزگە دەخوازم پڕی ماڵێك پیاوی وەك ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراحم هەبێت.

جارێك عومەر گەیشت بە ئەبووعوبەیدە، پێکەوە تەوقەیان کرد و عومەر دەستی ئەبووعوبەیدەی ماچکرد.

جارێك عومەری کوڕی خەتتاب بۆ سەردان چوو بۆ شام، لەوێ خەڵکی پێشوازیەکی گەرمیان لێکرد، عومەر وتی ئەبووعوبەیدەی برام کوا؟ وتیان ئێستا دێت، پاش کەمێك بە سواری وشترێکەوە هات، دواتر لەگەڵ خۆی خەلیفەی بردەوە بۆ ماڵەوە، عومەر تەماشای کرد لە ماڵەکەیدا تەنها شمشێر و کەوان و کۆڵەکەی لەوێن، عومەر وتی بۆچی شتێکی وات لە ماڵەوە دانەناوە؟ ئەویش وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران ئەمە دەمانگەیەنێتە جێ، دواتر داوای خواردنی کرد، ئەویش چوو چەند پارچە نانێکی رەقی هێنا، عومەر دەستی کرد بە گریان، پاشان وتی ئەی ئەبووعوبەیدە دنیا هەموومانی گۆڕی تەنها تۆ نەبێت.

پەندو وانە:

دەبێت سەرکردەی وڵاتو بەرپرسی ناوچەکان زۆر سەرقاڵی دنیا و پارەو سامان نەبنو زیاتر بیریان لای هاوڵاتیانی ناوچەکە بێت، دەبێت بە جۆرێك بژین لە سەختی و ناڕەحەتی ژیان خەڵك تێبگەن، ئەگەرنا لای خوا بەرپرسیار دەبن و سزایان سەخت دەبێت.

ئەبووعوبەیدە بەوە ناسرابوو کە ڕەوشتی زۆر جوان بووەو زۆر لەسەرخۆو نەرمونیان بووە، کەسێکی تەواو خاکی بووە.

دواجار ئەبووعوبەیدە لە شام و لە ساڵی هەژدەی کۆچی و لە تەمەنی پەنجاو هەشت ساڵیدا بە نەخۆشی تاعوون کۆچی دوایی کرد.

ئەبووعوبەیدە دەیوت: لەوانەیە کەسی وا هەبێت جلەکەی پاك و سپی بێت، کەچی دینداریەکەی پیس بێت، هەروەها دەیوت: ئەگەر خوا بەرەکەت بخاتە شتی کەمەوە، ئیتر ئەو شتە زۆر ئەبێت.

## پرسیار:

1- ئەبووعوبەیدە لە غەزای ئوحوددا چی کرد؟

2- پێغەمبەر (ﷺ) سەبارەت بە ئەبووعوبەیدە چی فەرمووی؟

3- بەسەرهاتی سەردانەکەی ئیمامی عومەر بۆ لای ئەبووعوبەیدە چۆن بوو؟

4- ئەرکو ئیشەکانی ئەبووعوبەیدە لەسەردەمی خەلیفە ئەبووبەکردا چی بوون؟

5- دوو وتەی جوانی ئەبووعوبەیدە باس بکە.

## عەبباسی مامی پێغەمبەر (ﷺ)

یەکێك لە مامەکانی پێغەمبەر (ﷺ) کە موسڵمان بوو و بە موسڵمانی کۆچی دوایی کرد ناوی عەبباس بوو، پێغەمبەر (ﷺ) زۆر خۆشی دەویستو ڕێزێکی زۆری دەگرت، عەبباس دوو ساڵ پێش لەدایکبوونی پێغەمبەر (ﷺ) لەدایك بوو، عەبباس باوکی یەکێك لە هاوەڵو زانا گەورەکانی ناو مێژووی موسڵمانانە کە ئەویش عەبدوڵای کوڕی عەبباسە.

عەبباسی مامی پێغەمبەر (ﷺ) لە سەردەمی نەفامیدا لە مەککە گەورەی قوڕەیش بوو، سەرپەرشتی مەسجیدولحەرام بەدەست ئەو بوو، زۆر بە جوانی بارەکەی ڕادەگرت، نەیدەهێشت تاکە کەسێك لە مەسجیدولحەرامدا قسە بلێت.

عەبباس دەڵێت جارێك لە مزگەوت بووم کە ئەبووجەهل هات و وتی سوێند بێت ئەگەر موحەممەد ببینم لە سوجدەدا بێت بچمە سەر گەردنی، منیش چووم و هەواڵم دا بە پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەریش (ﷺ) بە تووڕەییەوە چوویە مزگەوت و دەستی کرد بە قورئان خوێندن، کەسێك بە ئەبووجەهلی وت ئەوە موحەممەدە، ئەویش وتی مەگەر ئەوەی من دەیبینم ئێوەش نایبینن؟ بەخوا ئاسمان بەسەرمەوە وەستاوە.

عەبباس هاودەم و کەسی نزیکی پێغەمبەر (ﷺ) بوو، زۆر جار لە مەککە پێکەوە دادەنیشتنو پێکەوە دەچوونە بازاڕ و پێشوازی میوانو وەفدی ناوچەکانیان دەکرد.

عەبباس هەر زوو لە مەککە موسڵمان بوو، بەڵام بە فەرمانی پێغەمبەر (ﷺ) موسڵمانبوونی خۆی شاردەوەو لە مەککە مایەوە تا هەم سەرپەرشتی موسڵمانانی ئەوێ بکاتو هەم هەواڵی بێباوەڕان بنێرێت بۆ پێغەمبەر(ﷺ)، عەبباس کاتێ ویستی کۆچ بکات بۆ مەیدنە پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو (مانەوەت لە مەککە چاکترە).

ئەبوورافیعی خزمەتکاری عەبباس دەڵێت: من خزمەتکاری عەبباس بووم و موسڵمان بووبووم، خودی عەبباس و ژنەکەشی موسڵمان بووبوون، بەڵام عەبباس موسڵمانبوونەکەی خۆی دەشاردەوە.

عەبباس بە ناچاری و بە نابەدڵی لە جەنگی بەدردا لەگەڵ بێباوەڕاندا بەشداری کرد و تیایدا بە دیل گیرا، پێش ئەوەی جەنگی بەدر ڕووبدات، پێغەمبەر (ﷺ) بە هاوەڵانی فەرموو هەرکەس عەبباسی بینی نەیکوژێت، چونکە بە نابەدڵی هاتووە.

ئەو شەوەی عەبباس دیل بوو پێغەمبەر (ﷺ) نەخەوت، هاوەڵان وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆچی ناخەویت؟ فەرمووی نرکەو ناڵەی عەبباسی مامم بیست کە کۆتکراوە، ئەوانیش چوون کۆتەکەیان لابرد، ئیتر عەبباس بێدەنگ بوو، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) خەوت.

دواتر پێغەمبەر (ﷺ) بە عەبباسی فەرموو ئەی عەبباس خۆت و عەقیلی برازات و نەوفەل و عوتبە بە سامان ئازاد بکە، چونکە تۆ سامانت هەیە، ئەویش وتی ئەی پێغەمبەر (ﷺ) من موسڵمان بووم، بەڵام هۆزەکەم بە زۆر منیان هێنا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی خوا زاناترە بە موسڵمان بوونت، ئەگەر وابێت کە دەیڵێیت ئەوە خوا پاداشتت دەداتەوە، ئەویش وایکرد.

کاتێك بێباوەڕان خۆیان ئامادە کرد بۆ جەنگی ئوحود، عەبباس وردەکاری زانیاری بێباوەڕانی بە نامەیەك نووسی بۆ پێغەمبەر (ﷺ).

ماوەیەك پێش فەتحی مەککە، عەبباس بە ژن و منداڵیەوە کەوتەڕێ بۆ مەدینە، بەڵام لە نیوەی ڕێدا گەیشت بە پێغەمبەر (ﷺ) کە دەچوو بۆ فەتحی مەککە.

لە شەوی فەتحی مەککەدا عەبباس بە ئەبووسوفیانی وت ماڵوێران سەرکەوە با بتبەم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و داوای پەنات بۆ بکەم، ئەبووسوفیانیش لە دوای عەبباسەوە سەرکەوت، ئەبووسوفیانی برد و لای پێغەمبەر (ﷺ) تکای بۆ کرد، ئینجا بەو هۆیەوە ئەبووسوفیان موسڵمان بوو.

عەبباس پاش فەتحی مەککە لە نزیکی پێغەمبەرەوە(ﷺ) بوو، پێغەمبەری خوا (ﷺ) زۆر ڕێزی لە عەبباس دەنا و سەردانی دەکرد، عەبباس لە غەزای حونەیندا بەشداری کرد و ئەو کاتەی موسڵمانان شکان و بڵاوەیان کرد لە دەوری پێغەمبەر (ﷺ)، عەبباس یەکێك بوو لەوانەی لە دەوری پێغەمبەر (ﷺ) مایەوەو بەرگری لێدەکرد.

جارێك عەبباس بەوپەڕی تووڕەییەوە چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی چی تووڕەی کردویت؟ عەبباس وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) قوڕەیش چیانە؟ کە بە یەکتر دەگەن بەیەکەوە ڕوویان خۆشە، کەچی کە بە ئێمە دەگەن دەموچاویان جۆرێکی ترە، پێغەمبەر (ﷺ) تووڕە بوو تا ئەوەی دەموچاوی سوور هەڵگەڕاو دواتر فەرمووی (سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە ئیمان ناچێتە دڵی کەسێکەوە تا ئێوەی لەبەر خواو پێغەمبەرەکەی خۆش نەوێت) پاشان فەرمووی

(ئەی خەڵکێنە هەرکەس ئازاری مامم بدات ئەوە ئازاری منی داوە، چونکە مامی هەر کەسێك هاوتای باوکیەتی).

عەبباس یەکێك بوو لەوانەی کە تەرمی پێغەمبەری خوای(ﷺ) شۆرد، دواتریش پێش هەموان نوێژی لەسەر تەرمەکەی کرد، کە تەرمەکەشی خرایە ناو گۆڕەکەی، عەبباس یەکێك بوو لەوانەی دابەزیە ناو گۆڕەکەی.

کاتێك عومەری کوڕی خەتتاب بوو بە خەلیفەو مووچەی بۆ خەڵکی بڕیەوە، بۆ عەبباسی مامی پێغەمبەر (ﷺ) پێنج هەزار درهەمی دیاری کرد چونکە مامی پێغەمبەر (ﷺ) بوو.

هاوەڵان پلەوپایەی عەبباسیان دەزانی و ڕێزێکی زۆریان لێدەگرت و ڕاوێژیان پێدەکرد.

عەبباس لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا تووشی نەخۆشی بوو و دواجار لە سەردەمی خیلافەتی عوسمانی کوڕی عەففان و لە ڕۆژی هەینی و لە مەدینە کۆچی دوایی کرد و عوسمانی کوڕی عەففان نوێژی لەسەر کرد و لە گۆڕستانی بەقیع ئەسپەردە کرا، تەمەنی هەشتا و هەشت ساڵان بوو.

عەبباس تا کاتی وەفاتی نزیکەی حەفتا کۆیلەی ئازاد کرد، چونکە کەسێکی بازرگان بوو، دەوڵەمەند بوو و خێری زۆری دەکرد.

عەبباس دەڵێت بیستم لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (ئەوە چێژی ئیمانە، کەسێك ڕازی بێت خوا پەروەردگاری بێت و ئیسلام ئایینی بێت و موحەممەد پێغەمبەری بێت).

**پرسیار:**

1-بۆچی عەبباس لە مەککە مایەوەو کۆچی نەکرد بۆ مەدینە؟

2-عەبباس لە بەدردا چی بەسەرهات؟

3-عەبباس چۆن یارمەتی ئەبووسوفیانی دا؟

4-بۆچی عەبباس تووڕە بوو؟

5-فەرموودەیەك بخوێنەرەوە کە عەبباس گێڕاویەتیەوە.

6- گرنگترین پەندو وانەکانی نێو ژیانی عەبباس چی بوون؟

## عەبدوڵای کوڕی مەسعوود( ﭬ )

ئەم هاوەڵەی پێغەمبەر (ﷺ) یەکێکە لە زاناو کەسە دیارەکانی ناو هاوەڵان، یەکێك لەو هاوەڵانەی کە لە مەدینەدا خەڵکی وانەیان لا دەخوێند و زانایەکی گەورەو دیار بوو، فەرموودەیەکی زۆری لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە، ئەویش ناوی عەبدوڵای کوڕی مەسعوودە.

عەبدوڵای کوڕی مەسعوود کەسێکی لاوازی باڵاکورت بوو، جلی سپی دەپۆشی و هەمیشە بۆنی خۆشی لە خۆی دەدا، لە ناو کتێبەکاندا زیاتر بە ئیبن مەسعوود ناسراوە.

ئیبن مەسعوود یەکێکە لە دەستەی یەکەمی موسڵمان بوان، موسڵمان بوونەکەشی بەو جۆرە بوو کە خۆی دەیگێڕێتەوەو دەڵێت من مەڕو ماڵاتی عوقبەم

دەلەوەڕاند، پێغەمبەر (ﷺ) دای بە لامدا و منیش منداڵ بووم، فەرمووی ئەی مێرمنداڵ شیر هەیە؟ وتم بەڵێ، بەڵام من ڕاسپاردەم و هی خۆم نیە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی مەڕێك هەیە بەران نەچووبێتە لای؟ وتم بەڵێ، چووم و هێنام، پێغەمبەر (ﷺ) دۆشی و شیر هات و شیرەکەی کردە قاپێك و لێی خواردەوەو بەشی ئەبووبەکریشی دا، دواتر بە گوانەکەی فەرموو بوەستە، ئەوەبوو لە شیردان وەستا، منیش وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو قسەم فێر بکە، ئەویش دەستی هێنا بەسەرمدا و نزای بۆ کردم و فەرمووی(خوا ڕەحمت پێ بکات تۆ مێرد منداڵێکی فێرکراویت).

ئیبن مەسعوود یەکەم کەس بوو دوای پێغەمبەر (ﷺ) بە ئاشکرا لە مەککە قورئانی خوێند، ڕۆژێك هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) وتیان بەخوا قورەیش گوێیان لەم قورئانە نەبووە بە ئاشکرا بۆیان بخوێنرێت، جا کێ ئەوە دەکات؟ عەبدوڵای کوڕی مەسعوود وتی من، وتیان دەبێت کەسێك بێت هۆزەکەی بەرگری لێ بکەن، وتی وازم لێ بهێنن، چونکە خوا دەمپارێزێت، ئەوەبوو عەبدوڵا چوو و لە نێو قورەیشیەکاندا دەستی کرد بە قورئان خوێندن، ئەوانیش ڕامابوون و دەیانوت ئەمە چی دەڵێت، خەڵکێك وتیان ئەوە دەخوێنێت کە موحەممەد هێناویەتی، بۆیە هەستان و کەوتنە لێدانی دەموچاوی و ئەویش هەر قورئانی دەخوێند، دواتر وازیان لێهێنا و دەموچاوی تەواو خوێناوی بووبوو، هاوەڵانی چوون بۆ لای و وتیان دەترساین ئەمەت تووش ببێت، ئەویش وتی بەخوا بتانەوێت بەیانیش هەمدی دێم و لێرە قورئانیان لەنێودا دەخوێنمەوە، ئەوانیش وتیان نا بەسە، ئەوەی ڕقیان لێی بوو چپاندت بە گوێیاندا.

## پەندو وانە:

پێویستە هەموان وەك ئیبن مەسعوود ئامادە بین پەیامی خوا بگەیەنین و ترسمان لە دوژمن نەبێت، لەوە نەترسین سەرکۆنە بکرێین و بەرگەی ئازارو ناڕەحەتیەکانیش بگرین، چونکە گەیاندنی ڕاستی و حەق ئەرکی سەرشانی موسڵمانە.

ئیبن مەسعوود یەکێك بوو لەو هاوەڵانەی کۆچیان کرد بۆ حەبەشە، بەڵام ماوەیەك لەوێ مایەوەو دواتر گەڕایەوە بۆ مەککەو لەوێشەوە کۆچی کرد بۆ مەدینە.

ئیبن مەسعوود یەکێك بوو لە بەشداربوانی غەزای بەدر، هەروەها لە غەزای ئوحودیشدا بەشداری کرد و تیایدا ڕۆڵی کارای بینی، بەتایبەت کاتێك موسڵمانان لە دەوری پێغەمبەر (ﷺ) بڵاوەیان کرد، ئیبن مەسعوود یەکێك بوو لەوانەی لە دەوری پێغەمبەر (ﷺ) مایەوە.

هەروەها ئیبن مەسعوود لە غەزای خەندەق و بەیعەتی ریزوان و هەموو غەزاکانی دواتریشدا بەشداری کرد.

ئەبوو مووسای ئەشعەری دەڵێت من و براکەم لە یەمەنەوە هاتینە مەدینە، ماوەیەك ماینەوە، ئیبن مەسعوود و دایکیشی هێندە سەردانی ماڵی پێغەمبەری خوایان (ﷺ) دەکرد واماندەزانی لە بنەماڵەی پێغەمبەری خوان (ﷺ).

ئیبن مەسعوود لە کاتی سەفەر و دەرچوونەکانی پێغەمبەریشدا (ﷺ) هاودەمی پێغەمبەر (ﷺ) بوو و خزمەتی دەکرد، نەعلەکانی پێغەمبەری خوای(ﷺ) هەڵدەگرت و دەیخستە بنباڵی، داردەستەکەی دەدایە دەستی.

ئیبن مەسعوود هێندە هاودەمی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو کە دەیوت سوێند بەو خوایەی هیچ پەرستراوێك نیە جگە لەو، چی سوورەتی قورئان دابەزیوە دەزانم لەکوێ دابەزیوە، چی ئایەتی قورئان دابەزیوە دەزانم لەسەر چی دابەزیوە، ئەگەر بزانم کەسێك لە خۆم شارەزاتر بە قورئان هەیە و دەتوانم بە سواری وشتر پێی بگەم دەچووم بۆ لای.

ئیبن مەسعوود هێندە شارەزا بوو لە خوێندنەوەی قورئاندا کە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو هەرکەس حەز دەکات بە جوانی قورئان بخوێنێتەوە با بە شێوە خوێندنەوەی ئیبن ئوم عەبد–واتە ئیبن مەسعوود–بیخوێنێتەوە).

ئیبن مەسعوود دەڵێت جارێك پێغەمبەر (ﷺ) بە منی فەرموو قورئانم بەسەردا بخوێنەرەوە، منیش وتم قورئانت بەسەردا بخوێنمەوە لەکاتێکدا بۆ سەر تۆ دابەزیوە؟!، فەرمووی حەز دەکەم لە کەسی جگە لە خۆم بیبیستم، منیش سورەتی نیسائم بۆ خوێندەوە ... بینیم چاوەکانی پێغەمبەر (ﷺ) فرمێسکیان پێوەیە.

جارێك پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد بە ئیبن مەسعوود تا بچێتە سەر دارێك تا شتێکی لێ داگرێت، ئەویش کە سەرکەوت، هاوەڵان تەماشای قاچی ئیبن مەسعوودیان دەکرد و بە باریکی قاچەکانی پێدەکەنین، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (بەچی پێدەکەنن؟ دڵنیابن قاچی عەبدوڵا لە رۆژی دواییدا لە تەرازوودا زۆر قورسترە لە ئوحود).

ئیبن مەسعوود لە سەردەمی ئەبووبەکری صدیقیشدا ڕۆڵی خۆی بینیو شەوانە پاسەوانی گەڕەکەکانی مەدینەی دەکرد، هەروەها لە جەنگی یەرمووکدا بەشداری کرد.

جارێك ئیبن مەسعوود هات بۆ لای عومەری کوڕی خەتتاب و خەڵکی لە دەوری کۆبوونەوە، عومەریش پێکەنی و دواتر لەگەڵ ئیبن مەسعوود کەوتە قسەکردن و بە بینینی ئیبن مەسعوود دەموچاوی گەشابوویەوە و زەردەخەنەی بۆ دەکرد، دواتر کە ئیبن مەسعوود چوو عومەر هەر تەماشای دەکرد و دەیوت کووپێکی پڕ لە زانستە.

ئیبن مەسعوود لە سەردەمی عوسمانی کوڕی عەففاندا کە بەرپرسی بەیتولمالی موسڵمانان بوو لە کووفە، بەیتولمالیش ئەو شوێنە بوو کە سامانی گشتی موسڵمانانی تێدا بوو.

پاش ماوەیەك ئیبن مەسعوود گەڕایەوە بۆ مەدینەو لەوێ نەخۆش کەوت، عوسمانی کوڕی عەففان هات بۆ لای، ئەوەبوو لە ساڵی سی و دووی کۆچیدا وەفاتی کرد، نوێژی لەسەر کرا، ئینجا وەستان تا شەو، چونکە خۆی وەسیەتی کردبوو شەو ئەسپەردەی بکەن، ئینجا لە گۆڕستانی بەقیع ئەسپەردەیان کرد.

ئیبن مەسعوود دەیوت زۆر ڕقمە کەسێك ببینم دەست بەتاڵ بێت، نە خەریکی کاری دنیای بێت و نە خەریکی قیامەتی بێت.

هەروەها دەیوت ڕازی بە بەوەی خوا بۆی داناویت دەوڵەمەندترین کەس دەبیت.

**پرسیار:**

1-بەسەرهاتی قورئان خوێندنەکەی ئیبن مەسعوود لە مەککە چۆن بوو؟

2-ئیبن مەسعوود چۆن خزمەتی پێغەمبەری خوای (ﷺ) دەکرد؟

3-لەو کاتەی ئیبن مەسعوود لەسەر دارەکە بوو، پێغەمبەر (ﷺ) چی فەرموو؟

4-سەردانەکەی ئیبن مەسعوود بۆ لای عومەری کوڕی خەتتاب باس بکە.

5-دوو ئامۆژگاری ئیبن مەسعوود بنووسەرەوە.

## ئەسلەم

لە سەردەمی زوودا وا باو بوو کاتێ جەنگیان دەکرد ژنو منداڵی ئەو شوێنەیان دەبرد کە هێرشیان دەکردە سەر، ئیتر ئەو منداڵانە وەك کۆیلە دەفرۆشران تا خزمەتی ئەو کەسە بکەن کە دەیانکڕێت.

یەکێك لەو منداڵانە ناوی ئەسلەم بوو کە لە بنەڕەتدا لە قیبطیەکانی میصر بوو، بەڵام کرا بە کۆیلە و هێنرا بۆ مەککە و لەوێ لە بازاڕی کۆیلەفرۆشاندا فرۆشرا، دواتر ئەم کۆیلەیە موسڵمان بوو، ئەسلەم زیاتر بە ئەبوورافیع ناسرابوو.

عەبباسی مامی پێغەمبەر(ﷺ) ئەسلەمی کڕی، ئەو کاتەی خزمەتی عەبباسی دەکرد هەم ئەسلەم و هەم عەبباس و هەم ژنەکەی عەبباسیش موسڵمان بووبوون، بەڵام عەبباس موسڵمانبوونی خۆی دەشاردەوەو نەیدەهێشت کەس پێی بزانێت.

ئەسلەم هەر لە مەککە مایەوەو کاتێك موسڵمانان کۆچیان دەکرد بۆ مەدینە، ئەسلەم نەیدەتوانی بڕوات، چونکە هێشتا کۆیلەی عەبباس بوو.

ئەسلەم بە دەست بێباوەڕانەوە ئازار دەدرا و لێی دەدرا، ئەوەتا خۆی بەسەرهاتێکمان بۆ دەگێڕێتەوەو دەڵێت:

کاتێ جەنگی بەدر ڕوویدا، من لە مەککە بووم، کەسێکی لاواز بوومو سەرقاڵی ئیش بووم، کە هەواڵی سەرکەوتنی موسڵمانان هات دڵخۆش بووین، ئەبوولەهەبیش نەچووبوو بۆ جەنگەکە و لەبری خۆیدا عاصی کوڕی هیشامی ناردبوو، من لای ئاوی زەمزەم لەگەڵ ژنەکەی عەبباس بووم، ئەبووجەهل هاتو قاچی ڕاکێشاو پشتی تێکردمو دانیشت، ئەوەندەم بیست وتیان ئەوە ئەبووسوفیان هاتەوە، ئەبوولەهەب چوو بۆ لای

ئەیوسوفیانو خەڵکی لە دەوری وەستابوون، پرسیاری کرد لە ئەبووسوفیان، ئەبووسوفیانیش هەواڵی پێدا کە شکستیان خواردووە، باسی لەوەش کرد پیاوانێکی جل و بەرگ سپی لە ئاسمانەوە هاوکاری موسڵمانانیان کردووە، منیش وتم بەخوا ئەوانە فریشتەی خوا بون، ئەبوولەهەبیش تا توانی دای بەناو دەممدا، هات بۆم و کەوتە لێدانم، منیش کەسێکی لاواز بووم، ژنەکەی عەبباسیش بەرگری لێکردم و هەستاو دارێکی هەڵگرتو دای بە سەریدا و پێی وت چۆن لە کۆیلەی عەبباس دەدەیت لە کاتێکدا عەبباس خۆی لێرە نیە، ئەبوولەهەبیش بە سەرشۆڕییەوە چوو، سوێند بەخوا حەوت شەوی بەسەردا نەچوو تا خوا تووشی نەخۆشیەکی کرد و بەهۆیەوە مرد، تەنانەت دوو کوڕەکەشی دوو سێ شەو تەرمەکەیان لەماڵەوە جێهێشت و ئەسپەردەیان نەدەکرد تا بۆنی کرد، خەڵکێ لە قوڕەیش پێیان وتن ئەرێ شەرم ناکەن ناچن باوکتان ئەسپەردە بکەن لەکاتێکدا وا لە ماڵەوە بۆنی کردووە؟ وتیان دەترسین ئێمەش تووشی نەخۆشیەکەی ئەو بین، یەکێك وتی وەرن منیش دێم لەگەڵتانا، بەو حاڵەشەوە دەستیان بەری نەکەوت، بەڵکو هەر لە دوورەوە ئاویان کرد بە سەریدا، دوایی بردیان لە سەرووی مەککەوە ئەسپەردەیان کردو بەردیان لەسەری دانا.

## پەندو وانە:

هەرکەس دژایەتی خوا و پێغەمبەرەکەی و موسڵمانان بکات، هەر لە دنیادا سەرشۆڕی بۆ دەمێنێتەوە، جگە لەوەی لە ڕۆژی دواییدا سزای دۆزەخی بۆ ئامادەیە، بڕوانە ئەبووجەهل کە دژایەتی پێغەمبەری خوای (ﷺ) دەکرد تووشی چ ڕسواییەك بوو و وای لێهات منداڵەکانی ئامادە نەبوون تەرمەکەشی بخەنە ناو گۆڕەوە.

کاتێ عەبباس لە غەزای بەدردا بە دەستی موسڵمانان بە دیل گیرا، ئەسلەم چوو پارەی برد و عەبباسی ئازاد کرد.

پرسیار: خۆ عەبباس موسڵمان بووبوو، ئیتر بۆچی بە دەستی موسڵمانان بە دیل گیرا؟

وەڵام: چونکە عەبباس موسڵمانبوونەکەی خۆی شاردبوویەوە تا کەس پێی نەزانێت و بتوانێت لە مەککە هەواڵی بێباوەڕان بنێرێت بۆ پێغەمبەر(ﷺ).

عەبباس لە تاو خۆشەویستی بۆ پێغەمبەر(ﷺ) ئەسلەمی پێ بەخشی، پێغەمبەریش (ﷺ) خێرا ئەوی ئازاد کرد و نەیهێشت بە کۆیلەیی بمێنێتەوە، هەر ئەوەش نا، بەڵکو ژنێکیشی بۆ هێنا بە ناوی سەلما.

ئەسلەم کۆچی کرد بۆ مەدینە و دواتر لەگەڵ زەید و تەلحەدا چوون تا ژنو منداڵەکانی پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکر ببەن بۆ مەدینە.

**پەندو وانە:**

دەبێت چەندە بتوانین ناڕەحەتی سەر شانی دەوروبەرمان لاببەین و هەوڵ بدەین لەبری ئازاردان یان ئەرك دروست کردن بۆیان، ببینە پشتیوانو هاوکاریان، وەك چۆن پێغەمبەر(ﷺ) ئەسلەمی لە کۆیلەیی ڕزگار کرد و هاوکاریشی کرد تا ژن بهێنێت.

ئەسلەم چەند کوڕێکی هەبوو کە فەرموودەیان لە باوکیانەوە دەبیست و لەبەریان دەکرد و دواتر دەیانگێڕایەوە بۆ موسڵمانان.

ئەسلەم بەشداری غەزای ئوحودو خەندەقو غەزاكانی دواتریشی كرد، لە غەزای خەیبەردا هەم خۆی و هەم سەلمای ژنیشی بەشداری غەزاكەی كرد، ئامادەیی ئەوەی هەبوو ماڵو گیانی لە پێناوی ئیسلامدا بەخت بكات.

ئەسلەم دەڵێت شەوێك سەرمایەكی سەخت بوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی كرد هەركەس لێفەو شتی پێیە بیدات بەسەر ئەوەشدا كە نیەتی، من كەسم شك نەبرد هاوبەشیم بكات، بۆیە چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش لێفەكەی خۆی دا بەسەر منیشدا، پێكەوە خەوتین تا بەیانی، بەیانی كە هەستاین مارێك لای قاچیەوە بوو، فەرمووی ئەی ئەبوورافیع بیكوژە بیكوژە.

## پەندو وانە:

دەبێت هەمیشە لە تەنگانەو نارەحەتیەكاندا بیرمان لە دەوروبەرمان بێت و تەنها خەیاڵمان لای خۆمان نەبێت، چونكە موسڵمان دەبێت چی بۆ خۆی پێ خۆش بوو، بۆ برا موسڵمانەكەشی پێی خۆش بێت.

پێغەمبەر (ﷺ) جارجارە دەچوو بۆ گۆڕستانی بەقیعو نزای خێری دەكرد بۆ مردوانی موسڵمانان، لەگەڵ خۆیشیدا ئەبوورافیعی دەبرد، لەوێیش پێغەمبەر(ﷺ) فەرموودەی بۆ ئەبوورافیع دەفەرموو و ئەویش لەبەری دەكرد و دواتر دەیگێڕایەوە بۆ موسڵمانان تا سوودی لێ وەربگرن.

ئەبوورافیع دوای وەفاتی پێغەمبەری خوایش (ﷺ) ژیا و بەشداری جیهاد و غەزاكانی دەكرد، دەچوو بۆ مزگەوت نوێژەكانی دەكرد و فەرموودەی بۆ موسڵمانان دەگێڕایەوە و تا ئەو ڕۆژەی مرد بەو چەشنە دەژیا، ئەسلەم لەپێش مردنیدا

وەسیەتی کرد بۆ عەلی کوڕی ئەبووتالیب تا وریای منداڵەکانی بێت، ئەویش وەسیەتەکەی بەجێگەیاندو سەرپەرشتی منداڵەکانی ئەسلەمی دەکرد.

**پرسیار:**

1-ئەسلەم لە بنەڕەتدا خەڵکی کوێ بوو؟ چۆن گەیشتە مەککە؟

2-بۆچی ئەبووجەهل ئەسلەمی ئازار دا؟

3-پەیوەندی نێوان ئەسلەم و پێغەمبەر(ﷺ) چۆن بوو؟

4-ئەسلەم کەی موسڵمان بوو؟

5-بۆچی عەبباس بە دیل گیرا؟

6-کام بەسەرهاتەی ناو ئەم ژیانە زۆر لات کاریگەر بوو؟

## بەشیری کوڕی سەعد(رضي الله عنه)

ئەم هاوەڵەی باسی دەکەین یەکێکە لە دانیشتوانی مەدینەو لە هاوەڵە پشتیوانیەکانە، ناوی بەشیری کوڕی سەعدە، برایەکی هەبوو ناوی سەمماك بوو کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو.

بەشیر پێش موسڵمانبوونیشی خوێنەواری هەبوو و دەیتوانی هەم نووسین بخوێنێتەوەو هەم بنووسێت، ئەوەش شتێکی زۆر گرنگ بوو، چونکە لەو کاتەدا خوێندەواری لە مەککەو مەدینەشدا زۆر کەم بوو.

کاتێك موسڵمانانی مەدینە چوون بۆ مەککە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و لە عەقەبەدا بەیعەتیان پێدا، بەشیریش هاودەم بە پشتیوانان بەشداری بەیعەتی عەقەبەی کرد.

دواتر کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینە، بەشیر بەردەوام دەچوویە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و گوێی لە فەرمایشتەکانی دەگرت و لە کاتە خۆش و سەختەکانیشدا لە دەوری پێغەمبەر (ﷺ) بوو، ئەوەبوو لە غەزای بەدر و ئوحود و هەموو غەزاکانی دواتریشدا بەشداری کرد و ئامادە بوو لە پێناو سەرخستنی ئایینی خوادا ماڵو گیانی ببەخشێت.

جارێك عەمرەی کچی رەواحە کە ژنی بەشیر بوو داوای لە بەشیر کرد لەو ماڵ و سامانەی کە هەیەتی بەشێك ببڕێتەوە بۆ کوڕەکەی، بەڵام بەشیر ڕازی نەبوو، ژنەکەشی هەر لێی دووبارە دەکردەوە تا پاش یەك ساڵ بەشیر ڕازی بوو، عەمرە وتی نابەخوا ڕازی نابم تا دەستی نەگریت و نەیبەیت بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و پێغەمبەری

خوا (ﷺ) بكەیت بە شایەت، بەشیریش منداڵەكەی هێنا بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من بەشێكی سامانم بڕیوەتەوە بۆ ئەم كوڕەم و دایكی ئەم كوڕەشم دەیەوێت تۆ شایەت بیت لەسەر ئەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئایا جگە لەمە منداڵی ترت هەیە؟ وتی بەڵێ، فەرمووی ئایا ئەوەی بۆ ئەمت بڕیوەتەوە بۆ هەموو منداڵەكانی تریشت بڕیوەتەوە؟ بەشیر وتی نا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (دەی من نابمە شایەت بۆ شتی وا، ئەوە ستەمە، بڕۆ كەسی تر جگە لە من بكە بە شایەت بۆی، لەنێوان منداڵەكانتاندا دادپەروەر بن لە بەشدا وەك چۆن حەز دەكەن ئەوان لە چاكەو میهردا لەنێوانتاندا دادپەروەر بن).

## پەندو وانە:

ئەمە نموونەیەكی جوانە تا دایكو باوك فێری ئەوە بن تا دەتوانن لەنێوان منداڵەكانیاندا دادپەروەر بن و ستەم لە هیچكامیان نەكەن، ئەگەر تەنانەت لە ناخیشەوە منداڵێكیان لەوانی تر خۆش بوێت ئەوە نابێت دەری بخەن و هەروەها لە مافدا نابێت مافی ئەوانی تر بخۆن بۆ ئەو منداڵە، چونكە هەر جیاوازی كردنێك ستەمە و دەبێتە هۆی دڵڕەنجانی ئەوانی تر و مافیان دەخورێت، خواش دادپەروەری پێ خۆشە.

بەو جۆرە بەشیر تا ژیا لە خزمەتی پێغەمبەردا (ﷺ) بوو، دوای ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی كرد و خەڵكی ویستیان خەلیفەیەك دیاری بكەن، بەشیر یەكەم كەسی ناو پشتیوانان بوو كە چوو بەیعەتی دا بە ئەبووبەكری صدیق و بە دوای

ئەودا هاوەڵە پشتیوانیەکانی تریش بەیعەتیان پێدا، ئیتر لە خیلافەتەکەی ئەبووبەکریشدا بەردەوام بوو لەسەر کاری چاکەو چوون بۆ مزگەوت و ئەنجامدانی نوێژ و سەردان و خزمایەتی و جیهادی ڕێی خوا، ئەوەبوو لە جەنگی دژ بە بێباوەڕاندا بەشداری دەکرد و دواجار لە ساڵی دوانزەی کۆچیدا لە جەنگێکدا شەهید بوو.

**پرسیار:**

1-بۆچی خوێندەواری بەشیر گرنگ بوو؟

2-بۆچی پێغەمبەر(ﷺ) ئامادە نەبوو ببێتە شایەت بۆ بەشیر؟

3-ژنەکەی بەشیر چ داواکاریەکی هەبوو؟

4-بەشیر چۆن وەفاتی کرد؟

## ئەسعەدی کوڕی زورارە(رضي الله عنه):

لە شاری مەدینە بڕێك موسڵمان هەبوون کە هێشتا پێغەمبەری خوا(ﷺ) نەچووبوو بۆ لایان، کەچی ئەوان چوون بۆ مەککە بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمان بوونو دوایی گەڕانەوە بۆ مەدینەو لەوێ بانگەوازیان دەکرد بۆ ئیسلامو چاوەڕێی هاتنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوون، بەم هاوەڵانە دەوترا پشتیوانان.

یەکێکیش لەوانە ناوی ئەسعەدی کوڕی زورارە بوو، ئەسعەد یەکەم کەسی ناو پشتیوانان بوو کە موسڵمان بوو، هاودەم بە هاوڕێیەکی بە ناوی زەکوان موسڵمان بوو، ئەسعەد کە موسڵمان بوو باسی ئیسلامی کرد بۆ ژنو منداڵەکانیو ئەوانیش هەموویان موسڵمان بوون.

ئەسعەد سەرقاڵی کاری بازرگانی بووو دەچوو بۆ شام، هەر لە پێش موسڵمانبوونیشی بڕوای بە بتپەرستی نەبووو هەمیشە باسی یەکخواپەرستی دەکرد.

جارێك ئەسعەد کە لە شامەوە دەگەڕایەوە، لەگەڵ چل کەسی هۆزەکەیدا بوو، خەوێکی دی، لە خەوەکەیدا کەسێ هاتو پێی وت لە مەککە پێغەمبەرێك دەردەکەوێ تۆیش شوێنی بکەوە، بۆ دڵنیایی قسەکەشم نیشانەیەکت پێ دەڵێم، ئێوە دەچنە شوێنێ هەموو هاوڕێکانت لەناو دەچن و تەنها تۆ ڕزگارت دەبێت، فلان کەسیش چاوی لەدەست دەدات، ئەوەبوو دوای ماوەیەك چوونە شوێنێ هەموو تووشی نەخۆشی تاعوون بوون جگە لە ئەسعەد کە ڕزگاری بوو لەگەڵ یەکێکیان کە چاوی لەدەست دا.

پرسیار: ئەسعەد کەی موسڵمان بوو؟

وەڵام: جارێ ئەسعەد و زەکوانی هاوڕێی چوون بۆ مەککە بۆ لای هاوڕێیەکیان بە ناوی عوتبە، لەوێ هەواڵی پێغەمبەریان (ﷺ) بیستو چوون بۆ لای، پێغەمبەریش (ﷺ) بانگهێشتی کردن بۆ ئیسلامو قورئانی بۆ خوێندنەوە، ئەوانیش موسڵمان بوون.

دواتر ئەسعەد لەگەڵ پشتیواناندا بەشداری بەیعەتی یەکەم و دووەمی عەقەبەی کرد، ئەوکاتەش هێشتا تەمەنی زۆر نەبوو.

کاتێ ئەسعەد چوویەوە بۆ مەدینە، لەگەڵ دوو هاوڕێی تریدا بە نهێنی دەچوون بتەکانی هۆزەکەی خۆیان دەشکاندن، بە ڕۆژیش قسەیان بۆ خەڵك دەکرد تا موسڵمان بن و وازبهێنن لە بتپەرستی، لە کاتی نوێژەکانیشدا ئەسعەد دەچوو بەرنوێژی دەکرد بۆ موسڵمانان، ئەوەش گەورەیی‌و لێهاتوویی ئەو کەسە بوو کە هەم بتەکانی لەناودەبرد و هەم بەرنوێژی بۆ موسڵمانان دەکرد و هەم هەوڵی دەدا خەڵکی تریش موسڵمان بن.

## پەندو وانە:

دەبێت ئێمەش لە ژیانی ئەسعەد و هاوەڵانی ترەوە فێری ئەوە بین تا دەتوانین بانگەواز بکەین بۆ ئایینی خوا و هەر خراپەو هەڵەیەکمان بینی، هەوڵ بدەین ڕاستی بکەینەوەو خراپە نەهێڵین و هەرکەس خراپەی کرد تێی بگەیەنین کارێکی باش ناکات و وای لێ بکەین وازی لێ بهێنێت.

هەروەها دەبێت زۆر ئاگاداری نوێژەکانمان بین، ئەوانەی کە کوڕن نوێژەکانیان لە مزگەوتدا بکەن، ئەوانەش کە کچن لە کاتی خۆیدا لە ماڵەوە یان لە هەر شوێنێکی ترن نوێژەکانیان بکەن، چونکە نوێژ هۆکارێکە بۆ چوونە بەهەشت.

کاتێك پشتیوانان داوایان کرد لە پێغەمبەر(ﷺ) مامۆستایەکیان بۆ بنێرێت تا قورئانیان فێر بکات، پێغەمبەر (ﷺ) موصعەبی نارد، موصعەبیش کە هاتە مەدینە، خێرا ئەسعەد پێشوازی لێکرد و بردیەوە بۆ ماڵی خۆیان و بەردەوام خزمەتی دەکرد.

جارێك ئەسعەدی کوڕی زورارە، موصعەبی برد تا باسی ئیسلام بکات بۆ خەڵکی، بەڵام سەعدی کوڕی موعازو ئوسەیدی کوڕی حوزەیر کە گەورەی هۆزەکانیان بوون و هێشتا موسڵمان نەبووبوون، ئەوەیان پێ ناخۆش بوو و ویستیان ڕێیان پێ نەدەن، ئەسعەد بە موصعەبی وت ئەگەر ئەمانە موسڵمان بن خەڵکێکی زۆر بەهۆیانەوە موسڵمان دەبێت، موصعەبیش بە جوانی باسی ئیسلامی کرد بۆیان‌و ئەوانیش موسڵمان بوون‌و بەهۆی ئەوانیشەوە خەڵکێکی زۆری ناو مەدینە هاتنە ناو ئیسلامەوە.

ئیتر ئەسعەد ماڵەکەی خۆی کردبوو بە شوێنی پێشوازی و حەوانەی ئەو موسڵمانانەی لە مەککەوە دەهاتن‌و بە جوانی بەخێرهاتنی دەکردن.

## پەندو وانە:

میوانداری و ڕێزگرتنی میوان ئەرکی سەرشانی موسڵمانەو هەرکەس بڕوای بە خواو ڕۆژی دوایی هەبێت دەبێت ڕێزی میوان بگرێت، هەروەها زۆر پێویستە هاوکار و

دەستگرۆی کەسی بێگانەو نەدار بین، چونکە خوای گەورە هەموومان تاقی دەکاتەوە.

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینە، خێرا ئەسعەد چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وشترەکەی پێغەمبەری (ﷺ) بردەوە بۆ لای خۆیو بە جوانی سەرپەرشتی دەکرد.

جارێك ئەسعەد تووشی نەخۆشیەك بوو، جوولەکەکان تانەیان دەدا لە پێغەمبەر (ﷺ) و دەیانوت ناتوانێت ئەسعەد چاك بکاتەوە، پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ سەردانی ئەسعەد و خۆی چارەسەری بۆ بەکاردەهێنا، ئەسعەد وەسیەتی کرد دوای خۆی کچەکانی لەژێر چاودێری پێغەمبەردا (ﷺ) بن، بەڵام خوای گەورە بڕیاری دابوو ئەسعەد بمرێت و بگەڕێتەوە بۆ لای خۆی، بۆیە چاك نەبوویەوە، ئیتر دوای مردنی ئەسعەد پێغەمبەر (ﷺ) ئاگاداری کچەکانی بوو و ئەوانیش زوو زوو دەچوون بۆماڵی پێغەمبەر (ﷺ).

## پەندو وانە:

ژیان و مردن و چاکبوونەوەو هەموو شتێ بە دەستی خوایەو ئەگەر خوا ویستی لەسەر نەبێت هەموو دنیا ناتوانێت نەخۆشێك چاك بکاتەوە، تەنانەت پێغەمبەری خواش (ﷺ) بە بێ فەرمانی خوا توانای نەبووە کەس چاك بکاتەوە، بۆیە دەبێت تەنها پشت بە خوا ببەستین، هەروەها دڵنیا بین هەرچیەك خوا بیکات ئەوە باشە، ئەگەریش ئێمە حەز بەو شتە نەکەین، ئەوە خوای گەورە هەندێ شتی چاکتر دەزانێ کە ئێمە نایزانین، بۆیە دەبێت ڕازی بین بەوەی خوا دەیهێنێتە ڕێمان.

**پرسیار:**

1-پشتیوانان کێ بوون؟

2-بەسەرهاتی ئەسعەدو موصعەب باس بکە بۆ کەسێکی زۆر خۆشەویستت.

3-پێغەمبەر (ﷺ) بۆ نەخۆشیەکەی ئەسعەد چی کرد؟

4-ئەرکی موسڵمان بەرامبەر بە میوان چیە؟

5-دەتوانیت چوار پەندو وانە لە ژیانی ئەسعەد بژمێریت؟

## ئەبوو ئەیووبی ئەنصاری (رضي الله عنه)

بەسەرهاتی ئەمجارەشمان تایبەتە بە یەکێکی تر لە هاوەڵە پشتیوانیەکان کە ئەویش ناوی خالیدی کوڕی زەیدەو زیاتر بە ئەبوو ئەیووبی ئەنصاری ناسراوە.

ئەبوو ئەییووب یەکێك بوو لەو هاوەڵە پشتیوانیانەی کە زۆر زوو موسڵمان بوو و بەشداری بەیعەتی عەقەبەی کرد، دوای ئەوە گەڕایەوە مەدینەو لەوێ سەرقاڵی کاری بانگەواز بوو تا ئەو کاتەی پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینە، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) هاتە مەدینە، یەکە یەکەی پشتیوانان داوایان دەکرد پێغەمبەر (ﷺ) بچێتە ماڵی ئەوانەوە، پێغەمبەر (ﷺ) پێی ڕاگەیاندن وشترەکەی لەبەردەم ماڵی کێدا مۆڵی خوارد دەچێتە ئەوێ، چونکە ئەو وشترە لەلایەن خواوە فەرمانی پێکراوە، وشترەکەش لەبەردەم ماڵی ئەبوو ئەیووبدا مۆڵی خوارد.

خانووەکەی ئەبوو ئەیووب دوو قات بوو، ئەبوو ئەیووب پێغەمبەری خوای (ﷺ) لە قاتی یەکەم داناو خۆی و خێزانی چوونە قاتی سەرەوە، جارێك برێك ئاو لە ژوورەکەیاندا ڕژا، خێرا هەستان و بە بەرگ و ڕاخەرێك کە هەیانبوو ئاوەکەیان هەڵدەمژیەوە، بەڵام هەر کەمێك لە ئاوەکە داچۆڕایە خوارەوە، بۆیە ئەبوو ئەیووب چوو وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) شیاو نیە ئێمە لە سەرەوە بین و تۆ لە خوارەوە بیت، پێم خۆش نیە بەسەر جەنابتانا بچمە سەرەوەو ئێوە لە خوارەوە بن، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: خوارەوە بۆ من ئاسوودەترە، ئەبوو ئەیووبیش وتی قەت ناچمە قاتی سەرەوە جەنابتان لە خوارەوە بن، ئیتر ئەبوو ئەیووب چوویە خوارەوە، زۆر جار خواردنی ئامادە دەکرد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) و بۆی دەبرد، کاتێك بۆی دەگێڕایەوە ئەبوو ئەیووب تەماشای دەکرد پێغەمبەر (ﷺ) لە کوێدا پەنجەی داناوە لەو بەشەی دەخوارد.

ئەبوو ئەیووب دەڵێت: کە خواردنێك دەهێنرا بۆ ماڵی پێغەمبەر (ﷺ)، لێی دەخوارد و زیادەکەی دەنارد بۆ ئێمە، ڕۆژێك خواردنێکی بۆ هاتبوو هەمووی ناردبوو و هیچی لێ نەخواردبوو، چونکە سیری تێدا بوو، منیش وتم ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ حەرامە؟ فەرمووی: (نا، بەڵام من لەبەر بۆنەکەی ڕقم لێیەتی)، ئەبوو ئەیووبیش وتی دەی منیش حەز بە شتێك ناکەم کە تۆ حەزی پێ نەکەیت.

ئەبوو ئەییووب دەڵێت: جارێك لای پێغەمبەر (ﷺ) بووم کە کەسێك هات بۆ لای و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئامۆژگاریەکی کورت و پوختم بکە، ئەویش فەرمووی: (کاتێك هەستایت نوێژت کرد وەك ئەو کەسە نوێژ بکە کە نوێژی ماڵئاوایی

دەكات، قسەیەكیش مەكە كە دواتر پۆزشی بۆ بهێنیتەوە، هیچ چاوت نەبێت لەوەی لە دەستی خەڵكدایە).

## پەندو وانە:

ئەم ئامۆژگاریانە وانەی زۆر گەورەیان تێدایە بۆ ئێمەی موسڵمان، كاتێك نوێژ دەكەین نابێت پەلەی تێدا بكەینو بڵێین با جارێكی تر، بەڵكو پێویستە هەر نوێژێكمان وا بكەین دڵنیا بین خوای گەورە لێمان وەردەگرێت، هەروەها لەكاتی قسەكردندا دەبێت بیرمان لە داهاتوو بێتو قسەیەك نەكەین دوایی لێی پەشیمان بین، هاوكات نابێت چاومان لە سامانی كەس بێت، چونكە موسڵمان هەم دەبێت لە بەری ڕەنجی خۆی بخوات، هەروەها كە چاوی لە سامانی خەڵك نەبوو ئەوە لای خەڵك خۆشەویست دەبێت.

ئەبوو ئەیووب دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو:(حەڵاڵ نیە بۆ هیچ كەسێك لە سەروو سێ ڕۆژەوە پشت لە براكەی بكات، ئیتر وایان لێ بێت كە دەگەن بە یەك هەركامەو پشت بكاتە ئەویان، چاكترینیشیان ئەوەیە كە پێشتر سەلام دەكات).

ئەبوو ئەییووب لە دوا ساتەكانی تەمەنیدا نەخۆش كەوت، سوپایەك ئامادە كرا بۆ غەزا و سەركردەی سوپاكە یەزیدی كوڕی موعاویە بوو، ئەو سوپایە بەرەو قوستەنتینیە بەڕێكرا، یەزید هات بۆ لای و وتی چیت پێویستە؟ ئەبوو ئەیووب وتی ئەگەر هاتوو مردم تەرمەكەم هەڵبگرەو ببیە لە خاكی دوژمندا ئەسپەردەم بكە،

ئەوەبوو کە مرد یەزید تەرمەکەی برد و لەوێ ئەسپەردەی کرد، تەرمەکەی برا لە لێواری شووراکانی قوستەنتینیەدا ئەسپەردەکرا.

**پرسیار:**

1-پێغەمبەر (ﷺ) کە چوویە مەدینە لە ماڵی کێ نیشتەجێ بوو؟

2-بۆچی پێغەمبەر (ﷺ) ئەو خواردنەی نەخوارد کە بۆی هێنرابوو؟

3-کاتێك کابرا داوای ئامۆژگاری کرد، پێغەمبەر (ﷺ) چی پێ فەرمووو؟

4-تا چەند ڕۆژ دروستە دوو موسڵمان پێکەوە قسە نەکەن؟

5-باسی مردنی ئەبووئەییووب بکە.

## حەسسانی کوڕی سابت (رضي الله عنه)

شاری مەدینە پیاوی گەورەو چاکەکار و دڵسۆزی زۆری تێدا بوو، ئەو شارەی دواتر بوو بە بنکەو پەناگەو شوێنی ژیانو حەوانەوەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، یەکێك لەو پیاوە دڵسۆزانەش بریتی بوو لە حەسسان.

حەسسانی کوڕی سابت یەکێك بوو لە هاوەڵە پشتیوانیەکان، دایکی ناوی فورەیعە بوو، دایکیشی موسڵمان بوو و پێغەمبەری خوای بینی، دوو برایشی هەبوو بە ناوەکانی ئوبەی و ئەوس کە هەردووکیان موسڵمان بوون، حەسسان شاعیری ناسراو و ڕێزداری پێغەمبەر(ﷺ) بوو، ئەم هاوەڵە بە شیعرەکانی بەرگری زۆری لە پێغەمبەر(ﷺ) دەکرد و هێرشی دەبردە سەر بێباوەڕان.

حەسسان بەسەرهاتێکی تەمەنی منداڵی خۆی دەگێڕێتەوەو دەڵێت من حەوت یان هەشت ساڵ بووم، ڕۆژێك زوو دەمەو بەیان بوو، جوولەکەیەکم بینی لە مەدینەدا قسەی بۆ جوولەکەکان دەکرد، ئەوانیش کۆبوونەوە، منیش لێیانەوە نزیك بووم و گوێم لێ دەگرت، کابرا وتی وا ئەستێرەی ئەو ئەحمەدە درەوشایەوە کە بڕیارە ئەمشەو لەدایك بێت، واتە بەوانی وت کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەدایك بووە، ئیتر حەسسان زانی بەم زوانە پێغەمبەری خوا دێت و پەیامی خوا بە خەڵکی دەگەیەنێت.

کاتێك پێغەمبەر(ﷺ) کۆچی هات بۆ مەدینە، حەسسان تەمەنی زۆر بوو و نزیکەی شەست ساڵ دەبوو.

ڕۆژێك ئەبووطەلحە برێ لە سامانەكەی خۆی كرد بە خێرو هێنای بۆ پێغەمبەر(ﷺ)، ئەویش دابەشی كرد بە ئوبەی كوڕی كەعب و حەسانی كوڕی سابتو شەدادی كوڕی ئەوسو چەند كەسێكی تردا.

پرسیار: حەسسان لە كاتی جەنگدا چی دەكرد؟

وەڵام: لە كاتی جەنگی دژ بە بێباوەڕاندا پێغەمبەر(ﷺ) بە حەسسانی دەفەرموو ئادەی بە شیعر هێرش بكەرە سەر بێباوەڕان و بێخەم بە چونكە جبریل كە فریشتەی خوایە لەگەڵتدایە و پشتیوانیت دەكات.

پێغەمبەر(ﷺ) لە مزگەوتی مەدینەدا مینبەرێكی دانابوو بۆ حەسسان و حەسسان لەسەری دەوەستا و بە شیعر بەرگری لە پێغەمبەر(ﷺ) دەكرد، پێغەمبەریش (ﷺ) دەیفەرموو تا حەسسان بەرگری لە پێغەمبەر (ﷺ) بكات خوای گەورە پاڵپشتی حەسسان دەكات.

ئەی بۆچی پێغەمبەر (ﷺ) سزای حەسسانی دا؟

وەڵام: چونكە كاتێك دووڕووەكان كەوتنە بوختان كردن بۆ دایكی باوەڕداران عائیشەو تۆمەتی داوێن پیسییان دایە پاڵ، لەناو مەدینەدا لە هەموو شوێنێ درۆیان دەكرد، هێندە درۆیان دەكرد تا چەند كەسێك باوەڕیان پێكردن، یەكێك لەوانەش حەسسان بوو كە بە درۆكانی ئەوان هەڵخەڵەتا و پشتگیری كردن، دواتر كە خوای گەورە بە ئایەتی قورئان پشتگیری لە دایكمان عائیشە كرد، پێغەمبەر (ﷺ) سزای ئەو كەسانەی دا كە بەشداری ئەو تۆمەتە بوون، حەسسانیش سزا درا، بەڵام ئەمە

واینەکرد پێغەمبەر (ﷺ) ڕقی لە حەسسان بێت، چونکە زانی هەڵخەڵەتاوەو لە ڕقەوە ئەو ئیشەی نەکردووە.

پەندو وانە: دەبێت زۆر وریا بین بە درۆ و فێڵی کەسانی دووڕوو و هەڵنەخەڵەتێین و خۆمان بپارێزین لە بڕواپێکردنیان، بەتایبەت لەمڕۆدا لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆنەوە خەڵکێکی زۆر درۆ دەکەن و هەوڵ دەدەن موسڵمانان بە خراپ و ناشیرین نیشان بدەن و هێرش بکەنە سەر ئیسلام، نابێت بڕوا بەو کەسانە بکەین‌و خۆمان بەدواداچوون بکەین بۆ ڕاستیەکان.

کاتێك پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد، حەسسان زۆر دڵتەنگ بوو و بە شیعر پێغەمبەری خوای (ﷺ) دەلاواندەوە.

دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ)، جارێك حەسسان لە مزگەوتی پێغەمبەر(ﷺ) شیعری دەهۆنیەوە، عومەر دای بە لایدا و ڕێگری لێکرد و وتی بۆچی لە مزگەوتدا شیعر دەهۆنیتەوە؟! ئەویش وتی من کاتی خۆی لە مزگەوتی پێغەمبەر(ﷺ) شیعرم دەهۆنیەوەو کەسی لە تۆ باشتریشی تێدا بوو (مەبەستی پێغەمبەر(ﷺ) بوو)، عومەریش وتی ڕاست دەکەیت، بۆیە وازی لێهێنا.

حەسسان پاش تەمەنێکی زۆر بینایی لەدەست دا، جارێك چوو سەردانی دایکی باوەڕداران عائیشەی کرد، عائیشەش ڕاخەرێکی بۆ دانا، ئەوەبوو عەبدوڕەحمانی برای عائیشە هاتەژوورەوەو وتی خۆ ئەمە لە کاتی تۆمەتی دووڕووەکاندا پشتگیری ئەوانی کرد، عائیشەش وتی حەسسان لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) دەهاتەوە جواب و بەرگری لێدەکرد و بە لێدانی دوژمنانی پێغەمبەر(ﷺ) ئاسوودەیی دەبەخشی بە دڵ و

دەروونی پێغەمبەر(ﷺ)، من زۆر هیوام هەیە حەسسان لە ڕۆژی دواییدا هیچ سزا نەدرێت.

حەسسان پاش تەمەنێکی زۆر کە زیاتر لە سەد ساڵ دەبوو کۆچی دوایی کرد، بەڵام شیعرەکانی کە بەرگری کردن بوو لە پێغەمبەر (ﷺ) لە دوای خۆیشی مانەوەو موسڵمانان دەیانوتنەوە.

## پرسیارەکان:

1–حەسسان لە پشتیوانان بوو یان لە کۆچەران بوو؟

2–کێ پشتیوانی لە حەسسان دەکرد؟

3–بۆچی پێغەمبەر (ﷺ) سزای حەسسانی دا؟

4–پەیوەندی نێوان حەسسان و عائیشە چۆن بوو؟

5–بەسەرهاتی حەسسان و عومەر چۆن بوو؟

6–لە ژیانی حەسسانەوە فێری چی بوویت؟

## خەدیجەی کچی خوەیلید( دایکی باوەڕداران ) ( رچی الله عنها )

ئەم ئافرەتە خواناسەی باسی دەکەین هاوسەری پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو، ئافرەتێك بوو کە هەر لە دنیادا موژدەی بەهەشتی پێ درا، ئەویش ناوی خەدیجەی کچی خوەیلید بوو، یەکەم ئافرەتی موسڵمان بوو، بەڵکو یەکەم کەسی سەر زەوی بوو باوەڕی هێنا بە پێغەمبەر (ﷺ).

خەدیجە سەرەتا هاوسەری کابرایەك بوو بە ناوی هالە، ئەبی هالەی کوڕی زورارە بوو، دوای ئەو شووی کرد بە پیاوێکی تر بە ناوی عەتیق، کە ئەو پیاوەی مرد ئینجا لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ)هاوسەرگیری کرد.

خەدیجە لەناو هۆزەکەیدا زۆر ناسراو بوو، چونکە هەم لە خێزانێکی ناسراو بوو، هەم سامانێکی زۆر زۆری هەبوو و هەموان حەزیان دەکرد ئەو ئافرەتە بخوازن.

خەدیجە هێندە بە پاکداوێن ناسرابوو کە لەناو هۆزەکەیدا بە ئافرەتە پاکەکە بانگیان دەکرد.

خەدیجە سامانێکی زۆری هەبوو، بۆیە داوای لە پیاوانێکی شارەزا دەکرد تا کاری بازرگانی بۆ بکەن، بەرامبەر بەوە بڕێك قازانجی دەدا پێیان، جا کاتێك ڕاستگۆیی و دەستپاکی پێغەمبەری خوای (ﷺ) بیست بڕیاریدا لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) مامەڵە بکات، بۆیە داوای کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) تا کاری بازرگانی بۆ بکات، پێغەمبەریش (ﷺ) ڕازی بوو، ئەوکات هێشتا نەبووبوو بە پێغەمبەر و لە تەمەنی لاویدا بوو، پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ مەیسەرەی خزمەتکاری خەدیجەدا چوو بۆ شام تا کاری بازرگانی بکات بۆ خەدیجە، کە گەیشتنە شام پێغەمبەر (ﷺ) لە ژێر سێبەری

دارێکدا دانیشت، کابرایەکی زانای مەسیحی ئەوی بینی، بە مەیسەرەی وت ئەم کابرایە کێیە؟ ئەویش وتی کەسێکی قورەیشیە، زاناکە وتی تەنها پێغەمبەران لەژێر سێبەری ئەم دارەدا دانیشتون، بۆیە هەرگیز لێی جیا مەبەرەوە، ئەو کۆتای پێغەمبەرانە و خۆزگە منیش دەگەیشتمە کاتی پێغەمبەرایەتیەکەی، ئینجا کە هاتنەوە خەدیجە قازانجی زۆر زۆری کرد لەو کارەی پێغەمبەر (ﷺ)، هەروەها مەیسەرە بەسەرهاتەکەی بۆ خەدیجە گێڕایەوە، ئەوەبوو دڵی چوویە سەر پێغەمبەر (ﷺ) و پێشنیازی خۆی کرد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) تا ببێتە هاوسەری، پێغەمبەریش (ﷺ) ڕازی بوو و چوویە داوایو بەهاوسەری گرتو ژیانێکی خۆش و پڕ لە ڕێزو خۆشەویستییان دەست پێکرد و ماوەی بیست وپێنج ساڵ پێکەوە ژیان.

خەدیجە لە ماوەی ژیانی لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) زۆر ڕێزی دەگرت لێی و بە گەورە تەماشای دەکرد و پێغەمبەر (ﷺ) هەر چی بفەرموایە ئەو بڕوای پێدەکرد، خەدیجە خزمەتکارێکی کڕیبوو بە ناوی زەید، کە بینی پێغەمبەر (ﷺ) زەیدی زۆر خۆشدەوێت زەیدی پێ بەخشی.

کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) سروشی بۆ دابەزی جۆرێك لە ترس دایگرت و گەڕایەوەماڵەوە بۆ لای خەدیجەی خێزانی، فەرمووی: (دامپۆشن، دامپۆشن)، ئەویش داپپۆش تا پێغەمبەر (ﷺ) حاڵی ئاسایی بوویەوە، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) مەسەلەکەی گێڕایەوە بۆ خەدیجەو فەرمووی: (بەڕاستی لە حاڵی خۆم دەترسم)، خەدیجەش پێی وت: نەبەخوا هەرگیز خوا سەرشۆڕت  ناکات، چونکە تۆ پەیوەندی خزمایەتیت هەیە هاوکاری خەڵکیت و دەستگرۆیی هەژارانیت و ڕێزی میوان دەگریت و خزمەتی دەکەیت، ئینجا پاش ئەو دڵدانەوەیە، خەدیجە پێغەمبەری خوای (ﷺ) برد

بۆ لای وەرەقەی کوڕی نەوفەل کە کابرایەکی مەسیحی بوو و زۆر شارەزا بوو، کابرایەکی پیری نابینا بوو، خەدیجە پێی وت ئامۆزاکەم گوێ لە موحەممەد بگرە بزانە چی دەڵێت، وەرەقە بە وردی گوێی گرت لە پێغەمبەر (ﷺ) و دواجار پێی وت کە ئەو بووە بە پێغەمبەری خوا (ﷺ).

## پەندو وانە:

پێویستە ژنو مێرد هەمیشە پشتیوانو دڵنەوای یەکدی بن، ئێمەی منداڵانیش ئەگەر بینیمان دایکو باوکمان لەگەڵ یەکدی چاک نەبوون یان کێشەیەکیان هەبوو، دەبێت هانیان بدەین ڕێزی یەك بگرن، نابێت دژی یەکێکیان بوەستینەوەو پشتیوانی ئەوی تریان بکەین، بەڵکو دەبێت نێوانیان چاك بکەینەوەو نموونەی دایکە خەدیجەو پێغەمبەری خوایان بۆ باس بکەین.

جارێك خەدیجە خواردنی ئامادە کردبوو بۆ پێغەمبەر (ﷺ) و چوو بەرەو بەرزاییەکانی مەککە تا خواردنەکەی بۆ ببات، لە ڕێدا جبرەیل خۆی لە شێوەی مرۆڤێکدا نیشان دا و پرسیاری پێغەمبەری خوای (ﷺ) لە خەدیجە کرد، خەدیجەش ترس دایگرت و ترسا کەسێکی خراپ بێت و نیازی کوشتنی پێغەمبەری خوای (ﷺ) هەبێت، دواتر کە خەدیجە چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە، ئەویش فەرمووی (ئەوە جبرەیل بوو، فەرمانی پێکردم سەلامت پێ بگەیەنم)، ئینجا موژدەی دا بە خەدیجە کە لە بەهەشتدا خانوویەکی خۆشی بۆ تایبەت کراوە.

پرسیار: جبریل کێیە؟

وەڵام: جبریل فریشتەیەکی تایبەتی خوایە کە پەیامی خوای هێناوە بۆ هەموو پێغەمبەران.

خەدیجە پشتیوانێکی گەورە بوو بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، بەڵکو هەرکات پێغەمبەر (ﷺ) لە دەرەوە بە دەست بێباوەڕانەوە قسەی ناخۆشی بەرامبەر بکرایە، کە دەگەڕایەوە ماڵەوە خەدیجە خەفەتی سەر شانی لادەبرد.

خەدیجە دایکی هەموو منداڵەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بوو جگە لە ئیبراهیم، چونکە دایکی ئیبراهیم ناوی ماریە بوو، ویستی خواش وابوو خەدیجە هەر لە ژیانی خۆیدا مەرگی هەموو کوڕەکانی بینی، بەڵام هیچ ناڕەزاییەکی دەرنەبڕی و زۆر سوپاسگوزار بوو.

پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (چاکترین ئافرەتانی بەهەشت بریتین لە خەدیجەی کچی خوەیلید و فاتیمەی کچی موحەممەد و مەریەمی کچی عیمران و ئاسیەی کچی موزاحیم کە ژنی فیرعەون بوو).

خەدیجە لە هەموو نارەحەتیەکاندا لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بوو، تەنانەت لە گەمارۆدانی سەختی هاشمیەکانیشدا لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) لە شیوەکەدا بوو، جارێك حەکیمی کوڕی حیزام ویستی بڕێك گەنم بەرێت بۆ خەدیجەی پووری، بەڵام ئەبووجەهل ڕێی پێگرت، کابرایەك هات و وتی ئەوە چیتانە؟ ئەبووجەهل وتی ئەمە خواردن دەبات بۆ هاشمیەکان، کابرا وتی بۆ پووری خۆی دەبات ڕێی ئەوەشی لێ ئەگریت؟ ڕێی بۆ چۆڵ کە کابرا، بەڵام ئەبوجەهل ڕازی نەبوو، بۆیە کەوتنە دەمەقاڵە.

لەو کاتی گەمارۆ و نارەحەتیەدا خەدیجەی ژنی خۆشەویستی پێغەمبەر (ﷺ) و یەکەم ئافرەتی موسڵمان و موژدەپێدراوی بەهەشت کۆچی دوایی کرد، مردنەکەی زۆر کاریگەری هەبوو لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) و پێی خەفەتبار بوو، هەر بۆیە ئەو ساڵە بە ساڵی خەفەت ناسراوە.

خۆشەویستی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ خەدیجە بە مەرگی خەدیجە کۆتایی پێ نەهات، بەڵکو زۆرجار بە چاکە باسی دەکرد، هەر ناوی بهاتایە نزای خێری بۆ دەکرد، هەرکەس خۆشەویستی خەدیجە بوایە پێغەمبەر (ﷺ) پەیوەندی لەگەڵ نەدەپچڕاند، کۆمەك و یارمەتی دەنارد بۆ هاورێکانی خەدیجە، ئەمەش نموونەی وەفاداری پێغەمبەری خوایە (ﷺ).

## پرسیار:

1–تایبەتمەندیەکانی خەدیجە چین؟

2–هاوسەرگیری خەدیجەو پێغەمبەر (ﷺ) چۆن بوو؟

3–بەسەرهاتی زانا مەسیحیەکە چیە؟

4–ئایا خەدیجە دەچێتە بەهەشتەوە؟

5–ساڵی خەفەت چیە؟

## ئەبانی کوری سەعید(رضي الله عنه):

لەناو مەککەدا بنەماڵەیەك هەبوون ناسرابوون بە ئومەویەکان، ئەمانە بنەماڵەیەکی ناسراو و بەهێز بوون، جا کاتێك ئاینی ئیسلام هات، زۆرێك لە ئەندامانی ئەم بنەماڵەیە دژایەتی پێغەمبەری خوایان دەکرد، بەڵام ژمارەیەکیشیان هەر لە سەرەتای هاتنی ئیسلامەوە موسڵمان بوونو بانگەوازیان دەکرد بۆ ڕێبازی ئیسلام.

ئەبانی کوری سەعیدیش سەر بە بنەماڵەی ئومەویەکان بوو، دایکی ئەبان ناوی صەفیە بوو، باوکی ئەبان یەکێك بوو لە کەسە ناودارەکانی ناو مەککە، ئەبان حەوت برای هەبوو، سێ لەو برایانەی بە بێباوەڕی مردن، چواریشیان بە موسڵمانی مردن.

ئەبان لە مەککە کەسێکی بەرچاو بوو و سەرقاڵی کاری بازرگانی بوو و بۆ کاری بازرگانی زوو زوو دەچوو بۆ شام.

هەریەك لە عەمر و خالید کە برای ئەبان بوون هەر زوو موسڵمان بوون، بەڵام ئەبان بە بێباوەڕی مایەوە، ئەبان بێزار بوو بەرامبەر موسڵمانبوونی براکانی و بە شیعر سەرکۆنەی دەکردن.

کاتێ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) مۆڵەتی دا بە موسڵمانان کۆچ بکەن بۆ حەبەشە، ئەو دوو برایەی لە گەڵ موسڵمانانی تردا کۆچیان کرد بۆ حەبەشە.

ئەبانیش بە بێباوەڕی مایەوە و لە جەنگی بەدردا دژ بە موسڵمانان جەنگا، لەو جەنگەدا دوو برای بێباوەڕی کوژران، بەڵام خوا ڕەحمی کرد بە ئەبان و بە سەلامەتی دەرچوو و گەڕایەوە بۆ مەککە و لەوێ بەردەوام سەرقاڵی کاری بازرگانی بوو.

**پەندو وانە:**

دەبێت سوپاسی خوا بکەین کە دایك و باوكو براو خوشكو کەسوکارمان موسڵمانن، چونکە ئەگەر بێباوەڕ بوونایەو بە بێباوەڕی بمردنایە، ئەوە بەهەشتی هەتا هەتاییان لەدەست دەدا، جا چەندە ناخۆشە کەسە ئازیز و خۆشەویستەکانت بێبەش بن لە بەهەشتی بەرین.

جارێك ئەبان چوو بۆ شام لەوێ چاوی کەوت بە ڕاهیبێك (واتە زانای ناو ئایینی مەسیحی) و لەگەڵی دادەنیشت، ئەبان پێی وت: لەناو ئێمەدا لە ناو قورەیش کەسێك دەرکەوتووە بانگەشەی ئەوە دەکات گوایە پێغەمبەری خوایەو خوا پەیامێکی وەك پەیامەکەی مووساو عیسای پێدا ناردووە، ڕاهیبەکە وتی ناوی چیە؟ وتی ناوی موحەممەدە، ڕاهیبەکە وتی من وەسفی ئەو پێغەمبەرە و تەمەن و ڕەچەڵەکیت بۆ ئەکەم، کە ڕاهیبەکە وەسفەکانی کرد، ئەبان وتی خۆیەتی، ڕاهیبەکە وتی دەی سوێند بەخوا زاڵ ئەبێت بەسەر هەموو عەرەبداو دواتر بەسەر هەموو زەویشدا زاڵ ئەبێت، بە ئەبانی وت سەلامی من بگەیەنە پێی، ئەبان کە گەڕایەوە مەککە باسی ئەو مەسەلەی کرد و هەواڵی پێغەمبەر و هاوەڵانی پرسی، ئینجا لە ڕێککەوتنی حودەیبیەدا موسڵمان بوو.

**پەندو وانە:**

لە ئایینەکانی پێشتردا باسی هاتنی پێغەمبەری ئیسلام کراوەو لە کتێبە پیرۆزەکانیاندا باسی هاتووە، بەڵام دواتر خەڵکانێك لەناو ئەو ئایینانەدا کە حەزیان نەدەکرد موسڵمان بن هەوڵیان دا ئەو ڕاستیە بشارنەوەو هەرچیەك باسی پێغەمبەری ئیسلامی تێدا بوایە دەیانسڕیەوە، بۆیە دەبێت ئاگادار بین بە پیلانی کەسانی فێڵباز هەڵنەخەڵەتێین و لەوەدڵنیابین کە موحەممەد (ﷺ) پێغەمبەری خوایە.

کاتێ موسڵمانان بە هاودەمی پێغەمبەر (ﷺ) بەڕێکەوتن بۆ عومرە و بێباوەڕان بەریان پێگرتن، پێغەمبەر (ﷺ) عوسمانی کوڕی عەففانی نارد تا بچێت بۆ مەککە و لەگەڵ بێباوەڕاندا قسە بکات، کاتێ عوسمان چوو بۆ مەککە ئەبان پەنای داو ڕێی نەدا کەس ئازاری بدات و سواری ئەسپەکەی خۆی کرد و وتی بە بێترس بە ناو مەککەدا بگەڕێ.

خالید و عەمر کە برای بوون هەواڵیان نارد بۆ ئەبان و بانگهێشتیان کرد بۆ ئیسلام و داوایان کرد بچێت بۆ مەدینە، ئەبانیش کۆچی کرد بۆ مەدینە و موسڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاند.

ئیتر ئەبان لای پێغەمبەر (ﷺ) ڕێزی زۆری لێدەگیراو جێی متمانەی بوو، چونکە موسڵمان بوونەکەی ڕاستگۆیانە بوو، پێغەمبەر (ﷺ) ئەبانی کردە سەرکردەی سوپایەك بەرەو ناوچەی نەجد، هەروەها ئەرکی تریشی پێ سپارد و تا کاتی وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) ئەبان لەو پۆستەدا مایەوە، بەڵام کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد ئەبان زۆر دڵتەنگ بوو، بۆیە کاتێ خەلیفە ئەبووبەکر داوای لێکرد لەسەر

ئەو پۆستە بمێنێتەوە ئەبان ڕازی نەبوو و وتی دوای پێغەمبەر (ﷺ) **هیچ** بەرپرسیارێتیەك وەرناگرم.

دوای ئەوە ئەبان لە مەیدانی جیهاددا دەجەنگا و بەشداری جەنگی دژ بە بێباوەڕانی دەكرد تا ئەوەی هاودەم بە خالیدی برای لە جەنگێكدا بەشداری كرد و هەردووكیان شەهید بوون.

## پرسیار:

1–ئەبان سەر بە چ بنەماڵەیەك بوو؟

2–ئەبان كەی موسڵمان بوو؟

3–بۆچی ئەبان وازی هێنا لە پۆست و بەرپرسیارێتی؟

4–دەتوانیت بەسەرهاتی ئەبان بۆ كەسێكی خۆشەویستت باس بكەیت؟

## سەلەمەی کوڕی ئەکوەع (رضي الله عنه)

ناوی سەلەمەی کوڕی عەمرە، بەڵام باوکی زیاتر بە ئەکوەع ناسراوە، یەکەم دەرچوون کە سەلەمە هاودەم بە پێغەمبەر (ﷺ) بەشداری کرد بریتی بوو لە رێککەوتنی حودەیبیە، لەوێ سەلەمە بەیعەتی مەرگی دا بە پێغەمبەر (ﷺ)، واتە بەڵێنی دا گوێڕایەڵی فەرمانی پێغەمبەر (ﷺ) بێت تەنانەت ئەگەر لەو پێناوەشدا بکوژرێت.

سەلەمە دەڵێت جارێك لە شوێنێ بووین نێوانی ئێمەو دوژمن شاخێك بوو، پێغەمبەر (ﷺ) نزای لێخۆشبوونی کرد بۆ ئەو کەسەی ئەو شەوە پاسەوانی ئەو شاخە بکات، منیش ئەو شەوە دوو یان سێ جار بەسەر ئەو شاخەدا سەرکەوتم، دواتر هاتینەوە مەدینە، ئینجا هێرش برایە سەر وشترەکانی پێغەمبەر (ﷺ) و شوانەکەی کوژرا، منیش کەوتمە شوێن هێرش بەرەکان و توانیم رێیان لێبگرم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (چاکترین پیادەمان سەلەمە بوو)، پاشان پێغەمبەر (ﷺ) تا مەدینە سەلەمەی لە دوای خۆیەوە لەسەر وشترەکە سوار کرد، کابرایەکی پشتیوانی بە خێرایی بە پیادە دەرۆیشت و زوو زوو دەیوت کەس نیە تا مەدینە پێشبڕکێم لەگەڵ بکات؟ سەلەمە دەڵێت منیش کە ئەوەم بیست وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە دایك و باوکمەوە بەقوربانت بم مۆڵەتم بدە با لەگەڵ ئەو کابرایە پێشبڕکێ بکەم، فەرمووی ئەگەر خۆت بتەوێت باشە، بە کابرام وت کەمێکیش پێشکەوە، ئینجا کەوتمەڕێ، خۆم گەیاندەوە پێی و دام بە نێو شانیدا و وتم بەخوا پێشت کەوتم، ئەوەبوو زووتر گەیشتمە مەدینە.

## پەندو وانە:

دەبێت هەر کات بینیمان دوژمن لە لایەکەوە دەیەوێت زیان بگەیەنێت بە موسڵمانان، ڕێی لێ بگرینو نەهێڵین دەستی خۆی بوەشێنێت، چونکە موسڵمانان هەموویان برای یەکترن، هەروەها لەم بەسەرهاتەوە ئەوەش تێدەگەین هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) سوعبەت و قسەی خۆشیان لەگەڵ یەکدا هەبووە، وەك چۆن سەلەمەو هاوەڵە پشتیوانیەکە پێکەوە تا مەدینە پێشبڕکێیان کرد.

سەلەمە دەڵێت لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) بەشداری حەوت غەزام کرد، ئەمەش دلێری و پاڵەوانێتیەکی گەورەیە کە لەو هەموو جەنگەدا بەشدار بووەو دژ بە دوژمنانی ئیسلام جەنگاوە.

سەلەمە لە غەزای خەیبەردا قاچی تووشی پێکان بوو، پێغەمبەر (ﷺ) دەستی هێنا بەسەر قاچیدا و خێرا قاچی سەلەمە چاك بوویەوە.

سەلەمە دەڵێت جارێك لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) دانیشتبووین کە تەرمێکیان هێنا و وتیان نوێژی لەسەر بکە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئایا قەرزی لەسەرە؟ وتیان نا، فەرمووی ئەی هیچی پاش خۆی جێهێشتووە؟ وتیان نا، بۆیە نوێژی لەسەر کرد، دوای ماوەیەك تەرمێك هێنرا، وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی لەسەر بکە، فەرمووی قەرزی لەسەرە؟ وتیان بەڵێ، فەرمووی ئەی هیچی جێهێشتووە؟ وتیان سێ دینار، ئەوەبوو نوێژی لەسەر کرد، دواتر تەرمی سێیەم هێنرا، وتیان نوێژی لەسەر بکە، فەرمووی هیچی جێهێشتووە؟ وتیان نا، فەرمووی ئەی قەرزی لەسەرە؟ وتیان سێ دنیار، فەرمووی (خۆتان نوێژ لەسەر هاوەڵەکەتان

بکەن)، ئەبووقەتادە کە لەوێ ئامادە بوو، وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی لەسەر بکە من قەرزەکەی دەدەمەوە، ئەوەبوو پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی لەسەر کرد.

پەندو وانە: زۆر پێویستە هەوڵ بدەین خۆمان لە قەرزاری بپارێزین و تا تەواو ناچار نەبین قەرز لە هیچ کەس نەکەین، هەروەها ئەگەر قەرزمان کرد هەوڵ بدەین زۆر زوو قەرزەکە بدەینەوە بە خاوەنەکەی.

سەلەمە دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) ژیا و یەکێك بوو لەوانەی لە مەدینە فەتوای دەدا، چونکە یەکێك بوو لە زانا گەورەکانی ناو هاوەڵان.

لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووتالیبدا چوو بۆ دەرەوەی مەدینەو لەوێ ژیا، دوای ماوەیەك گەڕایەوە بۆ مەدینە، چەند شەوێك تێپەڕی نەکرد سەلەمە کۆچی دوایی کرد.

**پرسیار:**

1-یەکەم بەشداری سەلەمە لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) کەی بوو؟

2-لە پێشبڕکێکەی سەلەمەو هاوەڵە پشتیوانیەکەدا کێ براوە بوو؟

3-بۆچی پێغەمبەر (ﷺ) سەرەتا ئامادە نەبوو نوێژ بکات لەسەر یەکێك لە تەرمەکان؟

4-دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) سەلەمە لە مەدینە چی دەکرد؟

5-چ پەندو وانەیەك لە ژیانی ئەم هاوەڵەوە فێر بوویت؟

## عائیشەی کچی ئەبووبەکر ( رضي الله عنها )

ئەم هاوەڵەی باسی دەکەین تەنها هاوەڵێك نیەو بەس، بەڵکو دایکی باوەڕداران و خۆشەویستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و زاناترین ئافرەتی ناو موسڵمانانە، ئەویش عائیشەی کچی ئەبووبەکرە خوا لە خۆی و باوکیشی ڕازی بێت.

عائیشە لە مەککە لەدایك بوو و تەمەنی لە فاتیمەی کچی پێغەمبەر (ﷺ) کەمتر بوو، دواتر کە ئەبووبەکری باوکی و پێغەمبەر (ﷺ) کۆچیان کرد بۆ مەدینە، عائیشەش لەگەڵ فاتیمەی کچی پێغەمبەردا (ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینە.

هاوسەرگیری پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ عائیشە پێش کۆچی پێغەمبەر (ﷺ) بوو بۆ مەدینە، نزیکەی دوو ساڵ پێش هیجرەت بوو کە عائیشەی مارە کرد، بەڵام گواستنەوەکەی کەوتە نزیکەی دوو ساڵ دوای کۆچکردنی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ مەدینە.

ئیتر عائیشە بەردەوام پێغەمبەری خوای (ﷺ) دەبینیو پێغەمبەریش (ﷺ) زۆری خۆشدەویست، عائیشە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) زانیاری زۆر فێر دەبوو.

سێ ساڵ تێپەڕ بووبوو بەسەر ژیانی هاوسەرگیری پێغەمبەر (ﷺ) و عائیشەدا، پێغەمبەر (ﷺ) بۆ غەزایەك دەرچوو و عائیشەشی لەگەڵ خۆی برد، عائیشە چوو تا دەستنوێژێك بگرێ، کەچی گەردنبەندەکەی ون کرد، دوایی گەڕایەوە تا بیدۆزێتەوە، بەڵام موسڵمانان ئەویان بیر چوو و ڕۆیشتن و نەیانزانی دواکەوتووە، دوایی یەکێك لە موسڵمانەکان بە ناوی صەفوان لە دواوە بوو، هات و عائیشەی بینی و سواری وشترەکەی کرد و خۆی بە پیادە دەڕۆیشت تا گەیاندیەوە بە پێغەمبەر

(ﷺ)، کەچی دووڕووەکان ئەمەیان بە دەرفەت زانی و بوختانێکیان بۆ کرد و وتیان عائیشەو صەفوان پێکەوە تاوانیان ئەنجام داوەو تۆمەتی داوێن پیسییان دایە پاڵ عائیشە، پێغەمبەریش (ﷺ) یەکسەر بڕیاری نەدا، بەڵکو کەوتە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە، ئیتر لەو ماوەدا عائیشە زۆر خەفەتی دەخوارد، دووڕووەکانیش لە هەموو شوێنێکی مەدینەدا باسی ئەو مەسەلەیان دەکرد تا ئەوەی توانییان هەندێك موسڵمانیش هەڵخەڵەتێننو وا تێیان بگەیەنن کە عائیشە داوێن پیسی کردووە، ماوەیەکی زۆر تێپەڕی تا دواجار خوای گەورە ئایەتی دابەزاندە خوارەوەو بەرگری کرد لە عائیشەو دووڕووەکانی بە درۆ خستەوەو سزای دانان بۆ هەموو ئەوانەی بەشداری ئەو درۆ و تۆمەتە بوون، بەو جۆرە خوای گەورە عائیشەی ڕزگار کرد و نەیهێشت درۆزنەکان پاکی ئەو ئافرەتە لەکەدار بکەن.

## پەندو وانە:

دەبێت زۆر وریا بین هەڵنەخەڵەتێین بە درۆ و تۆمەتی ناحەزانو هەر مەسەلەیەك هاتەڕێمان خۆڕاگر بینو بە وردی لێکۆڵینەوەی لێ بکەین تا ڕاستیەکەمان بۆ دەربکەوێت، ئینجا دوای ئەوە قسەی تێدا بکەین یان هەر هەنگاوێ بنێین.

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت جارێك ئەبووبەکر هاتە ژوورەوە بۆ لام و دوو کچۆڵەم لا بوون کە دەفیان لێدەدا، پێغەمبەریش (ﷺ) خۆی داپۆشیبوو، ئەبووبەکر هەڵشاخی پیایاندا، پێغەمبەر (ﷺ) جلەکانی لەسەر دەموچاوی لابرد و فەرمووی (وازیان لێ بێنە ئەی ئەبووبەکر، چونکە ئەم ڕۆژانە ڕۆژانی جەژنن).

عائیشە دەڵێت جارێك لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) پێشبڕكێمان كرد، من لێم بردەوە، دوای ماوەیەك قەڵەو بووم، هەمدی پێشبڕكێمان كرد و پێغەمبەر (ﷺ) لێی بردمەوەو فەرمووی ئەمەیان لەبری ئەوی تر.

لە حەجیماڵئاواییدا كە عائیشەش هاودەم بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) چوو و عەبدوڕەحمانی برای عائیشەش بەشدار بوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی كرد بە عەبدوڕەحمان تا عائیشە ببات تا عومرەكەی بكات و دواتر بگەڕێتەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ).

عەمری كوڕی عاص دەڵێت پرسیار كرا لە پێغەمبەر (ﷺ) كێ زۆر لات خۆشەویستە؟ فەرمووی عائیشە، وتیان ئەی لە پیاوان؟ فەرمووی ئەبووبەكر، وتیان دواتر، فەرمووی عومەر، وتیان دواتر، فەرمووی ئەبووعوبەیدەی كوڕی جەراح.

عائیشە دەڵێت جارێك پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئایا بەوە ڕازی نیت هاوسەری دنیا و ئاخیرەتیشم بیت؟) وتم بەرێ وەڵا، فەرمووی(دەی تۆ هاوسەری دنیا و ئاخیرەتی منیت).

عائیشە دەڵێت كاتێك پێغەمبەر (ﷺ) نەخۆش كەوت و ئازاری زیادی كرد، مۆڵەتی لە هاوسەرەكانی تری خواست تا لە ماڵی من بمێنێتەوە، بۆیە هاتو لەوێ مایەوە.

كاتێك پێغەمبەر (ﷺ) نەخۆش بوو و لە ماڵی عائیشە بوو، عەبدوڕەحمانی برای عائیشە چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و سیواكی پێ بوو دەیهێنا بە دانیدا، پێغەمبەر (ﷺ) تەماشایەكی سیواكەكەی كرد، عائیشە سیواكەكەی لە

عەبدوڕەحمان وەرگرت و پاك شۆردی و و دواتر دای بە پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەریش (ﷺ) سیواکەکەی بەکارهێنا.

عائیشە دەڵێت فاتیمە هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) کە دەچوو بەڕێدا دەتوت هەمان ڕێکردنی پێغەمبەرە(ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی مەرحەبا لە کچەکەم، ئینجا لای خۆیەوە داینیشاند، دواتر چپەیەکی بۆ کرد و فاتیمە گریا، وتم بۆچی دەگریت؟ دواتر پێغەمبەر (ﷺ) چپەیەکی تری بۆ کرد و فاتیمە دەستی کرد بە پێکەنین، منیش وتم تا ئێستا نەمدیوە گریان و پێکەنین ئاوا بە یەکەوە بن، دواتر کە پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد، چووم لە فاتیمەم پرسی، ئەویش وتی یەکەمجار چپاندی بە گوێمدا (جیبریل هەموو ساڵێك یەك جار قورئانی لەگەڵ دەور دەکردمەوە، ئەمساڵ دوو جار لەگەڵم دەوری کردەوە، وادەزانم ئەمە ئاماژەی مردنمە، تۆیش یەکەم کەسیت بە من دەگەیتەوە)، منیش دەستم کرد بە گریان، دواتر فەرمووی(ئایا ڕازی نابیت تۆ گەورەی ژنانی بەهەشت بیت؟) منیش لە خۆشیدا بەوە پێکەنیم.

دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) ئەبووبەکری صدیق بوو بە خەلیفە و عائیشەش لەو ماوەدا لە مەدینە مایەوەو ڕێنمایی و زانستی پێشکەش بە موسڵمانان دەکرد، دوای وەفاتی ئەبووبەکر، عومەری کوڕی خەتتاب بوو بە خەلیفەو عائیشە لەو سەردەمەشدا هەمان شێوەی پێشووتر سەرقاڵی بەخشینەوەی زانست بوو.

کاتێك عومەری کوڕی خەتتاب پێکرا، بە عەبدوڵای کوڕی وت بڕۆ بۆ لای عائیشەو پرسیاری لێ بکە بزانە مۆڵەت دەدات لەلای پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکر ئەسپەردە بکرێم؟ عائیشەش وتی من ئەوەم بۆ خۆم دانابوو، بەڵام ئەمڕۆ لە خۆم دەگوزەرم بۆ عومەر، کە عەبدوڵا هاتەوە عومەر وتی چیت کرد؟ ئەویش وتی مۆڵەتی

دا، عومەر وتی هیچ شتێك هێندەی ئەو شوێنە لام گرنگ نیە، جا کە مردم بمبەن بۆ ئەوێ و دواتر سەلام بکەن، دواتر هەمدی بڵێ عومەری کوڕی خەتتاب داوای مۆڵەت دەکات، ئەگەر عائیشە هەمدی مۆڵەتی دا ئەوکات ئەسپەردەم بکەن، ئەگەریش دەرفەتی نەدا بمگێڕنەوەو بمبەن بۆ گۆڕستانی موسڵمانان.

کاتێك عوسمانی کوڕی عەففان شەهید کرا، دایکە عائیشە زۆر خەفەتی بەوە خوارد و بەڵێنی دا تۆڵە لە بکوژانی بکاتەوە، بۆیە لەگەڵ زوبەیر و تەلحەدا چوون بەرەو بەصرە تا لەوێ سوپا کۆبکەنەوەو بکوژانی عوسمان لەناوبەرن، خەلیفەی موسڵمانانیش کە عەلی کوڕی ئەبووتالیب بوو وایزانی لە دژی ئەو کۆبوونەتەوە، بۆیە چوو تا لە مەسەلەکە بکۆڵێتەوە، هەردوولا دانیشتنیان کرد و لەوە تێگەیشتن مەبەستی هەردووکیان لەناوبردنی بکوژەکانی ئیمامی عوسمانە، بۆیە بڕیاریان دا بگەڕێنەوە، بەڵام بکوژانی ئیمامی عوسمان کە بەمەیان زانی وتیان ئەگەر شتێك نەکەین ئەمانە لەناومان دەبەن، دواجار پیلانیان دانا ببن بە دوو بەشەوە، هەر بەشێکیان بچێتە ناو یەکێك لەو دوو سوپایەو لەوێوە دەست بکەن بە تیر هاویشتن بۆ ئەوەی جەنگ ڕووبدات و ئەمان ڕزگاریان بێت، پیلانەکەشیان سەری گرت و جەنگەکەیان هەڵگیرساند، جەنگێکی قورس ڕوویدا، ئیمامی عەلی هاواری دەکرد دەست هەڵگرن، بەڵام کەس نەیدەبیست، لەولاشەوە دایکە عائیشە بە سواری وشترێکەوە هات، بەڵام هیچ سوودی نەبوو، دواجار وشترەکەی عائیشەیان بریندار کرد و دایکە عائیشە کەوتە خوارەوە.

عەلی فەرمانی کرد خێرا کەژاوەکەی عائیشە ببەنە دەرەوەو شوێنێکی حەوانەوەیان بۆ دروستکرد، ئینجا عەلی هات بۆ لای عائیشە و وتی دایەگیان چۆنیت؟

وتی باشم، عەلی وتی خوا لێت خۆش بێت، ئینجا هەموو پێداویستیەکی بۆ ئامادە کرد بۆ ئەوەی بچێتەوە بۆ مەدینە.

دوای ئەوە دایکە عائیشە زۆر خەفەتی دەخوارد کە بەشداری ئیشی سیاسی کردووەو بەڵێنی دا ئیتر تەنها سەرقاڵی پەرستش بێتو دەست وەرنەداتە هیچ کارێکی سیاسی.

دواجار لە شەوی حەڤدەی ڕەمەزانی ساڵی پەنجاو هەشتی کۆچیدا وەفاتی کردو لەسەر وەسیەتی خۆی هەر شەو تەرمەکەی ئەسپەردە کرا، ئەبووهورەیرە نوێژی لە سەر تەرمەکەی کرد و دواتر تەرمەکەی لە بەقیع ئەسپەردە کرا، تەمەنی شەست و سێ ساڵ و چەند مانگێك بوو.

## پرسیار:

1-بەسەرهاتی ئەو تۆمەتە چۆن بوو کە بۆ عائیشە کرا؟

2-پێشبڕکێکەی عائیشەو پێغەمبەر (ﷺ) باس بکە.

3-عومەری کوڕی خەتتاب بۆچی عەبدوڵای کوڕی نارد بۆ لای عائیشە؟

4-کە دایکە عائیشە کەوتە خوارەوە، ئیمامی عەلی چی کرد؟

5-لە ژیانی دایکە عائیشەوە چی فێر بوویت؟

## سەعدی کوڕی عوبادە(ﷺ)

ئەم هاوەڵە خۆشەویستەی پێغەمبەر (ﷺ) ناوی سەعدی کوڕی عوبادەیە، سەعد لە پشتیوانانە، واتە لە مەدینە دەژیا و ماڵو ژیانی لەوێ بوو.

کوڕی دولەیمە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، کونیەکەی ئەبووثابت یان ئەبووقەیسە، دایکی ناوی عومرەی کچی مەسعوودە و هاوەڵی پێغەمبەری خوایە(ﷺ).

سەعد کوڕێکی هەبوو بە ناوی سەعید، کوڕێکی تری ناوی موحەممەد بوو، کوڕێکی تری ناوی عەبدوڕەحمان بوو، دایکی ئەم سێ کوڕەی غەزیەی کچی سەعد بوو کە خێزانی سەعدی کوڕی عوبادەیە، لە ژنێکی تری کە ناوی فکیهەی کچی عوبەیدە هەریەك لە ئومامە و سدوسی هەبوو.

سەعد یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە و یەکێکە لە دوانزە نەقیبەکە، واتە زۆر زوو موسڵمان بوو و ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام لە مەدینەدا.

جارێك سەعد چوو بۆ مەککەو لەوێ خەڵکی مەککە سەعدیان گرت و زۆریان لێدا، هێندەیان لێدا جەستەی تەواو خوێناوی بوو، کابرایەك هات و وتی ماڵوێران کەس ناناسیت لە مەککە پەنات بدات؟ ئەویش وتی نا، بەڵام جاران عاصی کوڕی وائیل دەهاتە مەدینە و ئێمەش ڕێزمان لێدەگرت، یەکێك لەوێ بوو کە عەددی کوڕی قەیس بوو، وتی باسی ئامۆزاکەی منی کردووە، بەخوا یەك کەس نابێت نزیکی بێتەوە، بۆیە وازیان لێهێنا.

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) هاتە مەدینە، سەعد هەموو ڕۆژێك بڕێك گۆشت و تریتی بۆ دەنارد، ئیتر پێغەمبەر (ﷺ) لە ماڵی هەر هاوسەرێکی بوایە ئەو قاپەی سەعدی بۆ دەبرا.

جارێك سەعدی کوڕی عوبادە نەخۆش بوو، پێغەمبەر (ﷺ) هاودەم بە ئوسامەی کوڕی زەید چوو بۆ لای سەعد و سەردانی کرد، لە ڕێگەدا سەرکردەی دووڕووەکان بە قسەی ناشیرین ئازاری پێغەمبەری خوای دا، پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەی بۆ سەعد باسکرد، سەعدیش وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لێی خۆش بەو چاوپۆشی لێ بکە، پێش ئەوەی جەنابت بێیتە مەدینە خەڵکی ڕێککەوتبوون ئەو بکەن بە سەرگەورەی ئێرە، بۆیە کە ئێستا ئەوەی لەدەست چووە بۆیە وادەکات.

ساڵێك بوو پێغەمبەر (ﷺ) هاتبوویە مەدینە، دەرچوونێکی هەبوو و لەو ماوەدا سەعدی کرد بە بەرپرسی مەدینە تا لەبری خۆی کاروبارەکان بەڕێ بکات.

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) دەرچوو بۆ غەزای بەدر کەوتە ڕاوێژکردن بە هاوەڵان، کاتێك سەرەی سەعدی کوڕی عوبادە هات هەستایە سەرپێ و وتی: سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە، ئەگەر فەرمانمان پێ بکەیت تاوبدەینە ناو ئەو دەریایە تاو دەدەین، ئەگەر فەرمانمان پێ بکەیت بچینە ناو جەرگەی دەریاوە دەچین.

کاتێك ئیبراهیمی کوڕی پێغەمبەر (ﷺ) لە سەرەمەرگدا بوو، پێغەمبەر (ﷺ) فرمێسك بە چاوەکانیەوە بوو، سەعد وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوە چیە؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (ئەوە ڕەحمەتی خوایە کە خوا خستوویەتیە ناو دڵی بەندەکانیەوە، خوای گەورە ڕەحم بە بەندە بە ڕەحمەکانی دەکات).

**پەندو وانە:**

سۆز و میهرەبانی سیفەتی ناو ناخی موسڵمانەو پێغەمبەری خوایش (ﷺ) لەوەدا پێشەنگو پێشەوامان بووە، گریان بۆ لەدەستدانی ئازیزان تاوان نیە، بەڵکو تاوان ئەوەیە دەنگ بەرز بکەیتەوە یان ناڕەزایی دەرببڕی.

لە ساڵی پێنجەمی کۆچیدا دایکی سەعد لە سەرەمەرگدا بوو و سەعدیش لە غەزایەکدا بوو، بە دایکیان وت وەسیەت ناکەیت؟ ئەویش وتی سامانەکە هەمووی هی سەعدە وەسیەتی چی بکەم؟ کە سەعد هاتەوەو ئەوەی بیست پرسیاری کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) ئایا خێری بۆ بکات سوودی پێ دەگەیەنێت؟ فەرمووی بەڵێ، سەعد وتی دەی فلانە باخ دەکەم بە خێر بۆی.

سەعد لە غەزای خەندەقیشدا بەشدار بوو و پێغەمبەر (ﷺ) ئەوی هاودەم بە سەعدی کوڕی موعاز نارد تا هەواڵی جوولەکەکانی بەنی قورەیزەی بۆ وەربگرن، ئەوانیش هەواڵیان هێنایەوە کە ئەوانە ناپاکییان نواندووە.

سەعد بەرامبەر بە هەژاران زۆر چاکەکار بوو و ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر لەوانی دەبردەوە بۆ ماڵەوە تا لەوێ نان بخۆن.

سەعد لە هەموو غەزا و کاتەکانی تردا لە خزمەتی پێغەمبەردا (ﷺ) بوو و هەر چاکەیەك بوایە نەیدەهێشت لێی بێبەش بێتو خۆی پێ دەگەیاند.

دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) سەعد چوو لە شاری دیمەشق نیشتەجێ بوو، دواتر چوو بۆ شاری حۆران و لەوێ کۆچی دوایی کرد.

**پرسیار:**

1- سەعد لە مەککە چۆن ئازار درا؟

2- کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) ڕاوێژی کرد بە سەعد، ئەو چی وت؟

3- باسی مردنی دایکی بکە.

4-سەعد لە غەزای خەندەقدا چ ئەرکێکی پێ سپێردرا؟

5- پێغەمبەر (ﷺ) لە ڕووداوی مردنی ئیبراهیمی کوڕیدا چی فەرموو؟

## سەلمانی فارسی

سەلمانی فارسی ئەو هاوەڵە ئازیز و خۆشەویستەی پێغەمبەری خوایەکە لە وڵاتی ئێرانەوە بەدوای ڕاستیدا گەڕاو کەسوکاری خۆی بەجێهێشت لە پێناو ڕەزامەندی خوادا تا گەیشت بە پێغەمبەر(ﷺ) و باوەڕی پێ هێنا، پێغەمبەریش (ﷺ) هێندەی خۆش دەویست فەرمووی (سەلمان لە ئێمەی ئالوبەیتە) (سەلمان منّا أهل البيت)، سەلمانیش هێندە ئیسلامی لا خۆشەویست بوو دەیوت من کوڕی ئیسلامم.

سەلمان منداڵێك بوو لە ناوچەی ئەسبەهان لە گوندێك کە پێی دەوترا جەی، منداڵێکی خوێن گەرم و ئێسك سووك بوو، باوکی سەلمان کەسێکی ناودارو زۆر ناسراوی ناوچەکەی بوو، زۆر سەلمانی خۆشدەویستو هیچکات لە خۆی دووری نەدەخستەوە.

لەو ناوچانەی کە سەلمانی تێدا دەژیا خەڵکی لەجیاتی خوا ئاگریان دەپەرست، سەلمانیش لەگەڵ باوکیدا دەچوو بۆ پەرستگای ئاگرو لەوێ وەك ئەوان بە بێباوەڕی دەژیا تا ئەوەی سەرقاڵ دەبوو بە سەرپەرشتی ئاگری ناو پەرستگاکەوە، باوکیشی زۆر دڵخۆش دەبوو کە کوڕەکەی بەوجۆرە لەسەر ئەو ئایینەیە و هەمیشە لەگەڵ خۆیەتی.

## پەندو ئامۆژگاری

دەبێ سوپاسی خوا بکەین کە ئێمە وەك سەلمان لەناو بێباوەڕاندا لەدایك نەبوین و خوای گەورە دایك و باوك و کەسوکاری باوەڕداری پێ بەخشیوین، ئەگەر نا ئێمەش تووشی تاوان دەبووین.

باوکی سەلمان سەرقاڵی ئیشی باخ و کشتوکاڵیش دەبوو، هەموو جارێك سەلمانی لە ماڵ دادەناو خۆی دەچوو بۆ ئیشکردن لە باخەکە، ڕۆژێکیان ئیشی هەبوو بۆیە سەلمانی نارد بۆ ئیشێك، سەلمانیش چوو و لە ڕێگەدا دای بە پاڵ کڵێسایەکی مەسیحیەکاندا، سەیری کرد ئەوان نوێژ دەکەن، سەلمان زۆر سەرسام بوو بەوە، چونکە ئەوە یەکەمجاری بوو ئەو کەسانەو ئەو ئایینە ببینێ، بۆیە چوو بۆ لایان و تا ئێوارە لەلایان مایەوە.

پرسیار: ئایا ئایینی مەسیحیەت ئایینێکی ڕاستە؟

وەڵام: بەڵێ ئایینی مەسیحیەت ئایینێکی ڕاستەو خوا ناردوویەتی بۆ پێغەمبەر عیسا (علیه السلام)، بەڵام کاتێك ئایینی ئیسلام هات ئیتر نابێ هیچ کەس مەسیحی بێت و هەموو کەس دەبێ بێنە ناو ئیسلام، ئەگەر هەرکەسێك ئەمڕۆ ببێت بە مەسیحی ئەوە لە فەرمانی خوا دەرچووە و دەچێتە دۆزەخ، چونکە مەسیحیەکانی ئەمڕۆ دەڵێن سێ خوا هەیە و عیسا کوڕی خوایە کە ئەوەش کوفرە، چونکە مەسیحیەت لە سەردەمی سەلماندا بڕوای بە خوای تاك و تەنها هەبوو.

سەلمان پرسیاری کرد وتی لەکوێ بە چاکی دەتوانم لە مەسیحیەت تێبگەم؟

وتیان دەبێت بچیت بۆ شام.

سەلمانیش گەڕایەوە بۆ ماڵەوە.

بەڵام باوکی ترسا بوو کە کوڕەکەی نەهاتۆتەوەو خەڵکی ناردبوو بە شوێنیدا و خۆیشی دەستی لە ئیش هەڵگرتبوو و بەدوای سەلماندا دەگەڕا.

کاتێ سەلمان چوویەوە ماڵەوە بە باوکی وت کە ئەو خەڵکەی بینیوە و وتی تا ئێوارە لای ئەوان بووە، باوکیشی وتی ڕۆڵەکەم ئایینەکەی ئەوان هەڵەیە ئایینەکەی

خۆت باشترە، بەڵام سەلمان وتی نا بەخوا ئایینەکەی ئەوان باشترە، باوکیشی کە ئەوەی بیست ترسا و سەلمانی لە ماڵەوە بەند کرد تا نەچێتە دەرەوە.

سەلمان بە کەسێکدا هەواڵی نارد بۆ مەسیحیەکان و وتی هەرکات چوون بۆ شام منیش لەگەڵتاندا دێم، ئەوانیش پێیان وت چەند ڕۆژێکی تر دەچن.

کاتێ ویستیان بچن سەلمانیش لەماڵ دەرچوو و چوو بۆلایان و لە پێناو ناسینی خوای تاك و تەنهادا ماڵ و وڵات و کەسوکاری خۆی بەجێهێشت.

کە چوو بۆ شام وتی چاکترین و خواناسترین کەس کێیە؟

ئەوانیش وتیان فلانە کەسە، سەلمانیش چوو بۆ لای و وتی من حەز دەکەم ببم بە مەسیحی و خزمەتی تۆ دەکەم تۆیش خوام پێ بناسێنە.

## پەندو ئامۆژگاری

ڕەزامەندی خوای گەورەو بە گوێکرنی خوا زۆر گرنگترە لەکەسوکار و شوێن و ماددەو هەرشتێکی تر وەك چۆن سەلمان لە پێناو ناسینی خوادا وازی هێنا لە هەموو شتێك.

سەلمان لای ئەو کەسە مایەوە و فێری خواپەرستی دەبوو و خزمەتی ئەو زانایەی دەکرد، کەچی سەیری کرد ئەو کەسە کاتێك پارەی خێر دێنن بۆ لای پارەکە دەبات بۆ خۆی، بۆیە ڕقی بوو لەو کەسە، تا ئەوەی ئەو کەسە مرد و مەسیحیەکان کۆبوونەوە و تەرمەکەیان ئەسپەردە کرد.

پرسیار: ئەی سەلمان چی کرد؟

وەڵام: سەلمان نەیتوانی ڕاستیەکان بشارێتەوە و بە خەڵکەکەی وت ئەو پیاوە دزو خراپەکار بووە و بە خەڵکەکەی وت پارەکەی ئەو کەسە لە کوێدایە، بۆیە ئەوانیش چوون و پارەکەیان هێناو دابەشیانکرد بەسەر خەڵکدا.

ئینجا سەلمان لەلای زانایەکی تری مەسیحی مایەوە، سەیری کرد ئەم زانایە زۆر خواناس و باوەڕدارو چاکەکارە، بەردەوام لەلای بوو تا کاتێ سەرەمەرگی هات، لە سەرەمەرگیدا بە سەلمانی وت تەنها یەك کەس دەناسم بەڕاستی لەسەر ئایینی خوا مابێتەوە، ئەویش لە شاری موسڵە بڕۆ بۆ لای ئەو.

ئینجا ئەو زانایە مرد و سەلمانیش چوو بۆ لای ئەو زانایە لە موسڵ و وتی من لای زاناکەی شام بووم ئەویش پێش مردنی منی نارد بۆ لای تۆ.

## پەندو ئامۆژگاری

لە ڕێگەی ناسینی خواو ڕەزامەندی خوادا نابێ ماندوو ببین و دەبێ هەرگیز وازنەهێنین، هەروەها نابێ مردنی زاناو کەسەکان ببنە هۆکاری ساردبوونەوەمان لە ئایینی خوا.

سەلمان لای ئەو زانایەی موسڵ مایەوەو سەیری کرد کەسێکی زۆر خواناس و چاکەکارە، بەڵام هێندەی نەبرد ئەویش سەرەمەرگی هات و بە سەلمانی وت بڕۆ بۆ لای فلانە زانا کە لە نسیبینە.

ئینجا ئەو زانایەی موسڵیش مرد و سەلمانیش چوو بۆ لای ئەو زانایەی نسیبین و لای ئەویش مایەوە و سەیری کرد کەسێکی زۆر چاك و خواناسە، بەڵام ئەویش

سەرەمەرگی هات، سەلمان وتی بچم بۆلای کێ؟ ئەویش وتی برۆ بۆ لای کەسێك کە لە عموریە دادەنیشێت.

سەلمانیش چوو بۆ لای ئەو کەسە و سەیری کرد ئەویش زانایەکی خواناسە، لای ئەویش مایەوە تا سەرەمەرگی هات.

ئەوکات سەلمان وتی دەبێ بچم بۆ لای کێ؟

ئەویش وتی کەس ناناسم بە تەواوی لەسەر ئایینی ڕاستی خوا مابێ، بەڵام بەم نزیکانە خوای گەورە کۆتا پێغەمبەری خۆی دەنێرێ لە خاکی عەرەب (لە وڵاتی مەککەو مەدینە) برۆ بۆ ئەوێ هەرکات هات باوەڕی پێ بهێنە.

## پەندو ئامۆژگاری

1-هەموو کەسێك دەبێت بمرێت وەك چۆن ئەو زانایانەی سەلمان چوو بۆ لایان دەمردن، بەڵام کەسی چاك ئەوەیە بە خواناسیەوە بمرێت.

2-دەبێت لەگەڵ ئەوەی مامۆستایەکمان مرد یان دوورکەوتەوە لێمان خێرا مامۆستایەکی تر پەیدا بکەین تا فێری پەیامی خواو زانستمان بکات.

سەلمان چەند ناونیشانێکی لەو زانایە وەرگرت و بڕیاریدا بچێت بۆ مەککە و مەدینە تا چاوەڕێی هاتنی کۆتا پێغەمبەری خوا بێت، لەگەڵ کاروانێکی بازرگانیدا ڕێککەوت و وتی چی پارەم هەیە دەیدەم بە ئێوە بەڵام لەگەڵ خۆتاندا بمبەن بۆ مەککەو مەدینە.

ئەوانیش ڕازی بوون، بەڵام کە بردیان بۆ ئەوێ ستەمیان لێ کرد و وەك کۆیلە فرۆشتیان بە کەسێکی جولەکە، سەلمانیش وەك کۆیلە لای ئەو کابرا جولەکەیە مایەوە و ئیشی بۆ دەکرد و چاوەڕێ بوو پێغەمبەری خوا بێت.

ڕۆژێکیان ئامۆزایەکی ئەو کابرا جوولەکەیە هات و سەلمانی لێ کڕی و لەگەڵ خۆیدا بردی بۆ مەدینە، سەلمان کە مەدینەی بینی زانی پێغەمبەری خوا لەوێدا دەبێت.

هێندەی نەبرد هەواڵێك هات وتیان لە مەککە کەسێك بە ناوی موحەمەد دەرکەوتووە دەڵێت پێغەمبەری خوام، سەلمانیش لە خۆشیدا خەریك بوو بکەوێت و بە پەلە پرسیاری لێکرد چیت وت؟ بەڵام خاوەنەکەی لێی تووڕە بوو و وتی بڕۆ ئیشی خۆت بکە.

دواتر پێغەمبەر (ﷺ) کە هاتبوو بۆ قوبا سەلمان بڕێ خواردنی برد و چوو بۆ لای و وتی بیستوومە تۆ کەسێکی چاکیت ئینجا ئەو نیشانانەی تاقیکردەوە کە زانا مەسیحیەکە پێی وتبوو، ئەوکات زانی ئەوە پێغەمبەری خوایە، بۆیە خێرا موسڵمان بوو و باوەشی کرد بە پێغەمبەردا (ﷺ) و دەگریا.

ئینجا سەلمان بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە بۆ پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەریش (ﷺ) بەو ڕووداوەی سەرسام بوو و داوای کرد بیگێڕێتەوە بۆ هاوەڵان، ئەوانیش گوێیان لە بەسەر هاتەکەی گرت.

ئینجا سەلمان چوویەوە بۆ لای خاوەنەکەی و وتی دەمەوێت خۆم بکڕمەوە، کابراش داوای سامانێکی زۆری کرد، پێغەمبەر(ﷺ) بە هاوەڵانی فەرموو یارمەتی براکەتان بدەن، هاوەڵانیش یارمەتییان دا و سەلمان خۆی کڕیەوەو ئازاد بوو.

## پەندو ئامۆژگاری

1- کە ڕووداوێکی جوان و چاکمان لابوو، یان بیستمان، دەبێت بیگێڕینەوە بۆ کەس و هاوڕێ چاکەکانمان وەك چۆن سەلمان بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە.

2-دەبێ بە هەموو جۆرێك یارمەتی خوشك و برا مسوڵمانەکانمان بدەین و هەوڵ بدەین لە سەختی ڕزگاریان بکەین وەك چۆن هاوەڵان هەموو پێکەوە یارمەتی سەلمانی فارسییان دا.

هاوەڵان مشتومڕیان بوو لەسەر سەلمان و هەریەکەو دەیوت سەلمان لە ئێمەیە، بەڵام پێغەمبەر فەرمووی سەلمان لە ئێمەی ئالوبەیتە، ئیتر هەمیشە سەلمان لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) بوو و زانستی وەردەگرت و لە مزگەوت دەژیا، زانستی لە پێغەمبەر وەردەگرت و بەشداری هەموو غەزاو جەنگەکانی دەکرد.

لە جەنگی خەندەقدا کە بێباوەڕان هاتن بەرەو مەدینە تا بدەن لە موسڵمانان و لە ناویان ببەن پێغەمبەر (ﷺ) ڕاوێژی کرد بە موسڵمانان تاکو بزانن چی بکەن، سەلمان وتی:

ئەی پێغەمبەری خودا با بەدەوری شارەکەدا چاڵێکی گەورە هەڵبکەنین ئیتر بێباوەڕان ناتوانن بێنە ناو شارەکەوە.

پێغەمبەریش (ﷺ) قسەکەی وەرگرت، بەوە بێباوەڕەکان نەیانتوانی بێنە ناو شارەکەو خوا بێباوەڕەکانی شکاند.

ڕۆژێکیان سەلمان و بیلال و سوهەیب تووڕە بوون لە ئەبوو سوفیان کە ئەوکات هێشتا موسڵمان نەبوو بوو، ئیمامی ئەبووبەکر پێی وتن چۆن وا دەڵێن بە گەورەی قورەیش؟ دواتر ئەبووبەکر هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و بەسەرهاتەکەی بۆ

گێڕایەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەی ئەبووبەکر لەوانەیە ئەو سیانەت تووڕە کردبن، ئەگەر تووڕەت کردبن ئەوا پەروەردگارت تووڕە کردووە)

خێرا ئەبووبەکر چوویەوە بۆ لایان و وتی برا ئازیزەکانم ئایا من ئێوەم تووڕە کردووە؟ وتیان نا ئەی ئەبووبەکر خوا لێت خۆش بێت.

سەلمانی فارسی هەمیشە هاوەڵانی بێدار دەکردەوە لەوەی ستەم نەکەن و لە نێو خەڵکدا دادپەروەر بن، زۆر لەخواترس بوو نوێژو پەرستش و گریانی لەبەر خوای گەورە زۆربوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی کات بە قسەو هەڵسوکەوتە جوانەکانی دڵی هاوەڵانی خۆشدەکرد و دەیخستنە پێکەنین.

هەروەها سەلمان زۆر خاکی بوو، زۆر جار بە تەنها لە ژێر سێبەری درەختێکدا دەخەوت و نانی سادەی دەخوارد و زۆر ڕێزی خەڵکی دەگرت.

سەلمان بەوجۆرە دەژیا تا ئەو کاتەی پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی دوایی کرد، سەلمان زۆر دڵگران و بێتاقەت بوو و هەرگیز ئەوەی لەبیر نەدەچوو، بەڵام هەمیشە لەسەر ئاینی ئیسلام بەردەوام بوو و بەشداری غەزای دەکرد و لە ئازادکردنی وڵاتی فارس و گەیاندنی ئیسلام بە ئێراندا بەشداری کردو بەردەوام خزمەتی دەکرد بە ئاینی خوا تا ئەوەی سەرەمەرگ هات و لەدوای تەمەنێکی زۆر لە سەردەمی خیلافەتی ئیمامی عوسمانی کوڕی عەففاندا کۆچی دوایی کرد.

## پەندو ئامۆژگاری

نابێ مردنی کەسە گەورەو زاناکان ببنە هۆکاری ساردبوونەوەمان لە خزمەتکردن بە ئاینی خوا، بەڵکو دەبێت هەتا دوا ساتی ژیانمان خزمەت بکەین بە ئاینی خوا.

**پرسیارەکان:**

1–سەلمان لەکوێ دەژیا و باوکی سەرقاڵی چی بوو؟

2–ئایینی مەسیحیەت چییە؟ ئایا درووستە ئێمە ببین بە مەسیحی؟

3–سەلمان تا گەیشت بە پێغەمبەر(ﷺ) پێشتر بۆ چەند شوێن چوو؟

4–سەلمان چۆن خۆی ئازاد کرد؟

5–نەخشەکەی سەلمان لە جەنگی خەندەقدا چی بوو؟

6–بەسەرهاتەکەی سەلمان لەگەڵ ئیمامی ئەبووبەکر باس بکە؟

7–ئەگەر ئێستا سەلمانی فارسی لەلاتدا بوایە چیت پێ دەوت؟

## ئەبوو هورەیرە (رضي الله عنه)

یەکێکی تر لە هاوەڵانی خۆشەویستی پێغەمبەر(ﷺ) ئەبوو هورەیرە بوو کە پێغەمبەریش (ﷺ) زۆر ئەوی خۆشدەویست و نزای بۆ خۆی و دایکیشی کرد، ئەبووهورەیرە لە بنەڕەتدا ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی صەخر بوو.

ئەبووهورەیرە یەمانی بوو، لە سەردەمی نەزانی و بێباوەڕیدا ناویان نابوو عەبد شەمس واتە بەندەی خۆر، ئەو ناوەشی هەر مایەوە تا موسڵمان بوو، ئەوکات پێغەمبەر (ﷺ) ناوەکەی گۆڕی و ناوی نا عەبدولاّ و بە (ئەبوو هورەیرە) یش بانگی دەکرد.

ئەبوو هورەیرە لە یەمەن لەگەڵ دایك و باوکیدا بوو و لەوێ هەر لە منداڵیەوە کەسێکی گورج و گۆڵ بوو و ئیشی دەکرد.

هێندەی نەبرد باوکی کۆچی دوایی کرد، ئیتر هێندەی تر ژیانیان سەخت بوو، بە هەژاری و نەداری لەگەڵ دایکیدا دەژیان.

ئەبوو هورەیرە ئیشی شوانەیی دەکرد و دەچوو مەڕی دەلەوەڕاند بۆ خەڵك تا بتوانێ بەوە بژێوی خۆی و دایکی دابین بکات.

پرسیار: بۆچی پێی دەوترێت ئەبوو هورەیرە (باوکی پشیلە بچووکەکە)؟

وەڵام: چونکە کاتێك کە ئەبوهورەیرە لەناو هۆزەکەی خۆیدا شوانی دەکرد پشیلەیەکی بچووکی هەبوو دەیبرد لەگەڵ خۆیداو یاری لەگەڵ دەکرد و هەمیشە ئەو پشیلەیەی لەلای خۆی دەپاراست و لای خۆیشیدا دەیخەواند.

بەوجۆرە ئەبووهورەیرە لەگەڵ دایکی ژیانی بەسەر دەبرد تا لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) موسڵمان بوو و باوەڕی پێ هێنا، ئەمەش کاتێك لەگەڵ دایکیدا کۆچی کرد بۆ مەدینە، بەڵام دایکی هەر بە بێباوەڕی مابوویەوە.

ئەبووهورەیرە هەمیشە ئاواتی ئەوە بوو دایکی موسڵمان بێت و نزای بۆ دەکرد، هەرچەندە دایکی لەسەر موسڵمان بوونی لێی توڕە دەبوو، بەڵام ئەبوو هورەیرە لەگەڵیدا نەرم و نیان بوو و چاکەی لەگەڵ دەکردو نزای خێری بۆ دەکرد.

### پەندو ئامۆژگاری

1–دەبێت ناوی جوان بنێین لە منالّ، ئەگەریش ناوی ناشرین و خراپ بوو خێرا ناوەکەی بگۆڕین وەك چۆن پێغەمبەر (ﷺ) ناوی ئەبوهورەیرەی گۆڕی.

2–نابێ لەبەردەم سەختیەکانی ژیاندا چۆك دابدەین وەك چۆن ئەبو هورەیرە لەگەڵ هەژاری و مردنی باوکیشیدا دەستبەردار نەبوو و کاری شوانی دەکرد.

3–هەرچەندە دایك و باوکمان لەگەڵماندا توندبن نابێت بەرامبەریان خراپە بکەین و دەبێت لەگەڵیاندا چاك بین و ڕێزیان بگرین و هەمیشە نزای خێریان بۆ بکەین.

ئەبووهورەیرە زیاتر لە مزگەوتدا دەژیاو زۆربەی کاتەکانیشی لە خزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) بوو و فەرموودەی لێ وەردەگرت و لەبەری دەکردن، هەرچەندە توانای نووسینی نەبوو، بەڵام بە چاکی فەرموودەکانی لەبەر دەکردن و بۆ خەڵکی دەگێڕانەوە.

جارێکیان ئەبووهورەیرە هەستی کرد هەندێ جار فەرموودەی بیر دەچێتەوە، بۆیە چوویە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا من فەرموودەی زۆرت لێ دەبیستم و هەندێکیانم بیر دەچێتەوە.

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: عەباکەت بڵاوبکەرەوە، ئەویش عەباکەی ڕاخست، پێغەمبەر(ﷺ) دەستی بەسەردا هێناو دواتر فەرمووی: هەڵیگرەوە

ئەویش هەڵی گرت، ئیتر دوای ئەوە هەرگیز فەرموودەی لەبیر نەدەچوو.

ئەبوهورەیرە لە هەموو هاوەڵان زیاتر فەرموودەی لە پێغەمبەر(ﷺ) دەگێڕایەوە هەرچەندە زۆر کەم لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ)ژیا، چونکە تەنها چوار ساڵ لەگەڵیدا ژیا.

ئەوەبوو دوای چوار ساڵەکە پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی دوایی کرد، بەلام لەو ماوەدا ئەبوهورەیرە هیچ دەرفەتێکی لەدەست نەدەدا و هەمیشە لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بوو و لەو پێناوەشدا هەموو ناڕەحەتیەکی دەبینی.

ڕۆژێکیان ئەبوهورەیرە زۆر برسی بوو، لە برساندا لە سەرەڕێگەدا ڕاکشابوو، ئیمامی ئەبووبەکر هات و دای بەلایدا، ئەبووهورەیرە پرسیارێکی لێکرد بەو هیوایەی ئیمامی ئەبووبەکر پێی بڵێ وەرە با بڕۆینەوە بۆ ماڵەوە.

بەلام ئیمامی ئەبووبەکر نەیزانی مەبەستی ئەوەیە، بۆیە وەلامی پرسیارەکەی دایەوە و چوو.

ئینجا ئیمامی عومەر هات و دای بەلایدا بەهەمان شێوە ئەویش چوو.

دواتر پێغەمبەر (ﷺ) هات و دای بەلایدا، کە ئەبوهورەیرەی بینی زانی زۆر برسیەتی، بۆیە هەڵیساندە سەر پێ و بردیەوە بۆ ماڵەوەی خۆیان، سەیری کرد قاپێ شیر لە ماڵیاندا هەیە، بە ئەبوهورەیرەی فەرموو بڕۆ هاوەلانی صوففە بانگ بکە.

پرسیار: هاوەلانی صوففە کێ بوون؟

وەلام: ئەوانە بوون کە هەژار بوون و لەناو مزگەوتدا دەژیان و بەردەوام زانستیان وەردەگرت و خواردنیان لەلایەن موسڵمانانی ترەوە دابین دەکرا.

ئەبوهورەیرە چوو بۆ مزگەوت و ئەو هاوەڵانەی بانگ کردن، ئەوانیش چوون بۆ ماڵی پێغەمبەر(ﷺ) لەوێ پێغەمبەر (ﷺ) یەك یەك تێر شیری پێدان، ئینجا هەموویان چوونەوە.

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی ئەبوهورەیرە ئێستا من و تۆ ماوینەتەوە، وتی بەڵێ، پێغەمبەری (ﷺ) بزەیەکی کرد و فەرمووی بخۆرەوە، ئینجا شیرەکەی پێدا ئەبوهورەیرەش خواردیەوە، پێغەمبەر(ﷺ) هەمتری پێدا، ئەویش خواردیەوە، پێغەمبەر (ﷺ) بەردەوام شیری پێدەدا تا ئەبو هورەیرە تێر بوو و وتی ئەی پێغەمبەری وخوا (ﷺ) ئیتر ناتوانم، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) خۆیشی لە شیرەکەی خواردەوە.

## پەندو ئامۆژگاری

1– لەپێناو وەرگرتنی زانست و ڕەزامەندی خوادا دەبێ هەموو سەختیەك قبووڵ بکەین وەك چۆن ئەبووهورەیرە بەرگەی هەژاری و برسێتی دەگرت لە پێناو وەرگرتنی فەرموودەی زیاتردا.

2–دەبێ بەردەوام لە خزمەت فەرموودەکانی پێغەمبەردا (ﷺ) بین و لێیان تێبگەین و لەبەریان بکەین.

3–دەبێ لەگەڵ دەوروبەرمان چاك بین و خاکی بین و هەژار و برسی تێر بکەین وەك چۆن پێغەمبەر (ﷺ) وایکرد.

جارێکیان ئەبوهورەیرە لەگەڵ ئیمامی عومەردا بوو، زۆر برسی بوو، فەرموودەی دەگێڕایەوە بۆ ئیمامی عومەر و لەگەڵیدا ڕێی دەبڕی تا گەیشتەوە ماڵەوە، بەڵام کە گەیشتنەوە ماڵەوە ئیمامی عومەر سەیری کرد هیچیان نەبوو تا پێکەوە بیخۆین.

ئەبو هورەیرە هەمیشە پرسیاری دەکرد لە پێغەمبەر (ﷺ)، ڕۆژێکیان پرسیاری لێکرد ئەی پێغەمبەری خوا چ خەڵکێ لە ڕۆژی دواییدا باشترین شەفاعەتی تۆیان بەردەکەوێ؟

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەی ئەبو هورەیرە دڵنیابووم پێش تۆ هیچ کەس ئەو پرسیارەم لێناکات چونکە دەبینم زۆر سووریت لەسەر وەرگرتنی فەرموودە، ئەوەی لە ڕۆژی دواییدا زیاتر شەفاعەتی منی بەردەکەوێ کەسێکە بە پاك و پوختی لە دڵیەوە یان لە دەرونیەوە بڵێ (لا اله الا الله)

## پەندو ئامۆژگاری

پرسیارکردن لە شتە چاکەکان بە تایبەت سەبارەت بە هۆکارەکانی ڕزگاربوونمان لە ڕۆژی دواییدا کارێکی زۆر چاکەو هیچ عەیب نیە لەو بارەوە هەرچەند پرسیار بکەین لە کەسی زاناو شارەزا.

ئەبوهورەیرە حەزی دەکرد دایکی موسڵمان بێت، بۆیە زۆرجار داوای لە دایکی دەکرد موسڵمان بێ.

ڕۆژێکیان داوای کرد موسڵمان بێ کەچی دایکی تووڕە بوو و قسەی ناشیرینی بەرامبەر بە پێغەمبەر (ﷺ)کرد، ئەبوهورەیرەش بەگریانەوە هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەر (ﷺ) من دایکم بانگ دەکەم تا موسڵمان بێ کەچی ڕازی نابێ، ئەمڕۆش کە پێموت قسەی ناشیرینی بەرامبەر بە تۆ کرد.

ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نزا بکە بۆ دایکم بەڵکو خوا ڕێنمونی بکات، پێغەمبەریش (ﷺ) نزای بۆ کرد و فەرمووی (خوایە دایکی ئەبوهورەیرە ڕێنموونی

بکە) ئەبوهورەیرەش بە خۆشیەوە چوویەوە بۆماڵەوە تا بە دایکی بڵێ، کە چوویەوە تەقەی دا لە دەرگا بەڵام دایکی دەرگای بۆ نەکردەوە.

پرسیار: بۆچی دایکی دەرگای بۆ نەکردەوە؟

وەڵام: چونکە دایکی موسڵمان بوو بوو و خۆی دەشۆرد تا لە تاوانەکانی پاك ببێتەوە و بە پاکی بچێتە ناو ئایینی خواوە.

دایکی لە خۆشۆردن بوویەوەو هات و دەرگاکەی کردەوە و شایەتومانی هێنا، ئەبوهورەیرەش لەتاو خۆشیدا بە گریانەوە چوویەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و هەواڵی موسڵمانبوونی دایکی دا بە پێغەمبەر (ﷺ).

پێغەمبەریش (ﷺ) سوپاس و ستایشی خوای کرد، ئینجا ئەبو هورەیرە وتی ئەی پێغەمبەری خوا نزا بکە بۆ خۆم و دایکم تا لە بەندە باوەڕدارەکانی خوا بین و باوەڕدارانمان لا خۆشەویست بکات. پێغەمبەریش(ﷺ) نزای بۆ کردن و فەرمووی:(خوایە ئەم بەندەی خۆت - واتە ئەبو هورەیرە - و دایکی ئەو لای بەندەکانت خۆشەویست و ئەو باوەڕدارانەش لای ئەوان خۆشەویست بکە)

ئیتر هەر باوەڕدارێك باس و ناوی ئەبوهورەیرەی ببیستایە خۆشی دەویست.

## پەندو ئامۆژگاری:

1–داوای نزای خێر بکەین لە کەسانی خواناس و چاکەکاری زیندوو نەك کەسانی مردوو.

2–دەبێ ئەبوهورەیرەمان خۆش بوێ، ئەوانەش ئەویان خۆش نەوێ ئەوە ڕێگەی هەڵەیان گرتۆتەبەر.

بەوجۆرە ئەبوهورەیرە لەسەر خواپەرستی و هاودەمی پێغەمبەر (ﷺ) بەردەوام بوو تا کاتی کۆچی دوایی پێغەمبەر (ﷺ)، ئیتر ئەبوهورەیرە تەواو دلگران و خەمبار بوو و دوای ئەوە هەرکات فەرموودەی دەگێڕایەوە ناوی پێغەمبەر(ﷺ) دەبرا لەتاو خۆشەویستی بۆ پێغەمبەر دەستی دەکرد بە گریان.

ئەبوهورەیرە کەسێکی نەرم و نیان و لەسەرخۆو خاکی و دنیانەویست بوو، حەزی بە دەسەڵات نەدەکرد، هەمیشە سەرقاڵی گەیاندنی فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بوو، تا ئەوەی لە تەمەنی پەنجاو نۆ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

لە نزای سەرەمەرگیدا دەیوت خوایە من حەزم بە دیداری تۆیە دەی تۆش دیداری منت پێ خۆش بێ.

## پرسیارەکان

1-ژیانی منداڵی ئەبووهورەیرە چۆن بوو؟

2-بۆچی پێی دەوترا ئەبووهورەیرە؟

3-هاوەڵانی صوففە کێ بوون؟

4-دایکی ئەبووهورەیرە چۆن موسڵمان بوو؟

5-ئەبوهورەیرە زیاتر خۆی سەرقاڵی چی دەکرد؟

6-بەسەرهاتەکەی ئەبووهورەیرەو ئیمامی عومەر چۆن بوو؟

7-ئایا ئەبوهورەیرەت چەندە خۆش دەوێ؟

## موعازی کوڕی جەبەل

یەکێك لە هاوەڵانی ئازیز و خۆشەویستی تری پێغەمبەر (ﷺ) موعازی کوڕی جەبەل بوو، موعاز ئەو هاوەڵە گەورەیە بوو کە زۆر زوو موسڵمان بوو، پێغەمبەریش (ﷺ) سوێندی خوارد ئەی موعاز سوێند بە خوا من تۆم خۆشدەوێت، موعازیش تەواو پێغەمبەری خوای لا خۆشەویست بوو، هەردەم لە خزمەتیدا بوو.

موعازی کوڕی جەبەل لە مەدینە دەژیا دوور لە شاری لە دایکبوونی پێغەمبەر (ﷺ).

موعاز باڵابەرز و هەڵکەوتە و جوان و بۆن خۆش بوو، ڕەنگی سپی و چاوەکانی گەورە بوون، کوڕێکی زۆر نەرم و نیان بوو.

لە مەدینەدا سەرقاڵی ئیش و کار بوو تا ئەوەی جارێکیان هەواڵی پێغەمبەری (ﷺ) بیست، بۆیە کاتێك لەگەڵ خەڵکدا چوون بۆ مەککە بۆ حەج، لەوێ لە مەککە لە شاخی عەقەبەدا پێغەمبەری خوای (ﷺ) بینی و لەگەڵ هاوڕێکانیدا موسڵمان بوون و بەیعەتیان دا بە پێغەمبەر (ﷺ).

دواتر گەڕانەوە بۆ مەدینە، ئیتر لەوێ موعاز بەردەوام بانگەوازی دەکرد بۆ ئیسلام و هەوڵی دەدا خەڵکی لە بێباوەڕیەوە بەرەو لای خوا ڕاکێشێت.

پیاوێك هەبوو کە گەورەی هۆزەکەی موعاز بوو ناوی عەمر بوو، کوڕی ئەم پیاوەش ناوی موعاز بوو، ئەویش لەگەڵ موعازدا موسڵمان بوو بوو.

عەمر لەماڵەکەی خۆیدا بتێکی دانا بوو و دەیپەرست و زۆر خزمەتی ئەو بتەی دەکرد و ڕۆژانە دەیشۆرد و بۆنی خۆشی لێدەدا و دەیپەرست، ناوی ئەو بتەی نابوو (مەنات).

موعازی کوڕی جەبەل لە گەڵ موعازی هاوڕێی و چەند گەنجێکی تری موسڵماندا شەو چوون و بتەکەیان برد و فڕێیاندایە ناو شەخەڵەوە تا عەمر بزانێ ئەو بتە هیچی بەدەست نیە و ئیتر ئەو بتە نەپەرستێ.

بەیانی کە ڕۆژ بوویەوە عەمر هات سەیری کرد بتەکەی دیار نەماوە، بۆیە خێرا چوو تا بگەڕێ بەدوای بتەکەدا.

سەیری کرد لەناو شەخەڵدا فڕێ دراوە، خێرا هەڵیگرت و شۆردی و بۆنی خۆشی بەسەردا کرد و چوو لەناو خەڵکەکەدا تووڕە بوو، ووتی کێ هێرشی بردۆتە سەر خواکەمان.

بۆ سبەی شەو هەمان شت ڕوویدایەوە و بەیانی سەیری کرد لەناو پیساییدایەو هەمتر شۆردی و بۆنی خۆشی پیاداکرد و پێی وت من نازانم کێ وات لێدەکات دەی ئەگەر ڕاستە تۆ خوایت و سوودت هەیە خۆت بپارێزە.

شەو موعاز و هاوڕێکانی چوون بتەکەیان بردو بەستیانەوە بە سەگێکی تۆپیوەوە و فڕێیان دایە ناو شەخەڵ.

پرسیار: ئەی ئەمجارەیان عەمر چی کرد؟

وەڵام: بەیانی عەمر سەیری کرد بتەکە نەماوە، بۆیە خێرا چوو بەدوایدا گەڕا تا دۆزییەوە، کە سەیری کرد وا پیس کراوە و نەیتوانیوە خۆی بپارێزێ وازی لە بتەکە هێناو زانی ئەو بتە خوا نیە و ئایینی ئیسلام ڕاستە، بۆیە چوو مسوڵمان بوو.

ئینجا کەوتە قسە کردن بۆ هۆزەکەی و پێی وتن ئەو مسوڵمان بووە و داوای کرد ئەوانیش موسڵمان بن، هۆزەکەشی هەمویان موسڵمان بوون.

## پەندو ئامۆژگاری:

1-ژیری و زانایی بە گەورەیی و بچووکی نییە، ئەوەتا ئەو گەنجانە بە ژیری و لێزانی توانییان ببنە هۆی بەهۆش هاتنەوەو موسڵمان بوونی عەمر کە لەوان زۆر بەتەمەنتر بوو.

2-پێویستە بەردەوام بانگەواز بکەین بۆ ڕێی خواو بۆ ئەوەش بەڵگەی جوان و ژیرانە بەکار بهێنین، هەروەها هەوڵ بدەین لە بانگەواز و هەر کارێکی چاکدا سوود وەربگرین لە هاوڕێ چاکەکانمان وەك موعاز و هاوڕێکانی.

موعاز بەردەوام بەوجۆرە بانگەوازی دەکرد بۆ ئایینی خواو چاوەڕێ بوو پێغەمبەر (ﷺ) بێت بۆ مەدینە، کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆ مەدینە موعاز زۆر دڵخۆش بوو، بەردەوام لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بوو و زانستی لێ وەردەگرت تا ئەوەی بوو بە زانایەکی ناوداری ناو هاوەڵان.

تەنانەت هێندە جوان فێری قورئانی پیرۆز بوو بوو پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (قورئان لە چوار کەسەوە وەربگرن، ئیبن مەسعودو موعازی کوڕی جەبەل و ئوبەی و سالمی مەولای ئەبو حوزەیفە) هەروەها هێندە شارەزای شەریعەتی ئیسلام بوو بوو پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (لە ناو ئومەتەکەمدا شارەزاترین کەس بە حەڵاڵ و حەرام موعازە)

پێغەمبەر (ﷺ) زۆر ڕێزی موعازی دەگرت و هەمیشە لە خۆی نزیك دەکردەوە، تەنانەت جاری وا هەبوو پێغەمبەر (ﷺ) کە سواری گوێدرێژ دەبوو لە دوای خۆیەوە موعازی سوار دەکرد و قسەی بۆ دەکرد.

جارێکیان پێغەمبەر (ﷺ) لە ناو هاوەڵانیدا بوو وەسفی موعازی دەکرد و فەرمووی (بە ڕاستی موعاز پیاوێکی زۆر چاکە).

ئیتر خۆشەویستی نێوان موعاز و پێغەمبەر (ﷺ) ناسراو و بەرچاو بوو.

موعاز کەسێکی زۆر خواناس و لەخواترس بوو، زۆر بە چاکی ئەمانەت و سپاردەی دەپاراست. هەروەها زۆر شەرمی دەکرد لە پەروەردگاری، تەنانەت لە کاتی موسڵمان بوونیەوە تا مردنی بۆ یەکجاریش لەلای ڕاستیدا تفی نەدەکرد، هەمیشە زیکری خوای دەکرد و دەم بە زیکر بوو.

کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) بڕیاری دا کەسێك بنێرێت بۆ یەمەن تا فێری ئیسلامیان بکات موعازی کوڕی جەبەلی هەڵبژارد، چونکە زۆر زاناو شارەزا بوو، پێغەمبەر (ﷺ) موعازی ڕاسپارد تا بچێ و سواری وڵاخێکی کرد و خۆیشی بە پێ لەگەڵیدا چوو تا دەرەوەی مەدینە تا ماڵئاوایی لەگەڵ بکات.

موعاز دەیزانی تا ئەو بێتەوە پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی دوایی دەکات، بۆیە زۆر دلگران بوو، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو (ئەی موعاز لەوانەیە ساڵێکی تر دوای ئەمە بە من نەگەیتەوە و لەوانەیە بدەیت بە پاڵ ئەم مزگەوتەم و گۆڕەکەمدا)، ئیتر موعاز تەواو دلگران و خەفەتبار بوو.

لەسەردەمی ئیمامی عومەردا کاتێ موعاز لە مەدینە دەژیا ئیمامی عومەر چوار سەد دیناری نارد بۆ موعازی کوڕی جەبەل، موعازیش هەمووی دابەشکرد بەسەر خەڵکی هەژاردا و تەنها دوو دیناری بۆ خۆی هێشتەوە.

دوای ئەوە موعاز لە هەموو جەنگ و غەزاکاندا بەشداری دەکرد و بەرامبەر بە بێباوەڕان دەجەنگا بەتایبەت دژ بە ڕۆمەکان، لە ڕۆژی جەنگی یەرمووکدا موعاز

سەرکردەی لای ڕاستی سوپای ئیسلام بوو، بەسەختی دژ بە ڕۆمەکان جەنگاو خۆڕاگرانە بەرامبەریان وەستا.

دواتر موعاز کۆچی کرد بۆ شام و کەوتە بڵاوکردنەوەی زانست و گەیاندنی ئیسلام بە خەڵك، خەلیفە عومەر بڕیاریدا موعاز بکات بە ئەمیری شام تا کاروباری ئەویٚ بەڕێوە ببات، بەڵام هێندەی نەبرد تووشی نەخۆشی تاعوون بوو و خۆڕاگرو سوپاسگوزار بوو لەسەری تا ئەوەی شەوێکیان تەواو ناڕەحەت بوو و کۆچی دوایی کرد و بۆ بەیانیەکەی تەرمەکەی ئەسپەردە کرا.

**پەندو ئامۆژگاری:**

1- سامان تەنها بەشی خۆمان نییە و دەبیٚ بەشی پێویست هەڵگرین و بەوی تریشی یارمەتی خوشك و براکانمان بدەین.

2-هەرنەخۆشی و ناڕەحەتیەك دێت دەبێت سوپاسی خوای لەسەر بکەین.

**پرسیارەکان:**

1-موعاز کەی موسڵمان بوو؟

2-موعاز چی کرد تا عەمر موسڵمان بێت؟

3-پێغەمبەر (ﷺ) بەرامبەر بە موعاز چی دەفەرموو؟

4-تا ئێستا پێشتر ژیانی موعازت خوێندوەتەوە؟

5-بۆچی موعاز کۆچی کرد بۆ شام؟

6-چۆن موعاز دەیزانی کە چوو بۆ یەمەن ئیتر پێغەمبەر (ﷺ) نابینێتەوە؟

7-دەتوانیت چیرۆکی موعاز بگێڕیتەوە بۆ کەسێکی خۆشەویستی خۆت؟

## سوهەیبی ڕۆمی

یەکێکی ترلە هاوەڵانی خۆشەویستی پێغەمبەر (ﷺ) ناوی صوهەیب بوو کە پێی دەوترا صوهەیبی ڕۆمی، ئەمە ئەو هاوەڵە بوو لە پێناو خوادا وازی هێنا لە هەموو سامانی خۆی تا خۆی بگەیەنێت بە پێغەمبەری خوا، پێغەمبەریش (ﷺ)پێی دەفەرموو صوهەیب براوە بوو، صوهەیب براوە بوو.

صوهەیب کوڕی یەکێك لەو دەسەڵاتدارانە بوو کە لە عێرقدا دەژیا و دەسەڵاتێکی زۆری هەبوو، کاربەدەستی کیسرای فارس بوو، باوکی سوهەیب لە ناوچەی ئوبللە دەسەڵاتدار بوو، ئیتر بەو هۆیەوە صوهەیب بەردەوام لە خۆشیدا دەژیاو سەختی و ناڕەحەتی نەهاتە ڕێی.

پرسیار: ئەگەر صوهەیب لە عێراقدا ژیاوە ئەی بۆچی پێی دەڵێن ڕۆمی؟

وەڵام: چونکە هەرچەندە سوهەیب لە عێراقدا لە دایك بوو، بەڵام دواتر ماوەیەکی زۆر لە ناو ڕۆمیەکاندا ژیانی بردەسەر.

ڕۆژێکیان صوهەیب لەگەڵ دایکیدا هاودەم بە چەند پاسەوان و چەند خزمەتگوزارێك لە ناوچەی خۆیان چوونە دەرەوەو چوون بۆ ناوچەیەکی تر، کەچی لەو کاتەدا ڕۆمەکان هێرشیان بردە سەر ئەو ناوچەو هەرچی پاسەوان و پیاوەکان هەبوون کوژران و ژن و منداڵەکانیش بە کۆیلە گیران.

صوهەیبیش یەکێك بوو لەو منداڵانەی کە ڕۆمەکان گرتیان و بردیان بۆ بازاڕو وەك کۆیلە فرۆشتیان، ئیتر هەرجارەو صوهەیب لای کەسێك کۆیلە بوو و خزمەتی دەکرد و دواتر دەفرۆشرا بە کەسێکی تر، بەوجۆرە ژیانێکی ناخۆشی کۆیلایەتی بەشی ئەو منداڵە هەژارە بوو.

جارێکیان صوهەیب تەواو لە دەست ستەمی یەکێك لە گەورەکانی بێزار بوو، بۆیە بڕیاری دا  خۆی ڕزگار بکات، بۆیە ڕای کردو چوو بۆ شاری مەککەو لەوێ لەگەڵ کەسێکدا ڕێك کەوت و کەوتە ئیشکردن و دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆی و لە مەککەدا بەرەبەرە گەورە دەبوو.

جارێکیان صوهەیب لەدەمی یەکێك لە زانا مەسیحیەکانەوە بیستبووی کاتی ئەوەیە لەناو عەرەبدا لە مەککە پێغەمبەری کۆتا زەمان دەربکەوێت، بۆیە سوهەیب بە تامەزرۆییەوە چاوەڕێ بوو ئەو پێغەمبەرە دەربکەوێت تا خێرا باوەڕی پێ بهێنێت.

هێندەی نەبرد هەواڵی هاتنی پێغەمبەری خوای بیست، بیستی دەیانوت محەمەدی کوڕی عەبدوڵا بانگەواز دەکات بۆ ئایینێکی نوێ و بڕوای نیە بە بتەکان و دەڵێت دەبێت تەنها یەك خوا بپەرستیت، بۆیە بەیانی زوو پێش ئەوەی خەڵکی لەماڵەکانیان بێنەدەر صوهەیب کەوتە ڕێ بەرەو ماڵی ئەرقەم.

پرسیار: ماڵی ئەرقەم چی بوو؟

وەڵام: ئەو ماڵە بوو کە لە مەککەدا تیایدا هاوەڵان بە نهێنی کۆدەبوونەوەو پێغەمبەری خوایان دەبینی و لەوێ پێغەمبەر (ﷺ) باسی ئایینی خوای  بۆ دەکردن.

صوهەیب بە نهێنی چوو بۆ ماڵی ئەرقەم و سەیری کرد عەمماری کوڕی یاسر لە بەردەرگایە، کەمێ وەستاو دواتر لێی نزیك بوویەوەو وتی

ئەی عەممار لێرە چی دەکەیت؟

ئەویش وتی ئەی تۆ چی دەکەیت؟

صوهەیب وتی دەمەوێ بچم بۆ لای موحەمەدو وتەکانی ببیستم بزانم چی دەڵێت.

عەمماریش وتی منیش بۆ هەمان شت هاتووم

بۆیە پێکەوە چوونە ژوورەوە، لەوێ گوێیان گرت لە پێغەمبەر (ﷺ)و تامەزرۆی ئیسلام بوون و خێرا لەوێ موسڵمان بوون و وازیانهێنا لەو بتپەرستیەی لە مەککەدا باو بوو، هەموو ڕۆژەکە لای پێغەمبەر (ﷺ) مانەوە تا شەو داهات، ئەو کات بە نهێنی چوونەوە بۆماڵی خۆیان.

### پەندو ئامۆژگاری:

*دەبێ بە چاکی بچین بە دوای ڕاستی و وەرگرتنی زانستدا وەك چۆن صوهەیب چوو بۆ ماڵی ئەرقەم.

دوای ئەوە صوهەیب زۆر بەخۆشی و بەختەوەریەوە ژیانی دەبردە سەر و وا هەستی دەکرد بەو موسڵمان بوونەی تازە لەدایك بووە.

هێندەی نەبرد بێباوەڕەکان زانییان صوهەیب موسڵمان بووە، ئیتر کەوتنە گاڵتە پێکردن وقسە پێوتن و سزادانی، ئیتر لە گەرمای ناو مەککەدا بەسەر بەردو خاکدا ڕایاندەکێشاو بە قامچی لێیان دەداو بەردی گەورەیان لە سەر سکی دادەناو هەر سزایەکی سەختیان بۆ بەکار دەهێنا، بەڵام صوهەیب ئامادە نەبوو بە هیچ جۆرێك دەستبەرداری ئایینەکەی ببێت.

پاش ماوەیەك پیغەمبەر(ﷺ) بریاریدا موسڵمانان کۆچ بکەن بۆ مەدینە، بەڵام صوهەیب ڕێی لێگیرا کۆچ بکات، بێباوەڕەکان پێیان وت دەبێ هەموو پارەو سامانەکەت دابنێیت ئینجا بچیت بۆ مەدینە.

پرسیار: ئایا ئەو کات پیغەمبەر(ﷺ) لەکوێ بوو؟

وەڵام: ئەو کات پیغەمبەریش (ﷺ) کۆچی کردبوو بۆ مەدینە.

صوهەیبیش بڕیاریدا چی سامان و پارەی هەیە بیدات بەوان تا ڕێی پێ بدەن خۆی بگەیەنێتە پێغەمبەر(ﷺ)، کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) ئەمەی بیست فەرمووی ئەبویەحیا(صوهیەب) بردیەوە، ئەبویەحیا بردیەوە.

بێباوەڕەکان بەوەشەوە وازیان نەهێنا لە صوهەیب و کەوتنە شوێنی، صوهەیبیش تیرو کەوانەکەی دەرکردو پێی وتن بەخوا ناهێڵم بگەنە لام تا بەم چل تیرەی پێمە چل کەستان نەکوژم، دوای ئەوەش بە شمشێر لێتان ئەدەم.

ناچار ئەوانیش ترسان و گەڕانەوەو وازیان لێ هێنا، ئیتر صوهەیب کەوتە ڕێ تا گەیشتە مەدینە و بە دیداری پێغەمبەری خوا (ﷺ) شادبوویەوە.

صوهەیب کەسێکی زۆر بەخشندەو دەست کراوە بوو، هەروەها کەسێکی زۆر خاکی و نەرم و نیان و ڕووخۆش و قسە خۆش بوو، بە قسە خۆشەکانی دڵی هاوەڵانی خۆش دەکرد، هەرگیز کەسی تووڕە نەدەکرد.

صوهەیب بەردەوام لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) بوو، بەشداری غەزاکانی دەکرد و لە جەنگی بەدردا بەشداری کرد، ئیتر تا کۆچی دوایی پێغەمبەر (ﷺ) هەمیشە لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بوو، هەروەها لەیەك جەنگ دوا نەدەکەوت.

پێغەمبەر (ﷺ) کە کۆچی دوایی کرد زۆر لە صوهەیب ڕازی بوو و هاوەڵانیش صوهەیبیان زۆر خۆش دەویست.

ئیمامی ئەبوبەکرو ئیمامی عومەریش لە کاتی دەسەڵاتیاندا ڕاوێژیان پێ دەکرد، تەنانەت کاتێك ئیمامی عومەر لەلایەن دوژمنێکی ئیسلامەوە بریندار کرا فەرمانی کرد صوهەیب بەرنوێژی بکات بۆ خەڵك، لە کاتی ئەسپەردەکردنی تەرمی ئیمامی

عومەریشدا صوهەیب لەگەڵ ئیمامی عوسماندا چوونە ناو گۆڕەکەو تەرمی ئیمامی عومەریان داگرت و دانا.

ئیمامی عوسمانیش بە هەمان شێوە لە سەردەمی دەسەڵاتی خۆیدا زۆر ڕێزی صوهەیبی دەگرت، بەڵام هێندەی نەبرد ئیمامی عوسمانیش کۆچی دوایی کرد.

صوهەیب لە سەردەمی ئیمامی عەلیشدا بە هەمان شێوە ژیا، تا ئەوەی دوای تەمەنێکی زۆری هەوڵ و خزمەت کردن بە ئیسلام لە ساڵی (38)ی کۆچیدا لە شاری مەدینەدا کۆچی دوایی کردو لەوێش تەرمەکەی ئەسپەردە کرا.

**پەندو ئامۆژگاری:**

باوەڕ و ئیمان لە هەموو شتێك بە بایەخ و گرانبەهاترە وەك چۆن بینیمان صوهەیب لە پێناو پاراستنی ئیمانەکەیدا ئامادەبوو دەستبەرداری هەموو سامانی خۆی ببێت.

**پرسیارەکان:**

1-بۆچی بە صوهەیب دەوترا ڕۆمی؟

2-صوهەیب چۆن کرا بە کۆیلەو چۆن خۆی لە کۆیلایەتی ڕزگار کرد؟

3-باسی موسڵمان بوونی صوهەیب بکە؟

4-پێغەمبەر (ﷺ) چی فەرموو بە صوهەیب؟

5-ژیانی صوهەیب دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) چۆن بوو؟

6-کاتێ بێباوەڕان ڕێیان گرت بە صوهەیب بۆ کۆچکردن صوهەیب چی کرد؟

7-بزانە دایك و باوکت یان برا و خوشکەکانت وەك تۆ چیرۆکی صوهەیب دەزانن؟

# عەبدوڵای کوڕی عەبباس

عەبدوڵای کوڕی عەباس هاوەڵێکی ئازیزو خۆشەویستی پێغەمبەری خوا و ئامۆزای پێغەمبەری خوا بوو، لەگەڵ ئەوەی تەمەنی کەم بوو بەڵام هێندەی زانایان زیاتر زانستی پێ بوو، پێغەمبەر (ﷺ) نزای زانستی بۆ دەکرد و هەمیشە ئامۆژگاری دەکرد، ئەویش زۆر پێغەمبەری خوای خۆشدەویست.

عەبدوڵا کوڕی عەبباس بوو، عەبباسیش مامی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو، ئەوان لە مەککە دەژیان و لای خەڵکی بەڕێزبوون.

پێغەمبەر (ﷺ) عەباسی مامی خۆی زۆر خۆشدەویست، عەبباسیش بەهەمان شێوە، هەروەها عەبباس پێش فەتحی مەککە موسڵمان بوو بوو، بەڵام کۆچی نەکرد بۆ مەدینە و لە مەککە مایەوە و نەیهێشت کەس بە موسڵمان بوونی بزانێت.

پرسیار: بۆچی عەبباس کۆچی نەکرد بۆ مەدینە؟

وەڵام: تا هەواڵی بێباوەڕەکان بزانێ و بیگەیەنێت بە پێغەمبەر (ﷺ).

ڕۆژێکیان پێغەمبەر (ﷺ) ژنەکەی عەبباسی بینی و پێی وت تۆ سکت دەبێت و لەو سکەش منداڵێکی زیرەك و ژیرت دەبێت، هەرکات ئەو منداڵەت بوو خێرا بیهێنن بۆ لام، ئەوە بوو پاش ماوەیەك ئەو ئافرەتە منداڵێکی بوو و منداڵەکەیان برد بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ)، پێغەمبەریش (ﷺ) ناوی نا عەبدوڵا و شیرینی دا لە لێوی و بە دایکی عەبدوڵای فەرموو: بیبە دەیبینیت ئەم منداڵەت ژیرو زیرەك دەردەچێت.

ئافرەتەکەش خێرا چوویەوە بۆ لای عەبباسی مێردی و بەسەرهاتەکەی بۆ باسکرد.

ئیبن عەبباس لەگەڵ دایکیدا دەژیاو بەرە بەرە گەورە دەبوو و ئەویش لەگەڵ دایك و باوکیدا موسڵمان بوو بوو، بەڵام هەموویان موسڵمان بوونەکەی خۆیان شاردبوویەوە تا بێباوەڕەکان پێیان نەزانن.

دواتر کاتێ سەردەمی فەتحی مەککە هات و پێغەمبەر(ﷺ) مەککەی ئازاد کرد ئیبن عەبباس بەردەوام لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بوو و زانستی لێوەردەگرت، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) زۆر عەبدوڵای خۆش دەویست و نزای خێرو دانایی و زیرەکی و زانستی بۆ دەکرد.

شەوێکیان پێغەمبەر (ﷺ) لە ماڵی یەکێك لە خێزانەکانی خۆی بوو، عەبدوڵا لەوێ لەلای پێغەمبەر (ﷺ) بوو، عەبدوڵا تەشتێك ئاوی بۆ دەستنوێژی پێغەمبەر(ﷺ) دانابوو، چونکە دەیزانی پێغەمبەر (ﷺ) شەو هەڵدەستێت بۆ شەو نوێژکردن.

کاتێك پێغەمبەر(ﷺ) هەستا سەیری کرد ئاوی دەستنوێژی بۆ دانراوە، خێزانەکەی پێی وت ئەی پێغەمبەری خوا ئەو ئاوە عەبدوڵا بۆی داناویت پێغەمبەریش (ﷺ) نزای کرد بۆ عەبدوڵا و فەرمووی

(خوایە شارەزای ئایینی بکەو فێری لێکدانەوەشی بکە).

شەوێکیان عەبدوڵا لە ماڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوو، شەو پێغەمبەر (ﷺ) هەستا بۆ شەو نوێژ، عەبدوڵایش هەستا و لەگەڵیدا بوو، پێغەمبەر (ﷺ) ویستی نوێژ بکات و عەبدوڵای لە پاڵ خۆیەوە دانا تا لەگەڵیدا نوێژ بکات.

بەڵام کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) دەستی کرد بە نوێژ عەبدوڵا لەبەر زۆر شەرم کردنی لە پێغەمبەر(ﷺ) گەڕایەوە دواوە، کاتێ پێغەمبەر لە نوێژەکەی بوویەوە لێی پرسی

بۆچی واتکرد؟ وتی ئەی پێغەمبەری خوا چۆن دەکرێ من لە پاڵ تۆوە نوێژ بکەم لە کاتێکدا تۆ پێغەمبەری خوایت؟ پێغەمبەر (ﷺ) بەو قسەی سەرسام بوو و نزای خێر و زانستی بۆ کرد، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) ڕاکشاو خەوت، بەڵام عەبدوڵا هەر سەیری پێغەمبەری خوای دەکرد و نەخەوت تا بانگی بەیانی.

***پەندو ئامۆژگاری:**

1–دەبێت هەوڵ بدەین زۆر لە خزمەت زانایان و خواناساندا بین وەك چۆن دەبینین عەبباس زۆرجار بەشەو دەچوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ).

2–هەوڵ بدەین لەگەڵ دایك و باوكماندا هەستین بۆ شەونوێژ با تەنها دوو ڕكاتیش بێ ئەوە لای خوا زۆر گەورەیە.

3–پێویستە زۆر ڕێزی زاناو كەسە خواناسەكان بگرین و بە ڕێزەوە سەیریان بكەین.

عەبدوڵا زۆر گوێی دەگرت لە ئامۆژگاریەكانی پێغەمبەر (ﷺ) و لە بیری نەدەكردن، جارێكیان پێغەمبەر (ﷺ) ئامۆژگاری دەكرد پێی فەرموو:

(ئەی منداڵ من چەند وشەیەكت فێر دەكەم، سنوری خوا بپارێزە خواش تۆ دەپارێزێت، سنوری خوا بپارێزە دەبینیت خوات لەگەڵ دەبێت، ئەگەر داوای شتێكت كرد لە خوا داوا بكە، ئەگەر ویستت پشت و پەنا بگریت تەنها پشت بە خوا ببەستە، ئەوەش بزانە ئەگەر هەموو خەڵك كۆببنەوە و بیانەوێت سودێكت پێ بگەیەنن هەرگیز ناتوانن هیچ سودێكت پێ بگەیەنن مەگەر خوا خۆی بۆی دابنابێت، ئەگەریش هەموو خەڵك كۆببنەوە تا زیانت پێ بگەیەنن ناتوانن هیچ زیانت پێ بگەیەنن مەگەر خوا لە سەری نوسیبێت، بزانە ئەگەر لەسەر شتە سەخت و ناخۆشەكان خۆڕاگربیت خێرو

چاکەی زۆری تیایە بۆت، سەرکەوتن بە خۆڕاگریەوە دەبێ، لەگەڵ ناڕەحەتیدا دەروکردنەوە هەیە، لەگەڵ سەختیدا ئاسانی دێ).

**پەندو ئامۆژگاری:**

1–دەبێ لەوە دڵنیابین هەموو شتێك بەدەست خوایەو بەندەكان بەبێ ویستی خوا هیچیان پێ ناکرێ.

2–ئەگەر سەختی و ناخۆشیەکمان هاتەڕێ خۆڕاگر و سوپاسگوزار بین، چونکە بە دڵنیاییەوە بەدوایدا خۆشی دێ.

تەنانەت عەبباس جبرەئیلی فریشتەی خوای بینی، جارێکیان لەگەڵ باوکیدا چوون بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) پشتی تێکردبوون و سەرقاڵ بوو، عەبباس وتی ئەوە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) وایکرد؟

عەبدوڵا وتی باوکە گیان دەی کەسێکی تری لەلا بوو سەرقاڵ بوو،

عەبباس ووتی کوڕم من کەسم نەدی لەلای بێ.

هەردووکیان چوونەوە بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) و بەسەرهاتەکەیان بۆ گێڕایەوە، پێغەمبەر (ﷺ) بە عەبدوڵای فەرموو

ئەو کەسەت بینی؟

وتی بەڵێ.

فەرمووی دەی ئەوە جوبرئیل بوو لەبەر ئەوە سەرقاڵ بووم و نەهاتم بۆ لای ئێوە.

بەوجۆرە عەبدوڵا هەمیشە لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) بوو و زانستی لێوەردەگرت تا ئەوەی کاتی وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) هات و پێغەمبەری خوا دنیای بەجێهێشت.

عەبدوڵا تەواو دڵگران و بێتاقەت بوو، ئەوکات تەمەنی سیانزە ساڵ بوو، کەچی هێندەی کەسە بەتەمەنەکان زیاتر زانستی لە پێغەمبەر(ﷺ) وەرگرتبوو.

ئیبن عەبباس دوای ئەوە بەردەوام لەگەڵ هاوەڵە گەورەو بەڕێزەکانی پێغەمبەردا(ﷺ) دەژیا تا زانست لەوانیش وەربگرێ، هەروەها زانستیشی فێری خەڵکی دەکرد. ئیتر زیرەکی و زانایی عەبدوڵا لەناو خەڵکدا دیار بوو.

لەسەردەمی ئیمامی عومەرو ئیمامی عوسماندا ئەو ئیمامە گەورەو بەڕێزانە هەمیشە بۆ مەسەلەکان ڕاوێژیان دەکرد بە عەبدوڵا و قسەی ئەویان لا گرنگ بوو، ئەویش ڕاستترینی شتەکانی پێ دەوتن.

عەبدوڵا زۆر لەخواترس و خواناس بوو، پەرستشی زۆری دەکرد، کەسێکی نەرم و نیان و ڕووخۆش و سادە بوو، لەگەڵ خەڵکی چواردەوریدا زۆر چاك بوو، تەنانەت جارێکیان کەسێك بە توندی قسەی ناشرینی وت بە ئیبن عەبباس کەچی ئەو زۆر بە نەرم و نیانی وەڵامێکی جوانی دایەوە و لەبری توڕە بوون لێی شتێك لە زانستی فێر کرد.

بەڵام لەو شتانەدا کە بەزاندنی سنوری خوا بوایە زۆر توند بوو و بە سەختی ڕێی لێ دەگرتن.

ڕۆژانە خەڵکی دەهاتن بۆ لای و پرسیاریان لێدەکرد و ئەویش وەڵامی دەدانەوە، هاوەڵانیش ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ئەویان خۆشدەویست.

بەو جۆرە ژیا تا دواجار ئەویش ژیانی دنیای بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ لای پەروەردگاری خۆی.

**پەندو ئامۆژگاری:**

1-دەبێ لەسەرخۆو نەرم ونیان بین، ئەگەر کەسێکیش خراپەی بەرامبەرمان هەبوو ئێمە لەگەڵیدا چاك بین.

2-ڕاوێژکردن شتێکی زۆر پێویستە وەك چۆن هاوەڵان لەنێو خۆیاندا لەسەر مەسەلەکان ڕاوێژیان دەکرد.

**پرسیارەکان:**

1-عەبدولاَ چ خزمایەتیەکی لەگەڵ پێغەمبەر هەبوو؟

2-عەبدولاَ کەی موسڵمان بوو؟

3-دەتوانیت ئامۆژگاریەکەی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ عەبدولاَ باس بکەیت؟

4-پێغەمبەر(ﷺ) زیاتر چ نزایەکی دەکرد بۆ عەبدولاَ؟

5-بۆچی عەبباس کۆچی نەکرد بۆ مەدینە؟

6-ئەم چیرۆکە باس بکە بۆ کەسێکی زۆر خۆشەویستی خۆت.

## فاتیمەی کچی موحەممەد(ﷺ)

فاتیمە کچی پێغەمبەری خوا و گەورەی ژنانی بەهەشت و خۆشەویستی خواو پێغەمبەری خوا و موسڵمانانە، فاتیمە ژنی عەلی کوڕی ئەبوتالیبی خەلیفەی چوارەمی موسڵمانان و ئامۆزای پێغەمبەری خوایە، فاتیمە دایکی دوو خۆشەویستی پێغەمبەری خوا حەسەن و حوسەینە، ئافرەتێك کە پێغەمبەر(ﷺ) ئاماژەی پێدا یەکەم کەسیەتی دوای مردنی پێغەمبەر(ﷺ) بە دیداری پێغەمبەر(ﷺ) شاد دەبێتەوە.

فاتیمە کچی موحەممەدی پێغەمبەری خوا لە مەککە لەدایك بوو، کچە بچکۆلەی پێغەمبەری خوا بوو، دایکی فاتیمەش خەدیجەی کچی خوەیلید بوو، واتە دایکی باوەڕداران دایکی فاتیمە بوو، ئیتر فاتیمە لە کۆشی گەورەترین و چاکترین دایك و باوکدا پەروەردە بوو، باوکی پێغەمبەرو دایکیشی دایکی باوەڕداران و ئافرەتێك بوو کە موژدەی بەهەشتی پێدرا بوو، براکانیشی بە منداڵی کۆچی دواییان کرد بوو، خوشکەکانیشی بریتی بوون لە زەینەب و ڕوقیە.

فاتیمە کاتێ زانی موحەممەدی باوکی بووە بە پێغەمبەر خێرا موسڵمان بوو و ئیتر بەردەوام هەموو زانیاریەکی ئایینی ئیسلامی لە باوکی وەردەگرت و لەگەڵ باوکیدا نوێژی دەکرد و بەردەوام پەرستشی خوای دەکرد.

فاتیمە هەمیشە هەستی دەکرد کە پێغەمبەری خوا لەپێناو گەیاندنی پەیامی خوادا زۆر ماندوو دەبێت، بۆیە هەمیشە هەوڵی دەدا یارمەتیدەری باوکی بێ و بە دەمیەوە بوو، دەیویست ئەگەر بە قسە یان بە پێکەنین و بزەیەکیش بێت ئازاری سەرشانی پێغەمبەر(ﷺ) نەهێڵێت.

هەروەها پێغەمبەر(ﷺ) وەك یارمەتیدانی ئەبوتالیبی مامی کە پیر بوو بوو عەلی ئامۆزای خۆی هێنا بۆ ماڵی خۆیان و خۆی پەروەردەی دەکرد، ئیتر عەلیش تا تەواو گەورە بوو لەگەڵ فاتیمەدا لە ماڵی پێغەمبەری خوا دا دەژیا بەبێ ئەوەی هیچ هەڵەیەکی بچووکیش ڕووبدات، بەڵکو ئەویش خێرا موسڵمان بوو و لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا(ﷺ) بوو.

ڕۆژێکیان فاتیمە چوویە دەرەوە، باوکیشی لە مزگەوتی کەعبە دا نوێژی دەکرد، بێباوەڕانیش گاڵتەیان پێدەکردو ئازاریان دەدا، ئەوە بوو پیسایی ناو سکی وشتریان هێناو کاتێ پێغەمبەر(ﷺ) چوو بە سوجدەدا بێباوەڕەکان ئەو ناوسکەیان کرد بەسەر پێغەمبەری خوادا، فاتیمە کە ئەوەی بینی تەواو تووڕە بوو و خێرا پیسیەکەی لەسەر شان و سەری پێغەمبەر(ﷺ) لابرد و لەگەڵ باوکیدا بەرەو ماڵەوە گەڕایەوە.

بەوجۆرە فاتیمە زۆر بێتاقەت دەبوو کە دەیبینی بەو شێوەیە باوکی لەلایەن کەسە پیس و خراپە کارەکانەوە ئازار دەدرێت، بەڵام دەیزانی گەیاندنی پەیامی خوا بەبێ ئازار و ناڕەحەتی ناگاتە ئەنجام.

ئەوەبوو دواجار پێغەمبەر(ﷺ) بڕیاریدا هەموو موسڵمانان کۆچ بکەن بۆ مەدینە تا لە دەست ئەو ستەمە زۆرە ڕزگاریان بێ و بتوانن خێراتر لە مەدینەدا بانگەوازی خوا بگەیەنن و دەوڵەتی ئیسلام دابمەزرێنن.

کاتێ پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمانان چوون بۆ مەدینە و بەهێزبوون لەگەڵ بێباوەڕاندا جەنگان و هەردوو جەنگی بەدر و ئوحودیش ڕوویاندا، هەروەها لە مەدینەدا فاتیمەی کچی پێغەمبەر(ﷺ) شووی کرد.

پرسیار: فاتیمە شووی بە کێ کرد؟

وەڵام: فاتیمە شووی کرد بە عەلی کوڕی ئەبوتالیب کە ئامۆزای پێغەمبەر(ﷺ) بوو.

ئیمامی عەلی خۆی ڕووی نەبوو بچێتە داوای فاتیمە، بۆیە کەسێکی تری نارد بۆ داوای فاتیمە و پێغەمبەریش(ﷺ) ڕازی بوو و ئیمامی عەلی بانگ کرد و فاتیمەی لێ مارەکرد، بەوەش خێزانێکی نوێی باوەڕداریان پێکهێنا.

بەڵام لەڕووی ئابوورییەوە زۆر هەژاربوون و زۆرجار نان و خواردنیان نەبوو تا نان بخۆن و بە برسێتی دەخەوتن، جارێکیان چەند ڕۆژێك نانی وایان نەخواردبوو، ئەوە بوو بڕێ گۆشت هات بۆ فاتیمە، ئەویش ئامادەی کردو هەڵیگرت تا پێغەمبەر(ﷺ) هات بۆماڵیان تاکو لەگەڵ باوکیشیدا پێکەوە بیخۆن، چونکە دەیزانی باوکیشی وەك ئەوان زۆربەی جارەکان برسیەو نانێکی وا نیە بیخوات، چونکە لەو ماوەدا موسڵمانان هەژار و کەمدەست بوون.

لەو ماوەشدا خوای گەورە منداڵێکی جوان و نازداری پێ بەخشین کە ئەویش حەسەن بوو، پێغەمبەر(ﷺ) خۆی ناوی ئەو منداڵەی نا (حەسەن) و بانگی فەرموو بە گوێیدا و خورمای دا لە لێوی و نزای بۆ کرد، هەروەها مەڕێکی بۆ کرد بە خێر.

پاش حەسەنیش خوای گەورە منداڵێکی تری پێبەخشین کە ئەویش حوسەین بوو، ئەم دوانە دوو ڕەیحانەکەی پێغەمبەر(ﷺ) بوون، پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو حەسەن و حوسەین گەورەی گەنجانی بەهەشتن، پێغەمبەر(ﷺ) زۆر خۆشی دەویستن و زۆرجار دەیگرتنە باوەش و دەیبردنەوە بۆ ماڵەوە و دواتریش دەیبردنەوە بۆ لای دایکیان.

ئیتر پێغەمبەر(ﷺ) ڕۆژانە سەردانی ماڵی فاتیمەی دەکرد و سەردانی عەلی و فاتیمە و حەسەن و حوسەینی دەکرد و هەندێ جاریش بەیەکەوە نانیان دەخوارد،

لەو ماوەدا یەکێك لە خوشکە ئازیزەکانی فاتیمە کە ژنی ئیمامی عوسمان بوو بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

### پەند و ئامۆژگاری:

1–هەوڵ بدەین ئازار و ناڕەحەتی سەرشانی کەسانی چواردەورمان نەهێڵین بەتایبەت ئازار و ناڕەحەتی دایك و باوکمان، چونکە زۆر ماندوو بوون بۆ ئێمە و هەرچاکەیەکیان لەگەڵ بکەین هێشتا کەمە.

2–دەبێ لەپێناو ئیسلامدا بەرگەی هەر سەختیەك بگرین وەك چۆن پێغەمبەر(ﷺ) بەرگەی سەختیەکانی دەگرت.

3–پێویستە فاتیمە و عەلی و حەسەن و حوسەینمان خۆش بوێن، چونکە پێغەمبەری خوا خۆشی ویستون و نزای بۆ کردون.

جارێکیان هەریەك لە فاتیمە و عەلی لەتاو زۆر ماندووبوونیان چوون تا لای پێغەمبەر(ﷺ) سکاڵا بکەن لەسەر ناڕەحەتی ماندووبوونیان، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) لەبری ئەوەی خزمەتکاریان بۆ دابنێ نزای خێری فێرکردن، ئەوە بوو لەدوای ئەوە ئیتر سەختی و ناڕەحەتییان لەسەر نەما چونکە بەردەوام ئەو نزایەیان دەکرد.

بەوجۆرە فاتیمە لەناو دەوڵەتی ئیسلامی ناو مەدینەدا ژیانی دەبردە سەرو نزیك بوو لە باوکی و بەردەوام سەردانی یەکتریان دەکرد تا ئەوەی دواجار ڕۆژی ناخۆشی ڕووی کردە فاتیمە، ئەویش ماوەی نەخۆشی و ڕۆژی کۆچی دوایی پێغەمبەر(ﷺ) بوو.

ئەوە بوو پێغەمبەر(ﷺ) نەخۆش کەوت، ئیتر فاتیمە بەردەوام لەلای بوو و خزمەتی دەکرد و خەفەتی بۆ دەخوارد، لە ڕۆژی وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ)دا فاتیمە کە

نزیك بوو لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) كاتێ دەگریا پێغەمبەر(ﷺ) چپەیەكی بۆ كردو پێی فەرموو كە دەمرێت، ئیتر فاتیمە تەواو دەستی كرد بە گریان، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) چپەیەكی تری بۆ كرد و پێی فەرموو لە كەسوكارمدا تۆ یەكەم كەسیت پێمدەگەیتەوە، فاتیمەش بزەیەكی كرد و پێكەنی، ئەوە بوو دوای وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) هێندەی نەبرد دوای شەش مانگ لە وەفاتی باوكی، فاتیمەش نەخۆش كەوت.

ئیمامی عەلی خزمەتی فاتیمەی دەكرد، هەروەها ئیمامی ئەبووبەكریش ژنەكەی خۆی نارد بۆ لای فاتیمە تا لەو ماوەیەدا خزمەتی فاتیمە بكات و ئاگای لێی بێت، ئیمامی ئەبووبەكر كە خەلیفە بوو خۆیشی دەچوو بۆ لای و سەردانی دەكرد، موسڵمانانیش سەردانیان دەكرد، بەڵام دوای چەند ڕۆژێك لە نەخۆشیەكەی فاتیمە كۆچی دوایی كرد و گەڕایەوە بۆ لای پەروەردگاری.

## پەند و ئامۆژگاری

1- هەرچەندە كەسە نزیكەكانمان بمرن و بەجێمان بهێڵن، بەڵام ئەگەر كردەوەمان چاك بێت لە ڕۆژی دواییدا پشت بە خوا پێیان دەگەینەوە.

2-مردن ڕاستیەكە هیچ كەس ناتوانێت لە دەستی ڕابكات.

**پرسیارەکان:**

1–دایك و باوكو خوشكو برای فاتیمە كێ بون؟

2– فاتیمە چۆن موسڵمان بوو؟

3– ناوی منداڵەكانی فاتیمە چی بوون؟

4– ڕۆژی ناڕەحەتیەكەی فاتیمە كەی بوو؟

5– باسی مردنی فاتیمە بكە.

6–ئەگەر ئێستا لای فاتیمە بوویتایە چیت پێ دەوت؟

## ئەنەسی کوڕی مالیك

ئەنەسی کوڕی مالیك ئەو هاوەڵە خۆشەویستەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو کە ماوەیەکی زۆر خزمەتی پێغەمبەری خوای دەکرد، پێغەمبەریش (ﷺ) نزای بۆ کرد خوایە سامان و منداڵی زیاد بکەو بەرەکەتی تێبخە بۆی، ئیتر یەکپارچە شارەزای چرکە ساتەکانی ژیانی بوو، بە تاسەوە سوننەتەکانی وەردەگرت.

ئەنەس منداڵێکی بچووك بوو، باوکی ناوی مالیك بوو، مالیك کەسێکی بێباوەڕو خوانەناس بوو، زۆر ڕەق و توند بوو، لەگەڵ ئیسلامدا نەدەگونجا.

دایکی ئەنەسیش ناوی ئوم سولەیم بوو، ئەم ئافرەتە موسڵمان بوو بوو، بەلاّم مالیکی مێردی زۆری لێدەکرد تا واز بهێنێ لە ئیسلام، بەلاّم ئەو ئافرەتە لەسەر ئایینی ئیسلام بەردەوام بوو و ئامادە نەبوو وازبهێنێ.

ڕۆژێکیان مالیك تووڕە بوو، لەخۆیەوە بە ژن و منداڵدا هەڵدەشاخا، بەو تووڕەییەوە چوویە دەرەوە، لە ڕێگەیدا تووشی بوو بە تووشی یەکێك لە دوژمنەکانیەوەو لەگەڵیدا بووی بە شەڕو ئەو دوژمنەش مالیکی کوشت، بەوەش ئەنەس هەتیو کەوت.

بەلاّم دایکی لەبەرئەوەی ژیر و باوەڕدار و خواناس بوو هێندە ئاگای لە ئەنەس بوو نەیدەهێشت بۆ ساتێکیش ئەنەس هەست بە بێباوکی بکات، بەڵکو بەردەوام فێری ئیسلامی دەکرد و خۆشەویستی خوا و پێغەمبەری خوای لە دڵیدا دەچاند.

ئیتر ئەنەس تەواو تامەزۆری دیداری پێغەمبەری خوا بوو، بەڵکو خوازیار بوو کەمێك گەورە بێت و بچێت بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و بەردەوام لە خزمەتیدا بێت.

هێنـدەی نـەبرد هـەواڵ گەیشـتە مەدینـە کـە پێغەمبـەر (ﷺ) فـەرمانی داوە بـە هاوەڵان کۆچ بکەن بۆ مەدینە، ئیتر ئەنەس لە خۆشیدا نەیدەزانی چی بکات، چـونکە دەیزانی ئیتر پێغەمبەریش (ﷺ) دێت بۆ مەدینە.

ڕۆژانە ئەنەس لەگەڵ خەڵکەکەدا دەچوویە دەرەوەی مەدینـە و چـاوەڕێی هـاتنی پێغەمبەری خوای دەکرد، تا ئەوەی ڕۆژی هاتنی پێغەمبەر (ﷺ) هات، ئیتر هـەموان بە تاسەوە چاویان لەڕێ بوو، ئەوە بـوو پێغەمبـەر (ﷺ) هـات و خـەڵکی بـە جـوانی پێشوازییان لێکرد.

دوای ئـەوەی پێغەمبـەر(ﷺ) لـە مەدینـە نیشـتەجێ بـوو ئـوم سـولەیم دەسـتی ئەنەسی گرت و هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و سـەلامی کـرد و وتـی ئـەی پێغەمبـەری خــوا ئــەم کــوڕەمم هێنــاوە تــا خزمــەتت بکــات دەی نــزای خێریشــی بــۆ بکــە، پێغەمبـەریش(ﷺ) نـزای بـۆ کـرد و فـەرمووی (خوایـە سـامان و منـداڵی زیـاد بکـە) ئەوکات ئەنەس تەمەنی بیست ساڵ بوو.

ئیتر بەردەوام ئەنەس لە خزمەتی پێغەمبـەر(ﷺ)دا بـوو و هـەر ئـەرك و کـارێکی پێغەمبەری خوا هەبوایە ئەو ڕایدەپەڕاند.

ئەنەس زۆر سەرسامی بۆن و ڕەنگ و کردار و گوفتاری پێغەمبەر(ﷺ) بوو، جـار هەبوو پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵ ئەنـەس دەچـوو بـۆ مـاڵی دایکـی ئەنـەس و سـەردانیان دەکرد.

ڕۆژێکیان پێغەمبەر(ﷺ) ئەنەسی نارد بۆ ئیشێك، ئەنەس چوو و ئیشەکەی کرد، دواتـر چـوویەوە بـۆ لای دایکـی، دایکـی پرسـیاری لێکـرد بۆچـی دواکـەوتی؟ وتـی پێغەمبـەر(ﷺ) ئیشـی پـێم هـەبوو، وتـی ئیشـەکەی چـی بـوو؟ وتـی ئـەوە نهێنـی

پێغەمبەری خوایەو باسی ناکەم، دایکی وتی ئافەرین کوڕم هەرگیز نهێنی پێغەمبەر(ﷺ) باس نەکەیت.

ئەنەس باسی ژیانی خۆی لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) دەکرد و دەیوت دە ساڵ لە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)دا ژیام تەنها یەك جاریش لێم تووڕە نەبوو، بەڵکو هەمیشە پێغەمبەر(ﷺ) بە ڕووی خۆش و بە نەرم و نیانی قسەی لەگەڵ ئەنەس کردووە، ئەگەریش ئەنەس هەڵەیەکی هەبوایە پێغەمبەر(ﷺ) تەریقی نەدەکردەوە، بەڵکو بە نەرمونیانی تێیدەگەیاند.

## پەند و ئامۆژگاری:

1- پێویستە بە خۆشحاڵیەوە خزمەتی زانا و خواناسان بکەین و زانستیان لێوەرگرین.

2- پێویستە هەمیشە نهێنی و شتە تایبەتیەکانی دەوروبەرمان بپارێزین بەتایبەت نهێنی زانا و مامۆستاکانمان وەك چۆن ئەنەس بە چاکی نهێنی پێغەمبەری (ﷺ) دەپاراست.

بەوجۆرە ئەنەس بەردەوام لە ماڵ و لە دەرەوەو لە سەردان و شوێنانداا لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ)دا بوو تا ئەو کاتەی پێغەمبەر(ﷺ) کۆچی دوایی کرد، ئیتر ئەو ڕۆژە سەختترین ڕۆژی ژیانی ئەنەس بوو.

دوای وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) ئەنەسی کوڕی مالیك هەشتاو ئەوەندە ساڵ ژیا، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) نزای تەمەن درێژی بۆ کردبوو، ئەمەش بۆ موسڵمانان سوودی زۆر بوو، چونکە هەرکات موسڵمانان کێشەیەکیان هەبوایە یان پرسیارێکیان بهاتایەتە ڕێ خێرا دەچوون و پرسیاریان دەکرد لە ئەنەس.

لەو ماوەی ژیانیدا هەرکات باسی هاتنی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ مەدینە بکرایە ئەنەس دڵخۆش دەبوو، بەڵام کاتێ باسی کۆچی دوایی پێغەمبەر(ﷺ) دەکرا دەستی دەکرد بە گریان و تەواو دلگران دەبوو.

زۆربەی کات و ژیانی ئەنەس بریتی بوو لە پەرستش و یادی خوا، زۆرجار هێندە نوێژی دەکرد تا قاچەکانی دەئاوسان، بەردەوام خەتمی قورئانی دەکردو ژن و منداڵەکەی خۆی کۆدەکردنەوەو نزای بۆ دەکردن.

ئەنەس هێندەی تامەزرۆی ئەوە بوو جارێکی تر پێغەمبەر(ﷺ) ببینێتەوە و لەگەڵیدا بژیت هەموو شەوێك خەوی پێوە دەبینی، ئەنەس خۆی دەڵێت هەموو شەوێك لە خەومدا پێغەمبەر(ﷺ) دەبینم، دوای ئەم قسەش دەستی کرد بە گریان لەبەر دووری لە دیداری پێغەمبەر(ﷺ).

ئەنەس لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدیندا ڕێزێکی زۆری لێدەگیرا، بەردەوام خەڵکی سەردانیان دەکرد و پرسیاریان لێدەکرد، ئەویش بەسەرهاتی خۆی لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ)دا بۆ دەگێڕانەوە، چونکە لەناو هاوەڵاندا ئەنەس لە هەموان زیاتر شارەزای هەڵسوکەوتی پێغەمبەر(ﷺ) بوو.

ئەو باسی ئەوەی دەکرد لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ)دا بە شەقامەکانی مەدینەدا گەڕاون و پێغەمبەر(ﷺ)کە داویەتی بە لای منداڵاندا سەلامی لێکردون و هەواڵی پرسیون، قسەی خۆشی بۆ کردون و ناڕەحەتی لەسەرشان لابردون.

دوای تەمەنێکی پڕ لە زانست و ئەزموون و پەرستشو خواناسی ئەنەسی کوڕی مالیکیش کاتی ئەوەی هات ژیانی دنیا بەجێبهێڵێ و ڕووەو لای پەروەردگاری

بگەڕێتەوەو جارێکی تر بچێتەوە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و هاوەڵانی کۆچ کردوو، ئەوە بوو دوای تەمەنێکی زۆر و بوونی نەوەیەکی زۆر دواجار کۆچی دوایی کرد.

## پەند و ئامۆژگاری

1- هەوڵ بدەین هەردەم لەگەڵ زانایان و خواپەرستان و کەسانی چاکدا ژیان ببەینە سەر و لێیان دوور نەکەوینەوە تا زیاترین ئەزموون و زانستیان لێ وەربگرین.

2- دەبێ وەك ئەنەس بە بیستنی کۆچی دوایی پێغەمبەر(ﷺ) دڵگران بین و تامەزۆری دیداری پێغەمبەر(ﷺ) بین.

3- دەبێت زۆر ڕێزی بچووکتر لە خۆمان بگرین، ئەوەتا پێغەمبەر(ﷺ) کە گەورەی مرۆڤایەتیە لەگەڵ منداڵاندا وەستاوە و سەلامی بۆ کردون و هەواڵی پرسیون و قسەی بۆ کردون.

## پرسیارەکان

1- باوکی ئەنەس چۆن بوو؟ ئەی چۆن مرد؟

2- ئەنەس چۆن چوویە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)؟

3- نزاکەی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ ئەنەس چی بوو؟

4- نهێنی پاراستنەکەی پێغەمبەر(ﷺ) لەلایەن ئەنەسەوە باس بکە.

5- ئەنەس چەند ساڵ لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) بوو؟

6- ئەنەس دوای وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) چۆن دەژیا؟

7- ئەگەر ئەنەس ئێستا لای تۆ بوایە پرسیاری چیت لێدەکرد؟

## خەبباب‌ی کوڕی ئەرەت

هاوەڵێکی بەرز و بەڕێزی پێغەمبەری خوا (ﷺ) خەببابی کوڕی ئەرەت بوو، ئـەو هاوەڵە بەڕێزەی کە لە پێناو ئاییـنی خوادا چەندین ناڕەحـەتی و سـزای چەشـت و بـە ئاسنی گەرم داخ دەکرا.

خەباب منداڵێکی جوان و ڕۆح سوك بوو، لە نێو کەسوکاریدا ژیانی دەبردە سەر و دەهات و دەچوو، لە نێو هۆزی بەنی تەمیمدا دەژیا، لەگـەڵ منـداڵان دەچـوویە دەر و یاری دەکرد، لەگـەڵ بـاوکی دەهـات و دەچـوو، لای دایـك و بـاوکی خۆشەویسـتیەکی زۆری هەبوو.

ڕۆژێکیان خەباب چوویە دەرەوە و لەگـەڵ هاوڕێکانیـدا یـاری دەکـرد، کەچـی لـە ناکاودا نەگبەتی ڕووی کردە ناوچەکەیان و دوژمنان هێرشیان بۆ هێنان و ژن و منـداڵ و ئاژەڵەکانیان بردن، خەبابیش یەکێ بوو لەو منداڵانەی کە دوژمنـان بردنیـان و وەك کۆیلە لە بازاڕی کۆیلە فرۆشاندا هەرزان فرۆشیان کردن.

ئیتر خەباب هەر جارەو کۆیلەی کەسێك بوو و خزمەتی بـە کەسـێك دەکـرد و زۆر ماندوو دەکرا، جارێکیان گەورەکەی خەباب بڕیاری دا بیبات بۆ مەککـە و بیفرۆشـێت، خەبابیش تەنها دەبوو ملکەچی فەرمانی بێت، ئەوە بـوو خـەبابی بـرد و لـە مەککـەدا هەرزان فرۆشی کرد.

پرسیار: کێ خەبابی کڕی؟

وەڵام/ ئافرەتێ هەبوو ناوی ئوم ئەنمار بوو چوو بوو دەیویست کۆیلەیەك بکڕێت، کاتێ خەبابی بینی سەیری کرد لەشی ساغە و ژیـر دیـارە، بۆیـە کـڕی و بردیـەوە بـۆ ماڵەوە و بۆ کار و خزمەتی خۆی بەکاری دەهێنا.

ئوم ئـەنمار ئـافرەتێکی خوانەناسـی بتپەرسـتی زۆر خـراپ بـوو، ئیشـی سـەختی دەکرد بە خەباب، کاتێ کەمێ خەباب گەورە بوو ئەو ئافرەتە چوو بۆ لای ئاسنگەرێك و داوای لێکرد خەباب وەك شاگرد وەربگرێت، ئەویش ڕازی بوو.

ئیتر خەباب ڕۆژانە دەچوو بۆ لای ئەو ئاسنگەرەو لای ئەو فێـری دروسـت کردنـی شمشێر بوو، هێندە بە جوانی فێـر بـوو کـە دروسـت کردنـی شمشـێری خـەباب لـەناو خەڵکیدا باس دەکرا، ئەمە وایکرد ئوم ئەنمار بیر لەوە بکاتەوە دووکانێکی تایبەت بۆ خەباب دابنێ تا پارەی زیاتری بۆ پەیدا بکـات، ئەمـەش هێنـدەی تـر ئیشـەکەی ئـەو کوڕەی قورستر کرد.

هەر لە سەرەتای دەرکەوتنیەوە خەڵکی زۆر سەرسـام بـوون بـە ئاکـاری جـوان و ژیری و قسە جوانی خەباب و زۆر متمانەیان پێی هـەبوو، بـەوەش زۆربـەی خـەڵك بـۆ پێویستیەکانیان دەچوون بۆ لای ئەو.

کاتێ پێغەمبەر(ﷺ) هات دەنگ و بـاس لـەناو خەڵکـدا بڵاوبوویـەوە کـە گـەنجێ دەرکەوتووە بە ناوی موحەممەد و دەڵێت پێغەمبەرم، خەباب کە ئەمەی بیست تەزوو هات بە لەشیدا و هەستی کرد ئەمە قسەیەکی گاڵتە نیە.

ئیمـامی ئەبوبـەکر بـوو بـە ڕێنیشـاندەری خـەباب، خـەبابیش خێـرا چـوو بـۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و لە خزمەتیدا دانیشت، کە پێغەمبەری خـوای بینـی و گـوێی لێگـرت چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسك و دەستی خستە دەستی پێغەمبـەر(ﷺ) و موسـڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاند، بەوەش خەباب بوو بە شەشەم موسڵمانی سەر زەوی خوا.

**پەند و ئامۆژگاری:**

1- دەبێ بە تەمبەڵی دانەنیشین و چالاکانە ئیش بکەین و یارمەتی دایك و باوك و کەسەکانمان بدەین.

2- دەبێ هێندە ئاکار و ڕەوشتمان جوان بێ هەموان تامەزرۆی ئەوە بن هەڵسوکەوتمان لەگەڵ بکەن و لایان خۆشەویست بین.

بەرەبەرە هەواڵی موسڵمان بوونی خەباب بڵاوبوویەوە، هەر کە ئوم ئەنمار ئەوەی بیست خێرا چوو بۆ لای سیباعی برای، ئەویش بە کۆمەڵێ گەنجەوە لەگەڵ ئوم ئەنماردا کەوتە ڕێ و هاتن بۆ لای خەباب، بە توندی لێیان دەدا و سزایان دەدا، جلی ئاسنینیان لەبەر دەکرد و لەبەر خۆردا دایاندەنا، ئاویان پێنەدەداو زۆر سزایان دەدا و داوایان لێ دەکرد قسە بڵێ بە پێغەمبەر(ﷺ)، بەڵام خەباب ئامادە نەبوو بە گوێیان بکات.

هێندە بە سەختی سزای خەبابیان دەدا تا جارێکیان خەباب لە ڕێی ئیشەکەیەوە چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا ئایا نزای سەرکەوتنمان بۆ ناکەیت؟ پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو (پێش ئێوە کەس هەبووە چاڵی بۆ هەڵکەنراوە و خراوەتە ناوی و دواتر بە مشار لەسەرەوە تا خوار لەتیان کردووە، بەخوا خوای گەورە ئەم ئایینە سەردەخات...بەڵام ئێوە پەلە دەکەن) بۆیە خەباب گەڕایەوە و بڕیاری دا دووبارە خۆڕاگر بێ تا خوای گەورە سەریان دەخات.

جارێکیان خەباب شمشێرێکی دروست کرد بۆ کابرایەکی بێباوەڕ کە ناوی عاسی کوڕی وائیل بوو، کاتێ عاس هاتەوە و شمشێرەکەی برد خەباب داوای پارەکەی کرد،

عاص وتی پارەت پێ نادەم تا وازنەهێنی لە ئایینەکەی موحەممەد، خەبابیش وتی تا مردنیش بە تەمای ئەوە بیت من هەرگیز واز ناهێنم لە ئایینی موحەممەد.

هێندەی نەبرد خوای گەورە سزای خۆی نارد بۆ ئوم ئەنمارو حەقی خەبابی سەندەوە، ئەوە بوو ئوم ئەنمار تووشی ژانە سەرێك بوو کە نموونەی وا لە کەسدا نەبینرا بوو، دەبوو بۆ کەمکردنەوەی ئازاری سەری ئاسن داخ بکرایەو بدرایە لەسەری، کوڕ و کەسەکانی بەردەوام بۆ پزیشك دەگەڕان، بەڵام هەموو پزیشکەکان دەیانوت تەنها چارەسەری ئەوەیە بە ئاسنی گەرم سەری داخ بکەن، بەوەش خوای گەورە تۆڵەی خەبابی لەو ئافرەتە سەندەوە.

## پەند و ئامۆژگاری:

1- دەبێ لەپێناو خوادا بەرگەی هەموو سەختی و ئازارێك بگرین و لەوەشدا منەت نەکەین، بەڵکو ئەوە ئەرکی ئێمەیە، وەك چۆن پێغەمبەر(ﷺ) پێی ڕاگەیاندین پێش ئێمە خەڵکی زۆر بە سەختی لەسەر ڕێبازی خوا سزا دراون.

2- خوای گەورە تۆڵە لە ستەمکار دەکاتەوە و مافی ستەملێکراو وەردەگرێتەوە، بەڵام دەبێ پەلە نەکەین.

پێغەمبەر(ﷺ) کە بینی هاوەڵانی زۆر سزا دەدرێن بڕیاریدا هاوەڵان کۆچ بکەن بۆ مەدینە، خەبابیش ویستی کۆچ بکات، بەڵام لەبەر نەخۆشی ئوم ئەنمار ناچار مایەوە و دەبوو ڕۆژانە ئاسن گەرم بکات و سەری ئەو ئافرەتە داخ بکات.

بەڵام دوای ماوەیەکی کەم کۆچی کرد بۆ مەدینە و لە دەست ئەو کەسە خراپ و ناپاکانە ڕزگاری بوو، ئیتر بەردەوام لە خزمەتی پێغەمبەر(ﷺ)دا دەبوو و زانستی لێوەردەگرت و بە بینینی ڕوخساری پیرۆزی پێغەمبەر(ﷺ) ئازارەکانی بیر نەدەمان.

لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ)دا بەشداری غەزاکانی دەکرد، لە جەنگی بەدرو ئوحودیشدا بەشداری کرد، لە جەنگی ئوحوددا بینی سیباعی برای ئوم ئەنمار کە سزای ئەوی دەدا لەسەر دەستی پاڵەوانی ئیسلام حەمزەی مامی پێغەمبەر(ﷺ) کوژرا.

بەوجۆرە خەباب هەموو ماوەی ژیانی پێغەمبەر(ﷺ) لە مەدینەدا لە خزمەتیدا بوو، چ لە غەزاکان چ لە مزگەوت و کاتی نوێژ و جەژنەکان و کاتەکانی تریشدا، تا ئەو کاتەی ڕۆژی وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) هات ئیتر یەکپارچە ئازار و دڵگرانی خەبابی داگرت، بەڵام خۆڕاگرانە بڕوای بەوە هەبوو دەبێ هەموومان بگەڕێینەوە بۆ لای خوا.

خەباب لە سەردەمی خەلیفەکانی پێغەمبەر(ﷺ)دا ژیا و خەلیفەکان و هاوەڵانیش زۆر ڕێزیان دەگرت، جارێکیان چوو بۆ لای عومەری کوڕی خەتتاب، باسی بەسەرهاتی خۆی بۆ کرد کە بێباوەڕان ئاگرێکیان بۆ کردۆتەوەو خستوویانەتە سەر ئاگرەکە و بێباوەڕێك قاچی لەسەر سنگی داناوە تا بە تەواوی پشتی بسووتێ، دواتر پشتی خۆی نیشانی ئیمامی عومەردا و ئیمامی عومەریش دەستی کرد بە گریان.

دوای تەمەنێکی زۆری پڕ لە خزمەتکردن بە ئایینی خوا خەباب بە نەخۆشی لە تەمەنی حەفتا و سێ ساڵیدا لە کووفە مرد و ئیمامی عەلی نوێژی لەسەر کرد و لە کووفە تەرمەکەی ئەسپەردە کرا.

**پەند و ئامۆژگاری:**

1- خوا ناهێڵێت ستەمکار بێ تۆڵە لە ژیان دەرچێت وەك چۆن بە بەرچاوی خەبابەوە سزای ئیبن سیباعی دا.

2- گەورەترین خەفەت و ئازاری هەر موسڵمانێك دەبێ مردنی پێغەمبەر(ﷺ) بێ.

**پرسیارەکان:**

1- خەباب چۆن کرا بە کۆیلە؟
2- ئوم ئەنمار کێ بوو؟
3- خەباب چۆن موسڵمان بوو؟
4- چۆن خوا مافی خەبابی سەندەوە؟
5- باسی سزای خوا بۆ سەر ئوم ئەنمار بکە.
6- چیرۆکەکەی خەباب بۆ عومەر چی بوو؟
7-دەتوانیت وەك خەباب خۆڕاگر بیت؟

# حەمزەی کوڕی عەبدولموتەلیب

حـەمزە مـامی پێغەمبـەری خـوا و گـەورە هـاوەڵی خۆشەویسـت و بـرای شـیری پێغەمبەری خوا و شێری خواو پێغەمبەرەکەی و گەورەی شەهیدانە، ئـەو کەسـایەتیە خۆشەویستی پێغەمبەری خوایە (ﷺ).

حەمزە کوڕی عەبدولموتەلیب  و برای عەبدوڵا بوو، عەبدوڵاش باوکی پێغەمبـەری خوا بوو، واتە حەمزە مامی پێغەمبەری خوا بوو، هەروەها یەك ئافرەت شیری داوە بە حەمزە و پێغەمبەری خواش کە ناوی ئەو ئافرەتە سوەیبە بـوو، بـەو پێیـە حـەمزە و پێغەمبــەر(ﷺ) بــرای یــەکترن، هــەروەها تەمــەنی حــەمزە لەگــەڵ تەمــەنی پێغەمبەر(ﷺ) لە یەکەوە نزیك بوو.

پێغەمبـەر(ﷺ) زۆر حـەمزەی خۆشدەویسـت و بـە چـاوی ڕێـز و گەورەییـەوە سەیری دەکرد، حەمزەش بە هەمان شێوە زۆر پێغەمبەری خوای خۆش دەویست.

حەمزە لەناو شاری مەککەدا کەسێکی ناودار بوو و زۆر ئازا و دلێـر بـوو، هـەر کـە نـاوی حـەمزە بهاتایـە کـەس نەیـدەوێرا بەرامبـەری بوەسـتێت، هـەروەها زۆر ڕێـزی لێدەگیرا و قسەی لای هەموان گرنگ بـوو، ئـیتر وەك سـەرکردەیەکی دیـاری نـاو ئـەو شارە وابوو.

هەروەها حەمزە لە تیرهاویشتندا ناوبانگی هەبوو و زۆر حـەزی لـە ڕاوکـردن بـوو، زۆربەی ڕۆژەکان دەچوو بۆ دەرەوەی شار بۆ ڕاوکـردن و تـا ئێـوارە لـەوێ سـەرقاڵی ڕاوکردن دەبوو ئینجا ئێوارە دەگەڕایەوە.

ڕۆژان دەچوون و ژیان لە مەککەدا بەو شـێوە بـەردەوام بـوو تـا پێغەمبـەر(ﷺ) کەوتە گەیاندنی پەیامی خوا بە خەڵك و بێباوەڕانیش بە سەختی دژایـەتییان دەکـرد،

حەمزەش ئاگاداری بوو نەك زیانێکی پێ بگەیەنن، بەڵام هێشتا موسڵمان نـەبوو بـوو، بەڵام خوای گەورە دواجار هۆکارێکی ڕەخسـاند تـا حـەمزە موسـڵمان بـێ، ڕۆژێکیـان حەمزە وەك جاران خۆی ئامادە کرد و چەکی هەڵگرت و چوویە دەرەوە بۆ ڕاوکردن.

پرسیار: چەکەکەی حەمزە چی بوو؟

وەڵام/ حەمزە تیروکەوانی پێ بوو چونکە بۆ ڕاو دەچوو نەك بۆ جەنگ.

حـــەمزە چـــوو بـــۆ ڕاو و تـــا درەنگانێـــك ســـەرقاڵی ڕاوکـــردن بـــوو، لـــەو کاتـــەدا پێغەمبەر(ﷺ) لە شوێنێك بوو کە پێی دەوترێ (صەفا)، ئەبو جەهل هـات و دای بـە لای پێغەمبەری خـواداو قسـەی ناشـیرینی پـێ وت و بـە قسـەی نابـەجێ پێغەمبـەری خوای ئازاردا، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) هیچ وەڵامی نەدایەوەو بە دڵگرانی بەرەو ماڵـەوە چوویەوە.

لەو کاتەدا ئافرەتێکی کۆیلە هەبوو گوێی لەو قسانە بوو، کاتێ حـەمزە گەڕایـەوە وەك جاری جاران چوو بۆ لای کەعبە تا تەوافی کەعبـە بکـات، لـە ڕێگەیـدا سـەردانی کۆڕی دانیشتنی خـەڵکی قورەیشـی کـرد، لـەوێ لـە لایەکـەوە ئـەو ئافرەتـەی بینـی، ئافرەتەکە وتی ئەی حەمزە ئەگەر ئەتبینی چۆن ئەبو جەهل لە صەفادا موحەممەدی ئـازار دەدا و قسـەی پـێ دەوت و موحەممـەدیش وەڵامـی نەدایـەوەو چـوویەوە بـۆ ماڵەوە.

حـــەمزە تـــووڕە بـــوو و زۆر بـــە تـــووڕەیی چـــوویە دەر تـــا خـــۆی گەیانـــدە لای کەعبەوسەیری کرد لە دوورەوە ئەبووجەهل دانیشتووە، حـەمزە بـەرەو ڕووی چـوو و بە کەوانەکەی بەتوندی دای بەسەری ئەبووجەهلدا و دواتر وتـی قسـە بـە موحەممـەد

دەڵێیت؟ مەگەر نازانیت من لەسەر ئایینی ئەوم و ئەو چی دەڵێت من وا دەڵێم؟ دەی ئەگەر پیاویت و هیچت پێ دەکرێ شتێ بکە.

بەوجۆرە حەمزە لەبەرچاوی هەمواندا موسڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاند و خوای گەورەش هێندەی تر بەهۆی حەمزەوە ئایینی ئیسلامی سەرخست و بێباوەڕانیش نەیانتوانی بەرامبەر بە حەمزە هیچ شتێ بکەن.

**پەند و ئامۆژگاری:**

1- دەبێ هەوڵ بدەین ئازا و دلێر و نەترس بین تا بتوانین ئەوە بۆ خزمەتی ئیسلام بەکار بهێنین وەك چۆن حەمزە بەرامبەر بێباوەڕان دلێری نواند و موسڵمانانی سەرخست.

2- نابێ بە هیچ جۆرێك ڕێ بدەین کەس بە خراپە ناوی پێغەمبەر(ﷺ) بهێنێ و هەر کەس وایکرد دەبێ تێی بگەیەنین ئەگەر بەردەوام بوو دەبێ بە توندی ڕێی لێبگرین.

پاش ماوەیەکی زۆر مانەوەیان لە مەککە بەهۆی ئەوەی بێباوەڕان وازیان نەدەهێنا لە ئازاردانی موسڵمانان بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) بڕیاریدا موسڵمانان کۆچ بکەن بۆ مەدینە تا بتوانن لەوێ بەبێ ئازاردان بژین و دەسەڵاتێك دروست بکەن و لەوێوە بانگەوازی ئیسلامی بڵاوبکەنەوە.

لەنێو ئەو موسڵمانانەشدا کە کۆچیان کرد حەمزەش کۆچی کردو هاتن لە مەدینە نیشتەجێ بوون و چاوەڕێی هاتنی پێغەمبەری خوایان دەکرد، کاتێ پێغەمبەر(ﷺ) هات بە گەرموگوڕی و خۆشحاڵیەوە پێشوازییان لێکرد.

پێغەمبەر(ﷺ) خەڵکە موسڵمانەکەی مەککە و مەدینـەی کـردن بـە بـرای یـەکتر، بەوجۆرە حەمزە و زەیدی کوڕی حارسە بوون بە بـرای یـەکتر و هـەموو شـتێکیان بـۆ یەکتر دەبوو، پێکەوە ئیشیان دەکرد و پێکەوە بەرهەمیان دابەش دەکرد.

دوای ماوەیەك پێغەمبەر(ﷺ) بڕیاریدا تۆڵە بکاتەوە لـە قـوڕەیش و هێزیـان لاواز بکات، ئەوە بوو کاروانێکی قوڕەیشـیەکان لـە شـامەوە دەگەڕایـەوەو ئەبووجـەهلیش لەناو ئەو کاروانەدا بوو، بێباوەڕەکان سێ سەد کەس بوون، کاتێ گەیشتە ناوچـەیەك کە پێی دەوترا سەیفولبەحر پێغەمبەر(ﷺ) حەمزەی کوڕی عەبدولموتـەلیبی لەگـەڵ کۆمەڵێك موسڵماندا نارد تا ڕێ نەدەن بێباوەڕەکان بگەڕێنەوە بۆ مەککە.

پرسیار: ئەمە لە چ کاتێکدا بوو؟

وەڵام: ئەمە لە مانگە ڕەمەزانی یەکەم ساڵی کۆچ کردنی پێغەمبەر(ﷺ) دا بوو.

حەمزە و موسـڵمانەکان ڕێیـان گـرت بـە ئەبووجـەهل و بێباوەڕەکـانی قـوڕەیش، بەڵام کەسێك بە ناوی مەجدی هات و کەوتە نێوانیان و نەیهێشت جـەنگ بکـەن، بۆیـە هەر کامیان بەڕێی خۆیاندا چوون.

بەڵام حەمزە داخی دڵی بەرامبەر بێباوەڕان زۆر بوو و چاوەڕێی دەرفەتێك بوو تـا تۆڵەی ئەو ستەمەیان لێ بکاتەوە، ئەوەبوو جەنگی بـەدر هاتـە ڕێ و پێغەمبـەر(ﷺ) لەگەڵ ژمارەیەك لە هاوەڵاندا لە بەدردا بەرامبەر بـە بێبـاوەڕان وەسـتانەوە، ئـەوەش یەکەم جەنگی ڕاستەوخۆی نێوان موسڵمانان وبێباوەڕان بوو.

پێغەمبەر(ﷺ) سوپای موسڵمانانی بە چاکی ئامادە کرد و نزای خێری بۆ کردن، بێباوەڕانیش ژمارەیان سێ بەرامبەری موسڵمانەکان بـوو، بێباوەڕەکـان داوایـان کـرد سەرەتا سێ موسڵمان بەرامبەر بە سێ بێبـاوەڕ بجـەنگن، ئـەوە بـوو پێغەمبـەر(ﷺ)

حەمزە و عوبەیدەی کوڕی حارس و عەلی کوڕی ئەبو تالیبی نارد، بێباوەڕەکانیش بریتی بوون لە عوتبە و شەیبە و وەلید.

خێرا حەمزە هەڵمەتی برد و شەیبەی کوشت، ئەمەش یەکەم سەرکەوتنی موسڵمانان بوو، ئینجا عەلیش هەڵمەتی برد و وەلیدی کوشت، ئەمەش بوو بە دووەم سەرکەوتنی موسڵمانان، ئینجا ئەبووعوبەیدە و عوتبە یەکتریان بریندار کرد، خێرا حەمزە و عەلی دایان لە عوتبە، بەمەش موسڵمانان سەرکەوتن، ئینجا جەنگ ڕوویدا و تیایدا حەمزە دلێرییەکی بێوێنەی نواند و لەئەنجامدا موسڵمانان سەرکەوتن و بێباوەڕان شکان.

## پەند و ئامۆژگاری:

1- دروست کردنی دەسەڵاتی ئیسلامی بۆ پەیڕەوکردنی فەرمانی خوا ئەرکی هەموانە وەك چۆن هاوەڵان و پێغەمبەر(ﷺ)کۆچیان کرد بۆ مەدینە تا لەوێوە فەرمانی خوا بچەسپێنن.

2- موسڵمان ویستی جەنگ و ستەمی نیە، بەڵام ئەگەر ستەمی لێکراو لێیدرا دەبێ زۆر بەهێزانە دوژمن تێکبشکێنێت، وەك چۆن پێغەمبەر(ﷺ)و هاوەڵان لە بەدردا وایانکرد.

بێباوەڕان ئەم شکستەیان لەبیر نەچوو، بۆیە خۆیان کۆکردەوەو هەمتر هاتنەوە بۆ جەنگ، ئەوە بوو جەنگی ئوحود لەنێوان موسڵمانان و بێباوەڕاندا ڕوویدا. ئافرەتێك بە ناوی هیند کەسێکی بەناوی وەحشی دانابوو تا حەمزە بکوژێت، حەمزە لە سەرەتاوە زۆر دلێرانە جەنگاو ژمارەیەك بێباوەڕی کوشت و گورزی سەختی وەشاند لە بێباوەڕان.

بەڵام وەحشی ڕمێکی وەشاند و دای لەسەر سنگی حەمزە و شەهیدی کرد، ئینجا دوای جەنگەکە ئافرەتەکە چوو و سکی حـەمزەی هەڵـدڕی و جگـەر و دڵـی دەرکـرد و تەرمەکەی شێواند، پێغەمبەر(ﷺ) زۆر بەوە دڵگـران و بێتاقـەت بـوو و حـەمزەی بـە گەورەی شەهیدان دانا.

## پەند و ئامۆژگاری:

دەبێ لەپێناو ئیسلامدا هەموو شتێکمان بکەین بە قوربانی تەنانەت ئەگەر شەهید بوونیشتمان بێ لەپێناو خوادا.

## پرسیارەکان

1–خزمایەتی حەمزە و پێغەمبەر(ﷺ) چی بوو؟

2– حەمزە چۆن موسڵمان بوو؟

3– موسڵمانان بۆچی کۆچیان کرد بۆ مەدینە؟

4– باسی ڕۆڵی حەمزە بکە لە جەنگی بەدردا.

5– حەمزە چۆن شەهید کرا؟

6– دەتوانیت بەسەرهاتی حەمزە بۆ کەسێك باس بکەیت؟

## ئەسمای کچی ئەبووبەکر

ئـەسما ئـەو ئافرەتـە هاوەڵـەی پێغەمبـەری خـوا و ژنـە خواناسـە بـوو کـە کچـی خۆشەویستی پێغەمبەر(ﷺ) و خوشکی دایکی بـاوەڕداران و ژنـی یـەکێك لـە گـەورە هاوەڵان و دایکی یەکێ لە گەورە هاوەڵە خواناسەکان بوو، ئـەو ئافرەتـە بـوو کـە لای پێغەمبـەر(ﷺ) زۆر بـەڕێز بـوو و پێغەمبـەری خـوا مـوژدەی بەهەشـتی پێـدا کاتـێ فەرمووی لەبری ئەو دوو پشتێنەت، لە بەهەشتدا خوا پاداشتت دەداتەوە.

ئـەسما کچـی ئەبووبـەکری صـدیق بـوو، ئەبووبـەکری صـدیقیش هـاوڕێی نزیـك و خۆشەویسـتی پێغەمبـەر(ﷺ) و دواتـریش خەلیفـەی یەکـەمی موسـڵمانان بـوو، ئـەو ئەبووبەکرەی کە لە قورئاندا باسـی کـراوە و پێغەمبـەریش(ﷺ) مـوژدەی بەهەشـتی پێداو هەموو هاوەڵانیش بە گەورەی خۆیان سەیریان دەکرد.

کاتێك ئەبووبەکری صدیق هەواڵی بیست پێغەمبەری خوا بووە بە پێغەمبەر بـەبێ دوودڵی و ڕاڕایی بـاوەڕی پێهێنـا و بـوو بـە یـەکێك لـە گـەورەترین بانگەوازکـەران بـۆ ئایینەکەی خـوا، ئـیتر چـەندین کـەس لەسـەر دەسـتی ئیمـامی ئەبووبـەکر موسـڵمان دەبوون، یەکێك لەو کەسانەش کە موسڵمان بوو ئەسمای کچی بوو.

ئەبووبەکر دەسـتی ئـەسمای گـرت و بـردی بـۆ لای پێغەمبـەر(ﷺ) و وتـی ئـەی پێغەمبەری خوا ئەمە ئەسمای کچمە هێناومە دەیەوێت موسـڵمان بێـت، ئـەسماش لـە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)دا موسڵمان بوو و بەوپـەڕی خۆشـحاڵیەوە بـوو بـە یـەکێك لـە بەرگریکارانی ئیسلام.

ئیمامی ئەبووبەکر کەسێکی ناودارو ناسراوی ناو مەککـە بـوو و سـامانی زۆریشـی هەبوو، بۆیە ئەسماو خوشك و ماڵ و منداڵیشیان لە خۆشیدا دەژییان، هاوکـات بـاوکی

ئەبووبەکر هێشتا مابوو و نەمردبوو، ئەسمایش زۆر بە چاکی خزمەتی دەکرد، چونکە باپیری بوو، دەیزانی ڕۆژێك دێ ئەویش دەچێ بەتەمەندا و بە ئەرکێکی ئایینی دەزانی تا خزمەتی باپیری بکات هەرچەندە باپیری موسڵمان نەبووبوو.

پێغەمبەر(ﷺ) ڕۆژانە جارێ یا دووجار دەچوو بۆ ماڵی ئیمامی ئەبووبەکر تا بیبینێ، بەوەش ئەسما ڕۆژانە پێغەمبەری خوای دەبینی، ئیتر ئەسما هەمیشە نزیك بوو لە دوو کەسی زۆر گەورە و خواناسەوە، یەکەمیان پێغەمبەری خوا(ﷺ)، دووەمیشیان ئەبووبەکری باوکی.

بەمجۆرە ڕۆژان دەهاتن و دەچوون تا ئەو کاتەی پێغەمبەر(ﷺ) مۆڵەتی دا بە موسڵمانان کۆچ بکەن بۆ مەدینە، دواتر پێغەمبەر(ﷺ) و ئیمامی ئەبووبەکر بڕیاریاندا کۆچ بکەن، لەو کاتەدا ئەسما کەوتە ئامادەکردنی توێشوو و کەلوپەل بۆیان، دوایی ویستی کەلوپەلەکەیان بۆ بپێچێتەوە هیچی بۆ ئەوە شك نەبرد، بۆیە پشتوێنەکەی خۆی لێکردەوەو کردی بە دوو لەتەوە و هەردوو توێشووەکەی پێچایەوە، ئیتر ئەسما بە خاوەن دوو پشتوێنەکە ناسرا، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) مۆژدەی پێدا لەبری ئەوەدا خوای گەورە لە بەهەشتدا دوو پشتوێنی پێ دەبەخشێ.

کاتێ پێغەمبەر(ﷺ) و ئیمامی ئەبووبەکر کۆچیان کرد، بێباوەڕان دەگەڕان بە شوێنیاندا تا بیانگرن، بەڵام ئەوان تازە لە شار دەرچووبوون، ئەبووجەهل و بێباوەڕەکان هاتنە بەردەرگای ماڵی ئەبوبەکر و تەقەیان دا لە دەرگا، ئەسما هاتەدەر و وتی چیتان دەوێ؟ وتیان کوا باوکت؟ وتی من چووزانم؟ خێرا ئەبووجەهلی گومڕا زللەیەکی توندی لێدا، ئەمە لە کاتێکدا ئەوکات ئەسما سکی پڕ بوو بە عەبدوڵای منداڵیەوە.

پرسیار: ئایا ئەوکات ئەسما شووی کردبوو؟

وەڵام/ بەڵێ ئەسما پێشتر شووی کرد بوو بە یەکێك لە هاوەڵە بەڕێزەکان کە زوبەیری کوڕی عەوام بوو، لەو مێردەی سکی کرد بە عەبدوڵاوە کە دواتر عەبدوڵا بوو بە هاوەڵێکی زۆر گەورە و خواناس و دوای خەلیفەکان بوو بە سەرکردەی موسڵمانان.

دوای ئەوە ئەسما لە ماڵ باوکی بوو، باپیری کە هێشتا موسڵمان نەبووبوو بە ئەسمای ووت، ئەبوبەکر کە چووە هیچ پارەی بۆ بەجێهێشتووین؟ ئەسماش دەیزانی ئەبووبەکر هیچی بەجێنەهێشتووە، بەڵام بۆ ئەوەی باپیری بێتاقەت نەبێ و قسە بە باوکی نەڵێت ووتی بەڵێ، بڕێ وردە بەردی کردە ناو توورەکەیەك و وتی ئەوە پارەیەی بۆ بەجێهێشتووین، باپیریشی لەبەرئەوەی نابینا بوو بێدەنگ بوو و وتی باشە.

ئەسما پاش ماوەیەك بڕیاری کۆچی داو بە سکی پڕەوە کۆچی کرد بۆ مەدینە، لە مەدینە عەبدوڵای کوڕی لەدایك بوو، ئەوەش یەکەم منداڵی کۆچەران بوو کە لە مەدینە لەدایکبوو.

پرسیار: ئەسما دوای چەند کەس موسڵمان بوو؟

وەڵام/ ئەسما حەڤدەهەم کەس بوو کە موسڵمان بووبوو.

بەوجۆرە ئەسما لە مەدینەشدا بە باوەڕو خواناسیەوە ژیانی دەبردە سەر و هەردەم خزمەتی دەکرد بە ئایینی خواو ترسی نەبوو لە سەختیەکانی ژیان، بەڵکو هەر سەختیەکی ژیانی قبوڵ دەکرد تەنها لەپێناو ئەوەی ڕەزامەندی خوا بەدەست بێنێ.

هەروەها ئەسما خوشکی دایکی باوەڕداران عائیشە بوو، عائیشە ژنی پێغەمبەر(ﷺ) و دایکی باوەڕداران و خوشکی ئەسماو کچی ئیمامی ئەبوبەکر بوو، ئەمەش گەورەییەکی تر بوو بۆ ئەسما کە خوشکێکی وای هەبێ.

ئەسما زۆر بە جوانی عەبدوڵای پەروەردە کرد و فێری بنەماکانی ئیمان و خواناسی دەکرد، ڕاستیەکانی ژیان و گەورەیی ئیسلامی فێردەکرد، قورئانی پیرۆزی پێ دەخوێند و پێی لەبەردەکرد، عەبدوڵای دەبردە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بە هەموو شێوەیەك هەوڵیدەدا بە جۆرێك ئەو کوڕەی پەروەردە بکات کە کەسێکی خواناس و چاك و گەورەی لێ دەربچێت.

ئەسما بەوجۆرە ژیا تا پێغەمبەری خواش(ﷺ) کۆچی دوایی کرد.

لە سەردەمی خەلیفە ئەبوبەکری باوکیشیدا ژیا و هەوڵی دەدا یارمەتیدەری باوکی بێ، دواتر باوکیشی کۆچی دوایی کرد، لە سەردەمی ئیمامی عومەر و ئیمامی عوسمان و ئیمامی عەلی و ئیمامی حەسەنیشدا بەهەمان شێوە ژیا.

ئیتر بەرەبەرە کەسە ئازیز و بەڕێزەکانی بەجێیان دەهێشت و ئەویش بەرەو پیری دەچوو، عەبدوڵای کوڕیشی بوو بوو بە پیاوێکی نموونەیی و خواناس و لەپێناو خوادا هەوڵی دەدا، عەبدوڵا بوو بە سەرکردەی موسڵمانان لە مەککە و مەدینەدا.

بەڵام دواجار لە جەنگێکدا عەبدوڵای کوڕی شەهید بوو، دایکیشی تەواو دڵگران بوو، چاوەکانیشی لەدەستدا بوون و کوێر بووبوو، ئەوەبوو دوای دە شەو لە کوژرانی کوڕەکەی ئەویش لە تەمەنێکی دوور و درێژی سەدساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

**پەند و ئامۆژگاری:**

1- دەبێ لەپێناو ئیسلامدا بەرگەی هەموو سەختیو ناڕەحەتیەکان بگرین.

2- دەبێ بە چاکی و جوانی خزمەتی دایك و باوك و باپیرو دایەگەورەمان بکەین، چونکە ئەوە فەرمانی خوایە.

4-پێویستە کاتێك کەسە ئازیزەکانمان دەمرن خۆڕاگر و سوپاسگوزار بین وەك چۆن ئەسما وای دەکرد.

**پرسیارەکان:**

1- ئەسما کچی کێ بوو؟

2- ئەسما کەی و چۆن موسڵمان بوو؟

3- ناوی مێردەکەی ئەسما چی بوو؟

4- کۆچکردنی ئەسما بۆ مەدینە باس بکە.

5- باسی مردنی ئەسما بکە.

6- ئایا حەز دەکەیت هێندەی ئەسما تەمەنت درێژ بێ؟

## ئەبووزەری غیفاری

یەکێك لە گەورە هاوەڵانی خۆشەویستی پێغەمبەر(ﷺ) ئەبووزەری غیفاری بوو، هێندە لەخوا ترس و دنیانەویست بوو پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو کێ دەیەوێ سەیری خاکیبوونی عیسا بکات با سەیری ئەبووزەر بکات، ئەبووزەریش هەردەم لە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)دا بوو و پشتی کردبوویە دنیا و لەوپەڕی خواپەرستیدا بوو.

ئەبوزەر لەناو هۆزی غیفاردا دەژیا، ئەو هۆزە لەناو خەڵکدا ناوبانگیان باش نەبوو و زۆربەی خەڵك لەو هۆزە بێزار بوون و بە چاوی خراپەوە سەیریان دەکردن.

پرسیار: بۆچی هۆزی غیفار ناوبانگیان باش نەبوو؟

وەڵام/ چونکە ئەو هۆزە ناسرا بوون بە ڕێ بڕ و جەردە، لەسەر ڕێدا دەوەستان و هەر کاروانێك بهاتایە ڕێیان لێدەگرت و شتێکیان لێ دەسەندن، ئەگەرنا هەرچییان پێبووایە لێیان دەبردن.

بەڵام ئەبووزەر وەك هۆزەکەی نەبوو و ئەو کاتەش لەسەر ئایینی جاران خواپەرستی دەکرد و بە تەنها دادەنیشت و سەرقاڵی بیرکردنەوە بوو، هەوڵی دەدا بەدوای جیهانێکی تردا بگەڕێ، جیهانی پڕ لە ئاسایش و ئاشتی و خۆشەویستی و برایەتی، جیهانێك تیایدا خۆشیەکان جێی ئازارەکان بگرنەوە، برایەتی جێی ڕێگری بگرێتەوە.

هێندەی نەبرد ئەبووزەر هەواڵی بیست کەسێك بە ناوی موحەممەد لە مەککە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکات، ئەبوزەریش دڵخۆش بوو و هەستی کرد ئەمە ئەو جیهانەیە کە ئەو ئاواتی بۆ دەخوازێت، خێرا ئەبوزەر براکەی خۆی نارد بۆ مەککە تا

لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) قسە بکات، ئەویش چوو بۆ لای و قسەی لەگەڵ کرد و دواتر گەڕایەوە بۆ لای ئەبوزەر.

ئەبوزەر وتی براکەم چیت بینی؟ پیاوێکی چۆن بوو؟ چی دەوت؟

براکەشی وتی بەخوا پیاوێکی زۆر باش بوو، فەرمانی دەکرد بە خەڵك تا چاکە بکەن و خراپە نەکەن.

بەڵام ئەبوزەر بەوە دڵی نەحەسایەوە و بڕێ ئاو و گۆچانێکی گرتە دەست و بەرەو مەککە کەوتە ڕێ تا گەیشتە مەککە، لەوێ حەزی نەکرد لای هەر کەسێك پرسیار لەبارەی پێغەمبەرەوە (ﷺ) بکات.

بۆیە لە کەعبە مایەوەو لە ئاوی زەمزەمی دەخواردەوە، لەوێ مایەوە تا ئەوەی عەلی کوڕی ئەبوتالیب هات بۆ ئەوێ و ئەبوزەری بینی، وتی ئەمە کەسێکی بێگانەیە، پرسیاری کرد وتی تۆ خەڵکی ئێرە نیت؟

وتی نا خەڵکی ئێرە نیم،

ئیمامی عەلی بردیەوە بۆ ماڵی خۆیان و خزمەتی دەکرد بێ ئەوەی پرسیاری لێبکات.

بۆ بەیانی بە هەمان شێوە چوویەوە بۆ کەعبە و پرسیاریشی لە کەس نەدەکرد، دووبارە ئیمامی عەلی دای بەلایدا، پرسیاری لێکرد بۆچی نەگەڕاویتەتەوە، ئایا لێرە ئیشت هەیە؟

ئەبوزەر وتی ئەگەر ئاشکرام نەکەیت پێت دەڵێم ئیشم چیە، عەلی وتی باشە، ئەبوزەریش وتی بیستوومە لێرە پێغەمبەرێك دەرکەوتووە، دەمەوێ هەواڵی بزانم،

ئیمامی عەلی وتی زۆر باش بوو لەمنت پرسی، دەی بەدوای مدا وەرە ئەگەر بینیم مەترسیەك هەیە و خەڵكێ چاوی لێمانە من دەوەستم بە بیانووی چاككردنی نەعلەكەم و تۆیش برۆ تا پێمان نەزانن، ئەبوزەریش وتی باشە.

پێكەوە بەدوای یەكتردا كەوتنە ڕێ تا چوونە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، ئەبوزەر وتی ئەی پێغەمبەری خوا باسی ئیسلامم بۆ بكە، پێغەمبەریش(ﷺ) بۆی باسكرد، ئەبوزەر هێندە شەیداو سەرسامی فەرموودەكانی بوو یەكسەر لەوێدا موسڵمان بوو.

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی ئەی ئەبوزەر موسڵمان بوونت ئاشكرا مەكە و بگەڕێرەوە بۆ ناو هۆزەكەت هەركات بیستت ئێمە دەركەوتوین وەرە، ئەبوزەر هێندە شەیدای ئاینەكەی بوو وتی ئەی پێغەمبەری خوا سوێند بەخوا لەناو ئەو بێباوەڕانەدا هاوار دەكەم كە موسڵمان بووم، ئەبوزەر چوویە كەعبەو لەناو هەموو بێباوەڕاندا هاواری كرد و وتی ئەی قورەیشیەكان بزانن من موسڵمانم، ئەوانیش كەوتنە لێدانی و هێندە ئازاریاندا خەریك بوو بیكوژن تا ئەوەی خێرا عەباسی مامی پێغەمبەر(ﷺ) چوو فریای كەوت و خۆی دا بەسەر ئەبوزەردا و بە قورەیشیەكانی وت قوڕتان بەسەر ئەتانەوێ كەسێك لە هۆزی غیفار بكوژن؟ مەگەر نازانن هەرچی كاروانی ئێوەیە بەناو هۆزی غیفاردا دێتەوە؟ ئەوانیش ئەوەیان بیست یەكسەر وازیان لێهێنا.

ئەبوزەر شەو لە مەككە مایەوە و بەیانیش دووبارە هەمان شتی كرد، بێباوەڕەكانیش كەوتنەوە لێدانی، بەڵام دووبارە عەباسی مامی پێغەمبەر(ﷺ) هاتەوەو ڕزگاری كرد.

ئەبوزەر چوو و خوێنەكەی سەر لەشی خۆی لابرد و دەست و دەموچاوی شۆرد و تێر لە ئاوی زەمزەمی خواردەوە، لەو كاتەدا پێغەمبەر(ﷺ) هات و تەوافی كەعبەی

کردو نوێژی کرد، دواتر ئەبوزەر سەلامی کرد لە پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبـەریش(ﷺ) وەڵامی دایەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی چەندێکە لێرەیت؟

وتی سێ شەوو ڕۆژە لێرەم و تەنها لەم ئاوە دەخۆمەوە،

ئیمامی ئەبوبەکر وتی ئەی پێغەمبەری خوا ڕێم بدە من ئەمشەو نانی بۆ ئامادە بکەم، ئەوە بوو ئەبوبەکر و پێغەمبەر(ﷺ) و ئەبوزەر چوون و نانیان خوارد.

## * پەند و ئامۆژگاری:

1- دەبێ ئەگەر لەناو کەسانی خراپیشدا بین ئێمە وا نەکەین بەڵکو دەبـێ هـەوڵ بدەین ئەوان چاك بکەین وەك چۆن ئەبوزەری غیفاری هەوڵیدا دووربێ لە خراپـەکاری ناو هۆزەکەی.

2- هەردەم هەوڵ بدەین بەدوای چاکە و ڕاسـتیدا بگـەڕێین وەك چـۆن ئـەبوزەر هەر لەگەڵ ئـەوەی هـەواڵی پێغەمبـەر(ﷺ)ی بیسـت چـوو بـۆ لای و لـەو پێناوەشـدا برسێتی و ئازار و لێدانی چەشت و خۆڕاگرانە وەستا.

3- برسێتی دەروون و دڵی مرۆڤ زۆر سەختترە لە برسێتی جەسـتە، بۆیـە دەبـێ بە یادی خـوا برسـێتی دڵ و دەروونمـان نـەهێڵین وەك چـۆن ئـەبوزەر سـێ ڕۆژ نـانی نەخوارد تا بتوانێ برسێتی دڵ و دەروونی بە ئیسلام نەهێڵێ.

4- دەبـێ موسـڵمان دلێـر و نـەترس بـێ و لـەپێناو خـوادا بەرگـەی هـەر ئـازار و ناڕەحەتیەك بگرێت.

ئەبووزەر گەڕایەوە بۆ ناو هۆزەکەی و لەگەڵ براکەیدا کەوتنـە بانگـەوازکردن بـۆ ئیسلام تا ئەوەی نیوەی هۆزەکەیان موسـڵمان بـوون، نیـوەی تریشـیان وەسـتان تـا پێغەمبەر(ﷺ) چوو بۆ مەدینە ئەوکات هەموویان موسڵمان بوون.

ئـەبوزەر بـە خواپەرسـتی و دنیانەویسـتیەوە ژیـا و لەگـەڵ پێغەمبـەر(ﷺ)دا بەشداری غەزاکانی بەدر و ئوحودو خەندەقی کرد.

ئەبوزەر هەمیشە لە خزمـەت پێغەمبـەر(ﷺ)دا بـوو و پێغەمبـەری خـواش تـەواو ئـەبوزەری خـۆش دەویسـت، هەمیشـە ئـەبوزەری دەچـواند بـە پێغەمبـەر عیسـا، وەسیەتی کاری چاکی دەکرد بۆ ئەبوزەر و فەرمانی پێدەکرد هـەژارانی خۆشـبوێت و چاوی لە کەسانی لە خـۆی هـەژارتر بـێ و داوای هـیچ لـە کـەس نـەکات و پەیوەنـدی خزمایەتی هەبێو قسەی حەق بکات و لەبەر خوا گوێی لەسەرکۆنەی خەڵك نەبێ.

لە غەزای تەبووکدا پێغەمبەر(ﷺ) و هاوەڵان بە گەرماوە چوون بۆ جیهاد، بـەڵام ئەبووزەر دواکەوتبوو، بە تەنها و بە پێ کەوتە ڕێ، کەسێ لە دوورەوە بینی وتی ئەی پێغەمبەری خوا وا کەسێك بەپێ دێت، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی بەڵکو ئەبوزەر بێـت، کە سـەیریان کـرد وتیـان ئـەبوزەرە، پێغەمبـەر(ﷺ) فـەرمووی (ڕەحمـەتی خـوا لـە ئەبوزەر بە تەنها دەچێ و بە تەنها دەمرێ و بە تەنهاش زیندوو دەبێتەوە).

کاتێ پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد ئەبووزەر تەواو دڵگران و بێتاقـەت بـوو، بـەڵام بـەردەوام بـوو لـە خواپەرسـتی و دنیانەویسـتی، بەوشـێوەش لـە سـەردەمی ئیمـامی ئەبووبەکر و عومەردا ژیا.

لە سەردەمی ئیمامی عوسماندا چوو بۆ ناوچەیەك کە پێی دەوترا (ڕەبزە)، لـەوێ بە تەنها مایەوەو سەرقاڵی خواپەرستی بوو تا ئەوەی لەوێ کۆچی دوایی کرد، لەکاتی مردنیدا تەنها ژنەکەی و منداڵەکانی لەگەڵیدا بوون.

لەو کاتـەدا عەبـدوڵای کـوڕی مەسـعوود لـە عێراقـەوە لەگـەڵ کۆمـەڵێ هاوەڵـەوە دەهاتەوە، نوێژیان لەسەر کرد و تەرمەکەیان ئەسپەردە کرد، ئیمامی عوسمانیش ژن

و مناڵـەکانی بـرد بـۆ لای خـۆی و سەرپەرشـتی دەکـردن، ئەمـەش واتـای ئەوەیـە خۆشەویســتی لــەنێوان ئیمــامی عوسمــان و ئــەبووزەردا زۆربــووە و هەســتی بەرپرســیارێتییان بەرامبــەر بــە یــەکتر هــەبووە، بەڕاســتی ئــەوانیش گــەورەترین سەرمەشقن بۆ ئێمە تا هەردەم بەدەم یەکتریەوە بین و لە خۆشی و سەختیەکانیشـدا پێکەوە بین.

**پرسیارەکان:**

1–هۆزی غیفار بەچی ناسرا بوون؟
2– ئەبووزەر چۆن موسڵمان بوو؟
3– هۆزی غیفار چۆن موسڵمان بوون؟
4– باسی خۆڕاگری ئەبووزەر لەپێناو ئیسلامدا بکە.
5– ئامۆژگاریەکانی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ ئەبووزەر چی بوون؟
6– باسی مردنی ئەبووزەر بکە.
7– گرنگترین ئەو شتانەی لەم چیرۆکەوە فێریان بوویت چین؟

## زەیدی کوڕی سابت

زەیدی کوڕی سابت منداڵێکی بچووك و ژیر بوو کە لەگەڵ دایك و باوکیدا لە شاری مەدینە دەژیا، زەید زۆر زیرەك بوو و زوو هەستی بە شتەکان دەکرد و لەبەرکردنی زۆر باش بوو، دایکی زەیدیش ئافرەتێکی ژیر و تێگەیشتوو بوو، باوکیشی ڕۆژانە دەچوو بۆ ئیش و بژێوی ژیانی دابین دەکرد، باوکی زەید لە هۆزی بەنی نەجار بوو، بۆیە زەیدیش دەبوو بە کەسێك لە بەنی نەجار.

ڕۆژێکیان باوکی زەید چوویە دەرەوە و لە مەدینە جەنگێ ڕوویدا، جەنگەکە هێندە گەورە بوو لای هەموان ناسراو بوو و پێی دەوترا جەنگی بوعاس.

لەو جەنگەدا باوکی زەید کوژرا، بەوەش زەید هەتیوو و بێ باوك کەوت و لەگەڵ دایکیدا بە تەنها ژیانیان بەسەر دەبرد، بەڵام دایکی زەید هێندە ژیر و تێگەیشتوو بوو نەیدەهێشت زەید هەست بە تەنیایی بکات.

پرسیار: ئەی زەید کەی موسڵمان بوو؟

وەڵام/ کاتێ پێغەمبەر(ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینە ئەوکات زەید تەمەنی یانزە ساڵ بوو، خۆیشی و دایکیشی موسڵمان بوون و ڕوویان کردە ئایینی خوا.

زەیدی منداڵ و ژیر خێرا دەکەوتە لەبەرکردنی هەر ئایەتێکی قورئان کە دەیبیست، بەمجۆرە زەید ماوەیەك لە مەدینەدا هەوڵی زانستی دەدا.

کاتێك جەنگی بەدر هاتەڕێ دایکی زەید جلوبەرگ و پێویستی بۆ زەید ئامادە کرد و وتی کوڕەکەم بڕۆ لە پێناو ئایینی خوادا جیهاد بکە، زەیدیش خۆی زۆر تامەزرۆی جیهادی ڕێی خوا بوو، چوو و تکای کرد لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) تا ڕێی پێبدات بەشداری ئەو جەنگە بێ، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) کە سەیری کرد تەمەنی کەمە دڵی

نـەهات و ڕێـی نـەدا بەشـداری جـەنگ بکـات و ناردیـەوە بـۆ ماڵـەوە، زەیـدیش بـە خەفەتباری و دڵگرانیەوە چوویەوە بۆ لای دایکی و هـەواڵی پێدا کـە پێغەمبـەر(ﷺ) ڕێی پێنەداوە بەشداری بکات و ناردوویەتیەوە بۆ ماڵەوە.

## پەندو ئامۆژگاری:

1- دەبێ بەرگەی ناڕەحەتیەکانی ژیان بگـرین وەك چـۆن زەیـد بەرگـەی مردنـی باوکی گرت.

2- دەبێ هەوڵ بدەین لەگەڵ ئەو کەسانەدا باش بین کە باوك یان دایکیان مردون تا هەست بە تەنیایی نەکەن.

3- دەبێ گوێڕایەڵی فەرمان و ئامۆژگاری زانـاو کەسـە گـەورە خواناسـەکان بـین وەك چۆن زەید گوێڕایەڵی فەرمانی پێغەمبەر(ﷺ) بوو.

دوای ئـەوەی کـە زەیـد بـە دڵگرانـی گەڕایـەوە مـاڵ هـەروا بێکـار و دەستەوسـان دانەنیشت، بەڵکو خێرا کەوتە لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز و وەرگرتنی زانیاری تا کـات بەفیڕۆ نەدات.

کاتێ پێغەمبەر(ﷺ) گەڕایەوە بۆ مەدینە، دایکی زەید بیری لەوە کـردەوە زەیـد بباتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) بۆیـە زەیـدی بـرد بـۆ لای چـەند پیـاوێکی هۆزەکـەی و ناردی بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) تا لە خزمەتیدا بێ و زانستی لێ وەربگرێت.

پیاوەکـان وتیـان ئـەی پێغەمبـەری خـوا زەیـد کـوڕێکی ژیـرو زیرەکـە و حەڤـدە سوورەتی قورئـانی لەبـەرکردووە بـا لـە خزمـەتی تـۆدا بێـت، زەیـدیش هـەر حەڤـدە سوورەتەکەی بە لەبەرکردنەوە خوێندەوە بۆ پێغەمبـەر(ﷺ) و هەڵـەی تێـدا نـەکرد،

پێغەمبەری خواش (ﷺ) بەوە سەرسام بوو و ئـەرکێکی نـوێی ڕاسـپارد بـە زەیـد تـا ئەنجامی بدات.

پرسیار: پێغەمبەر(ﷺ) چ ئەرکێکی بە زەید ڕاسپارد؟

وەڵام/ پێغەمبـەر(ﷺ) داوای لـە زەیـد کـرد تـا فێـری زمـانی جولەکـەکان بێـت، چونکە دڵنیا نەبوو لە جوولەکە.

زەیدیش چوو دەستی کرد بە فێربـوونی ئـەو زمانـە و لـە مـاوەی نیـو مانگدا بـە چاکی فێری زمانەکەیان بوو، زەید دەڵێت پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرمووم ئایا بە چاکی زمانی سریانی دەزانیت؟ وتم نا، فەرمووی دەی بڕۆ فێربە، ئەویش چـوو و بـە مـاوەی حەڤدە ڕۆژ بە چاکی فێری زمانی سریانیش بوو.

بەمجۆرە زەید لە فێربوونی زمانەکاندا زۆر ئازا و خێرا و زیرەك بوو، ئیتر هەرچـی نامەیـەکی جوولەکـە بهاتایـە بـۆ پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) یـان پێغەمبـەر(ﷺ) بـۆی بناردنایە ئەوا زەید دەیخوێندەوەو دەینووسی، بەو جۆرە گەورەترین خزمەتی دەکرد بە پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمانان.

## پەند و ئامۆژگاری:

1- دەبێ زۆر خۆمان سەرقاڵ بکەین بە خوێندنەوەو لەبەرکردنی قورئـانی پـیرۆز و لێتێگەیشتنی وەك چۆن زەید توانی لە ماوەیەکی کەمدا حەڤـدە سـورەتی قورئـانی پیرۆز لەبەر بکات.

2- پێویستە هەوڵ بدەین تا دەتوانین خۆمان فێـری زمانـەکانی تـر بکـەین وەك زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و چەندین زمانی تری پێویست وەك چۆن زەیـد تـوانی بـە ماوەیەکی کەم خۆی فێری زمانی جوولەکە بکات.

هێنـدەی نـەبرد تـا پێغەمبـەر(ﷺ) لەبـەر ڕازی بـوونی لـە زیرەکـی و ژیـری و ڕاستگۆیی زەید کارێکی بە زەیـد ڕاسـپارد کـە ئـەویش بریتـی بـوو لـە نووسـینەوەی قورئـانی پـیرۆز، واتـە کاتێـك خـوای گـەورە ئایـەتێکی نـوێی دادەبەزانـد بـۆ سـەر پێغەمبـەر(ﷺ) زەیـدی کـوڕی سـابت دەینووسـیەوە بـۆ پێغەمبـەر(ﷺ)، ئەمـەش گەورەترین و گرنگترین ئەرکێ بۆوو کە زەید بە جوانی ئەنجامی دەدا.

بـەوجۆرە بـەردەوام زەیـد لـە خزمـەتی پێغەمبـەر(ﷺ)دا بـوو و فەرمانـەکانی جێبەجێ دەکردو هەر ئایەتێکی نوێ دابەزیایە خێرا لەسەر پێستە دەینووسیەوە، تا ئەوکاتەی ڕۆژی کۆچی دوایی پێغەمبـەر(ﷺ) هـات، ئـیتر زەیـد تـەواو دڵگـران بـوو، چونکە خۆشەویستترین کەسی بەجێ هێشت کە ئەویش پێغەمبەری خوا بوو.

دوای کۆچی دوایی پێغەمبـەر(ﷺ) بڕیـاردرا خەلیفـەی یەکـەمی پێغەمبـەر(ﷺ) دیاری بکرێ، کۆچەران حەزیان دەکـرد خەلیفـەی یەکـەم لـەوان بێـت، پشـتیوانانیش حەزیان دەکرد خەلیفەی یەکەم لەخۆیان بێت.

زەید لەوێـدا هەڵوێسـتی دلێرانـە و ڕاسـتگۆیانەی نیشـاندا و هەرچـەندە خـۆی لـە پشـتیوانان بـوو، بـەڵام وتـی دەبـێ خەلیفـەی یەکـەم لـە کۆچـەران بـێ، چـونکە پێغەمبـەر(ﷺ) لـە کۆچـەران بـوو، ئێمـەش دەبینـە پشـتیوان و پاڵپشـتی، بەمـەش کێشەکەی یەکلاکردەوە.

دواتر خەلیفەی یەکەم کە ئیمـامی ئەبوبـەکر بـوو ویسـتی هـەموو قورئـانی پـیرۆز کۆبکاتەوەو بینوسێتەوە.

پرسیار: ئیمامی ئەبووبەکر بۆچی ویستی هەموو قورئان کۆبکاتەوە؟

وەڵام/ چونکە خەریك بوو ئەو هاوەڵانەی هەموو قورئانیان لەبەر بوو یەکە یەکە شەهید دەبوون یان کۆچی دواییان دەکرد، بۆیە ویستی هەموو قورئان کۆبکرێتەوە و بنوسرێتەوە تا بەڵێنی خوا بێتە دی و قورئان پارێزراو بێت، ئەمەش کارێکی زۆر گەورە و گرنگ بوو.

ئیمامی ئەبوبەکر و ئیمامی عومەر زۆر بیریان کردەوە بزانن کێ بۆ ئەم کارە شیاوە، دوای ڕاوێژ و بیرکردنەوەیەکی زۆر بۆیان دەرکەوت چاکترین و شیاوترین کەس بۆ ئەم کارە زەیدی کوڕی سابتە، چونکە ئەو لە سەردەمی پێغەمبەریشدا(ﷺ) نووسەرەوەی قورئانی پیرۆز بوو و پێغەمبەریش(ﷺ) زۆر لێی دڵنیا بوو.

کاتێ ئەمەیان بە زەید وت زەید زۆر بێتاقەتی دایگرت، چونکە ئیشێکی زۆر زۆر سەخت بوو و وتی ئەگەر هەڵگرتنی هەموو شاخەکانیان بەسەر شاندا بدامایە هێندەی ئەمە لەلام سەخت نەدەبوو، بەڵام کاتێ زانی ئەو کارە پێویستە جێبەجێ بکرێت زۆر بە دڵسۆزانە دەستی پێکرد و بە جوانی هەموو قورئانی پیرۆزی کۆکردەوەو هەمووی نووسیەوەو لە یەك بەرگی تەواودا دایە دەستی ئیمامی ئەبوبەکرو ئەرکەکەی خۆی تەواو کرد، ئیتر لەو کاتەوە هەر کەسێك قورئان بخوێنێ بەردەوام خێریش بۆ زەید دەنووسرێت چونکە ئەو نووسیویەتیەوە.

دوای تەمەنێکی پڕ لە خزمەتکردن بە ئیسلام و موسڵمانان ڕۆژی مردنی زەید هات و ژیانی دنیای بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ لای پەروەردگاری، هەموو موسڵمانانیش تەواو دڵگران بوون بە مردنی.

## پەند و ئامۆژگاری:

1- دەبێ بەردەوام لە خزمەتی قورئانی پیرۆزدا بین، چونکە ئەوە گەورەترین چاکەیە.

2- ئەگەر ئەرکێکی دروست و چاکمان پێ سپێردرا دەبێ لێی نەترسین و دلێرانە لێنەوین و بەچاکی ئەنجامی بدەین.

## پرسیارەکان

1-ژیانی پێش موسڵمان بوونی زەید چۆن بوو؟

2- بۆچی پێغەمبەر(ﷺ) نەیهێشت زەید بەشداری جەنگی بەدر بکات؟

3- گرنگترین ئەرکەکانی زەید کە پێغەمبەر(ﷺ) پێی ڕاسپارد چی بوون؟

4- زەید لە سەردەمی ئیمامی ئەبوبەکردا چ ئەرکێکی بەجێگەیاند؟

5- ڕۆژانە چەندێك قورئان لەبەر دەکەیت؟

6-ئایا ئامادەیت وەك زەید دەست بکەیت بە لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز؟

## کەعبی کوڕی مالیك

ئەمجارەیان لە خزمەت هاوەڵێکی خۆشەویستی پێغەمبەری خـوادا (ﷺ) دەژیـن کە ئەویش کەعبی کوڕی مالیك بوو، کـەعب پیاوێـك بـوو لـە پشـتیوانان و شـاعیرێکی بەهێزی پێغەمبەری خواش بوو، ئەو کەسە بوو کە هەڵەیەکی کرد بەوەی لە جەنگێکدا دواکەوت تا خوای گەورە ئایەتی لەسەر دابەزاندو لێی خۆش بوو، پێغەمبەری خوایش خۆشی دەویست و کەعبیش تا مرد دڵی پڕ بوو لە خۆشەویستی پێغەمبەر(ﷺ).

کـەعب کـوڕی مـالیکی خـەزرەجی بـوو، ئـەم پیـاوە لـە شـاری مەدینـەدا دەژیـا، شاعیرێکی زۆر بەهێز و زمانپاراو بوو، خەڵکی سەرسامی شیعرەکانی دەبوون.

جارێکیان کەعب لەگەڵ ژمارەیەك لە خەڵکی مەدینەدا چوو بۆ مەککـە تـا حـەجی سەردەمی خۆیان لەسەر ئاینی خۆیان ئەنجام بدەن، لەوێ هەواڵی هاتنی پێغەمبەری خوایان بیست، بۆیە لە شوێنێك کە پێی دەوترێت عەقەبـە لەگـەڵ پێغەمبـەری خـوادا دانیشتن و لەوێ موسڵمان بوون و بەیعەتیان پێدا، بـەوجۆرە کـەعب یـەکێك بـوو لـەو حەفتا کەسەی مەدینە کە لەپێش خەڵکی تری مەدینە موسڵمان بوون.

دوای ئەوەی کەعب گەڕایەوە بۆ مەدینە بە گەرموگوڕییەوە کەوتە بانگـەواز کـردن بۆ ئایینی خوا، دەچوو بۆ لای دۆسـت و کەسـەکانی و باسـی ئیسـلامی بـۆ دەکـردن، شیعری بەهێزو جوانی لەسەر پێغەمبەر(ﷺ)و ئیسلام دەوت و شـیعرەکانی دەبوونـە هۆی موسڵمان بوونی خەڵکی، تەنانەت جار هـەبوو بـە یـەك دێـڕە شـیعر کـە دەیـوت کەسێك دەهاتەوە هۆش و موسڵمان دەبوو.

کاتێك پێغەمبەر(ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینە کەعب چووبە خزمەتی و بەردەوام دەچوو بۆ مزگەوتەکەی پێغەمبەر(ﷺ)و دواجار بوو بە یەکێك لە ئەندامانی صوففەو بەردەوام لە مزگەوتی پێغەمبەر(ﷺ)دا دەبوو.

کەعب لە شیعرەکانیدا زۆر بە جوانی باسی جیهادی ڕێی خوای دەکرد، هاوکات دوو شاعیری تریش لەگەڵ کەعبدا شیعریان دەوت بۆ پێغەمبەر(ﷺ) کە ئەوانیش بریتی بوون لە حەسانی کوڕی سابیت و عەبدوڵای کوڕی ڕەواحە، ئەم سیانە بەردەوام بە شیعرەکانیان بەرگرییان لە ئیسلام دەکرد.

زۆربەی شیعرەکانی کەعب سەبارەت بە جەنگ و جیهاد بوون، بەڵام حەسان زیاتر باسی کەموکورتی دوژمنانی ئیسلام و گەورەیی ئیسلامی دەکرد، عەبدوڵاش زیاتر لەسەر گەمژەیی عەقڵی بێباوەڕان شیعری دەوت و سەرکۆنەی دەکردن لەسەر ئەوەی کە بێباوەڕن.

کەعب لە جەنگی ئوحوددا بەشدارییەکی دلێرانەی کرد و ئەوپەڕی تواناو هێزی خۆی بەکارهێنا بۆ لێدانی دوژمنان، کاتێك لە جەنگەکەدا موسڵمانان شکان و هەواڵ بڵاوبوویەوە وتیان پێغەمبەری خوا کوژراوە یەکەم کەس کە پێغەمبەری خوای بینی کەعب بوو و هەواڵی دڵخۆشکەری دا بە موسڵمانان و وتی موژدەبێ پێغەمبەری خوا زیندووەو نەکوژراوە، ئیتر وزە کەوتەوە ئەژنۆی موسڵمانان و سەر لەنوێ لێنەوین، کەعب کەوتە بەرگریکردن لە پێغەمبەر(ﷺ)و هێندە بە سەختی جەنگا تا ئەوەی لە حەڤدە شوێنەوە برینداربوو.

## پەند و ئامۆژگاری:

1- پێویستە بەردەوام بانگەواز بکەین بۆ ئایینی خوا با تەنانەت تەنها بە یەك ئامۆژگاریش بێ، چونکە زۆرجار بە ئامۆژگارییەکی تۆ کەسێك سوودمەند دەبێ و لە خراپە دوور دەکەوێتەوە.

2- هەر کەس دەتوانێ لە چ بوارێکدا بەهێزە لەو بوارەدا خزمەت بکات بە ئیسلام، هەیە بە شیعر هەیە بە نووسین هەیە بە کردار هەیە بە وتار، هەیە بە پارە، هەیە بە هێز، هەیە بە نزا یان.....هتد.

3- بەرگەگرتنی ناڕەحەتیەکان لەپێناو خوادا پاداشتی ڕۆژی دوایی هەیە وەك چۆن کەعب لە جەنگی ئوحوددا لە حەڤدە لاوە بریندار کرابوو.

کەعب بەردەوام لە غەزاو جەنگەکاندا لەگەڵ پێغەمبەری خوا دا(ﷺ) بەشداری دەکرد و دوا نەدەکەوت تا ئەوەی ئەمجارەیان جەنگێکی نوێ هاتە ڕێ کە سەختترین جەنگ بوو و بە ڕۆژی سەختی ناودەبرا، ناوی ئەو جەنگەش بریتی بوو لە جەنگی تەبووك، کاتێك ئەم جەنگە ڕوویدا کە بەرووبووم تازە پێدەگەیشت، گەرمایەکی زۆر سەخت بوو، ڕێگەکەش تەواو دوور بوو.

پرسیار: بۆچی ئەو جەنگە ڕوویدا؟

وەڵام/ چونکە ڕۆمەکان دەیانویست هێرش بهێننە سەر پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمانان و لەناویان ببەن، پێغەمبەریش(ﷺ) بڕیاریدا بەریان پێ بگرێ.

ئەوە بوو پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی کرد هەموو موسڵمانان خۆیان ئامادە بکەن تا بچن بۆ ئەو جەنگە، موسڵمانانیش بەوپەڕی خۆشحاڵیەوە خۆیان ئامادەکرد،

دوورِووەكـانیش دەچـوون و بیانوویـان دەهێنایـەوە و دەیـانوت نـاتوانین بـێین، پێغەمبەریش(ﷺ) ڕێی لێ نەدەگرتن.

هەندێك لە موسڵمانانیش لەبـەر نـەبوونی چـەك و هـیچ پێویسـتیەك نەیانـدەتوانی بچن و لەبەر ئەوەش لە دڵگرانیدا دەستیان دەكرد بە گریان، ئیمامی عوسمان و چەند كەسێكی تر هەوڵیاندا پێداویستی بۆ هەندێكیان دابین بكەن.

بەڵام لەو نێوەنـدەدا كـەعب تەمبـەڵی نوانـد و لەگـەڵ پێغەمبـەر(ﷺ)دا نەچـوو، هەروەها دوو كەسی تریش لە موسڵمانە ڕاسـتگۆكان وەك كـەعب تەمبـەڵییان نوانـد و نەچوون.

پرسیار: ئەو دوو كەسەی تر كێ بوون؟

وەڵام: ئەو دووانە بریتی بوون لە میرارەی كوڕی ڕەبیع و هیلالی كوڕی ئومەییە.

كاتێـك پێغەمبـەر(ﷺ) هاتـەوە كـەعب ویسـتی بچـێ بـۆ لای پێغەمبـەر(ﷺ)، هەرچی كرد نەیتوانی لە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)دا درۆ بكات و وتی ئـەی پێغەمبـەری خوا هیچ بیانوویەكم نەبوو لە تەمبەڵیدا نەهاتم، پێغەمبـەر(ﷺ) فـەرمووی ئـەو قسـە ڕاستە، دەی هەستە برۆ تا خوا بڕیارت لەسەر بدات.

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی كرد موسڵمانان لەگەڵ ئەو سێ كەسەدا قسـە و تێكـەڵی نەكەن تا خوا بڕیاریان لەسەر بدات، چونكە ئەوانە لە كـاتی نارەحەتیـدا لـە فـەرمانی خواو پێغەمبەرەكەی دەرچووبوون، ئیتر ئەو سێ كەسە بەردەوام لەو بـارەدا بـوون و دەگریان و بێتاقەت و دڵگران بوون و دەپاڕانەوە تا خوا لێیان خۆش بێت.

كەعب بەردەوام دەچوو بۆ مزگەوت و نوێژەكانی دەكرد، بەڵام ئەو دوانەكـەی تـر هـەر لـە ماڵـەوە بـوون و دەگریـان، كـەعب دەچـوو بـۆ هـەر شـوێنێك كـەس وەڵامـی

نەدەدایەوە، تەنانەت پێغەمبەریش(ﷺ) وەڵامی نەدەدایەوە، چونکە هەڵەکەیان گەورە بوو و دەبوو تەوبە بکەن.

لەو کاتەدا پاشای غەسان نامەیەکی ناردبوو بۆ کەعب و دەیوت بیستوومە بەرپرسەکەت لێت زیرە و ناتدوێنێ، وەرە بۆ لای ئێمە با سەرت بخەین، بەڵام کەعب نامەکەی خستە ناو تەنوورو سوتاندی.

پەنجا شەو و ڕۆژ لەو بارەدا بوون تا دوای پەنجا شەو دوای نوێژی بەیانی کەسێك هاواری کرد کەعب موژدەت لێبێ خوا لێت خۆش بوو، کەعب لە خۆشیدا جلەکەی بەری کردە خەڵات بۆ ئەو کەسەو دوو کراسی تریشی لابوو ئەوانیشی پێدا، خێرا چوو بۆ مزگەوت و خەڵکی پیرۆزباییان لێکرد.

کەعب وتی ئەی پێغەمبەری خوا لە بری ئەو تەوبەدا چی سامانم هەیە لە ڕێی خوادا دەیبەخشم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی هەندێکی لای خۆت بهێڵەوە، بەوجۆرە خوای گەورە لەو تاوانەی خۆش بوو، ئەمەش تەوبەی ڕاست و دروستە.

ئیتر کەعب تا ڕۆژی مردنی بەو تەوبە پاك و دروستەوە ژیا و چی تر ڕێی نەدەدا خۆشیەکانی ژیانی دنیا زیان بگەیەنن بە کارەکانی بۆ ڕۆژی دوایی.

## پەند و ئامۆژگاری:

1- ئەگەر تاوانێکمان کرد بە جوانی تەوبە بکەین و ئیتر لێی نزیك نەبینەوە.

2- نابێ هیچ کات درۆ بکەین و ئەوەی ڕاستە ئەوە بڵێین وەك چۆن کەعب ئامادە نەبوو یەك درۆش بکات.

**پرسیارەکان:**

1- کەعب چۆن موسڵمان بوو؟

2- کەعب چۆن بەرگری دەکرد لە ئیسلام؟

3- لە جەنگی ئوحوددا کەعب چەند جار بریندار بوو؟

4- بۆچی کەعب لە جەنگی تەبووکدا دواکەوت؟

5- باسی تەوبە کردنەکەی کەعب بکە.

6- گرنگترین پەندو ئامۆژگاری لەم چیرۆکەدا فێریان بوویت چین؟

## حەكیمی كوڕی حیزام

حـەكیم ئـەو هاوەڵـەی پێغەمبـەری خـوا بـوو كـە لـەپاڵ كەعبـەدا لـەدایك بـوو و خەدیجەی ژنی پێغەمبەری خواش پووری بوو، حـەكیم درەنـگ موسـڵمان بـوو، بـەڵام چـاكەی زۆری هـەبوو بۆیـە هەرچـەندە دەرفـەتی كـەم بـوو، بـەڵام هـەموو كـاتێكی دەگرتەبەر بۆ قەرەبووكردنەوە.

حەكیم كوڕی حیزام بوو، حیـزام ئـافرەتێكی بـە هاوسـەر گرتبـوو و لـە مەككـەدا دەژیان، سامان و پارەی زۆریان هـەبوو، زۆر بـە خۆشـی دەژیـان و چـیيان بويسـتايە لەبەردەستياندا دەبوو، لەناو مەككەشدا بەچاوی ڕێزەوە سەیر دەكردا.

ڕۆژێكیان ئەو ژنە بە سكپڕیەوە چوو بـۆ لای كەعبـە و لـەوێ بـە دەوری كەعبـەدا دەهات و دەچوو، لەوكاتەدا ژانی منداڵبوونی بۆ هات و نەیتوانی بگەڕێتەوە ماڵـەوە و هەر لە پاڵ كەعبەدا منداڵەكەی بوو، ئەو منداڵەش ناوی حەكیم بوو.

منداڵێكی جوان و چاو گـەش و ئێسـك سـووك بـوو، حـەكیم لـەلای دایـك و بـاوكی دەژیا و تەمەنی دەبردە سەر و فەقیری و نەبوونی نەدەچەشت، بەهۆی ڕێـزی بـاوكی لە مەككەدا خـەڵكی زۆر ڕێزیـان لـە حـەكیمیش دەگـرت و حـەكیمیش لەگـەڵ باوكیـدا بەشداری كۆڕ و دانیشتنەكان دەبوو.

حـەكیم هــەر لــە مەككــەدا زۆر پێغەمبــەری خــوای خۆشدەویســت و سەرســامی ڕەوشتی جوان و گەورەیی پێغەمبەر(ﷺ) بوو، لەو ماوانەدا لە مەككە جەنگێك ڕوویدا كـە بـە جـەنگی فوجـار ناسـرابوو، پێغەمبـەری خـوایش(ﷺ) لـەو جەنگـەدا لەگـەڵ مامەكانیدا بەشدار بوو، ئەو جەنگە كرا بۆ پشتیوانی هەژاران و دژایـەتی سـتەمكاران،

لەو جەنگەدا باوکی حەکیمیش بەشداری کردبوو، بەڵام باوکی حەکیم لەو جەنگەدا کوژرا، بەوە حەکیم باوکی لەدەست دا و لای دایکی دەژیا.

دەسەڵاتدارانی مەککەش وەك ڕێزدانانێك بۆ باوکی و لەبەر بەخشندەیی و چاکەکاری حەکیم بڕیاریاندا حەکیم بکەنە بەرپرسی (ریفادە) لە مەککەدا کە لە کاتی حەجدا خواردن و پێویستی حاجیەکانی دابین دەکرد.

حەکیمیش جیا لەو سامانەی بۆ ئەو کارە خرابوویە بەردەستی لە سامانی تایبەتی خۆیشی یارمەتی حاجیانی دەدا و خواردنی بۆ ئامادە دەکردن، ئیتر حەکیم لەناو خەڵکدا بە بەخشندە و چاکەکار ناسرابوو.

جارێکیان حەکیم سەد وشتری کرد بە خێر و دابەشی کرد بەسەر خەڵکدا، جارێکی تریشیان حەکیم بڕیاریدا ژمارەیەك کۆیلە ئازاد بکات، دەستی کرد بە کڕینی کۆیلە و سەد کۆیلەی کڕی و هەر هەموو کۆیلەکانی ئازاد کرد، ئیتر بەوە لای خەڵك خۆشەویست بوو.

بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمان بوو حەکیم هێشتا موسڵمان نەبوو بوو هەرچەندە زۆر پێغەمبەری خوای خۆشدەویست، کاتێکیش پێغەمبەر(ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینە و دواتر جەنگی بەدر ڕوویدا بێباوەڕان حەکیمیان ناچار کرد تا لەو جەنگەدا بەشداری بکات، بەڵام تیایدا نەکوژرا و بەبێ باوەڕی نەمرد.

ڕۆژێکیان حەکیم لە مەککە جلێکی زۆر جوان و ناوازەی کڕی و وتی ئەمە دەکەم بە خەڵات بۆ پێغەمبەری خوا، بۆیە لە مەککەوە کەوتە ڕێ و چوو بۆ مەدینە و چوو بۆ لای پێغەمبەری خوا، پێغەمبەریش(ﷺ) پێشوازی لێکرد و ڕێزی گرت، حەکیم وتی ئەم جلەم کڕیوە و هێناومە تا خەڵاتی تۆی بکەم، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) لێی

وەرنەگرت و فەرمووی ئەگەر پێت باشە بە پارە لێت دەکڕمەوە، هەرچەندە حەکیم هەوڵیدا بە دیاری پێی بدات، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) وەرینەگرت، حەکیم زۆر حەزی دەکرد ئەو جلە جوانە لەبەری پێغەمبەر(ﷺ) دا ببینێ بۆیە ڕازی بوو و بە پارە پێی فرۆشت، پێغەمبەری خواش(ﷺ) لێی کڕی و کردیە بەرو پێی چوو بۆ مزگەوت و بەو جلەشەوە وتاری هەینی فەرموو.

پرسیار: بۆچی پێغەمبەر(ﷺ) ئەو دیاریەی لێ وەرنەگرت؟

وەڵام/ چونکە حەکیم بێباوەڕ بوو و ئامادە نەبوو موسڵمان بێ.

بەوجۆرە حەکیم لە مەککەدا ژیا و بەو شێوازە لەناو خەڵکدا ناسرابوو تا ئەو کاتەی پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمانان شاری مەککەیان فەتحکرد ئەوکات حەکیمیش موسڵمان بوو و زۆر بە چاکی باوەڕی هێنا و کەوتە خزمەتکردنی ئیسلام و هەمیشە خەفەتی بۆ ئەوە دەخوارد بۆچی زووتر موسڵمان نەبووە.

حەکیم وتی ئەی پێغەمبەری خوا من لە سەردەمی نەفامی و بێباوەڕیدا هەندێ کاری چاکەم هەبوون ئایا ئێستا کە موسڵمان بووم ئەو چاکانەم فەوتاون؟ پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو کە ئەو چاکانەشی نەفەوتاون و لای خوا بۆی دەنووسرێن، حەکیمیش بڕیاریداو وتی لە سەردەمی نەفامیدا چەند چاکەم کردبن دەبێ هێندەش لە کاتی موسڵمان بوونمدا ئەنجام بدەم، بۆیە کەوتە کڕینی کۆیلە و ژمارەی کۆیلەکانی گەیاندە سەد کۆیلە و هەموویانی ئازاد کرد، هەروەها لەڕێی خوادا سەد ئاژەڵی کرد بە خێر، هەروەها جگە لەوەش خانوویەکی ناوداری ناو مەککەی کڕی و لەپێناو خوادا ئەوەشی کرد بە خێر.

پرسیار: ئەو خانووە ناسراوە کامە بوو؟

وەڵام/ ئەو خانووە ناسراوە دارونەدوە بوو کە لای خەڵکی مەککە زۆر گەورە و گرنگ بوو و دەسەڵاتدارانی قورەیش تیایدا کۆبوونەوەیان دەبەست و بڕیارەکانیان دەردەکردن، هەر لەو خانووەشدا بوو پێشتر بێباوەڕان بڕیاریان دابوو پێغەمبەری خوا بکوژن، بەڵام حەکیم دوای موسڵمان بوونی بە پارەیەکی زۆر ئەو خانووەی کڕی و لەڕێی خوادا کردی بەخێر.

جارێکیان حەکیم داوای سامانی کرد لە پێغەمبەری خوا، ئەویش پێی بەخشی، هەمتر داوای کردو پێغەمبەر(ﷺ) پێی بەخشی، ئینجا حەکیم سوێندی خوارد جگە لە پێغەمبەر(ﷺ) سامان لە کەس وەرنەگرێت، ئیتر تا ئەو ڕۆژەی مرد تەنانەت ئەو بەشەی خۆیشی وەرنەدەگرت کە خەلیفەکان بۆیان دانابوو، هەرچەندە ئیمامی ئەبوبەکر و عومەر پێیان دەوت بەشەکەی خۆی وەرگرێت ئەو دەیوت بەڵێنم داوە جگە لە پێغەمبەر(ﷺ) پارە و سامان لە هیچ کەسی تر وەرنەگرم، ئەو بەڵێنەشی بەتەواوەتی بردەسەر.

بەوجۆرە هەرچەندە حەکیم درەنگ موسڵمان بوو، بەڵام نەیدەهێشت هیچ کاتی لەدەست بچێ و بەردەوام لە پەرستش و کاری چاکەو خزمەتکردن دا بوو بە ئیسلام و زیاتر لە چل ساڵ بە موسڵمانی ژیا، تا ئەوەی دوای زیاتر لە سەد ساڵ تەمەن لە جێگەدا نەخۆش کەوت و سەرەمەرگی هات، لەو کاتەدا وتی خوایە تا ئێستا ترسم لە تۆ هەبووە، بەڵام لە ئێستاوە هیواو ئومێدم پێت هەیە تا بمپارێزی، ئیتر کۆچی دوایی کرد.

*** پەند و ئامۆژگاری:**

1- کاری چاك و بەخشندەیی و بەڕێزی لای خەڵك خۆشەویست و بەڕێزمان دەکات.

2- هەرچەندە لە ڕابردوودا خراپ بووبین ئەوا دەرفەت هێشتا ماوە و دەتوانین قەرەبووی ڕابردووش بکەینەوە وەك چۆن حەکیم دەستی پێکرد و زۆر بە چاکی قەرەبووی ڕابردووی دەکردەوە.

**پرسیارەکان**

1- باوکی حەکیم چۆن مرد؟

2- حەکیم لە مەککەدا چ ئەرکێکی پێ درا؟

3- باسی خەڵاتەکەی حەکیم بۆ پێغەمبەر(ﷺ) بکە.

4- بۆچی پێغەمبەر(ﷺ) خەڵاتەکەی حەکیمی وەرنەگرت؟

5- حەکیم کەی موسڵمان بوو؟

6- حەکیم لە سەرەمەرگیدا چی وت؟

8-بۆچی حەکیم سامانی لە ئیمامی ئەبووبەکر و ئیمامی عومەر وەرنەدەگرت؟

## حارسەی کوڕی نوعمان

حارسە کوڕی نوعمان بوو و دایکیشی ناوی جەعدە بوو، حارسە لەگەڵ دایك و باوکیدا لە مەدینەدا ژیانی دەبردەسەر و کەسێکی زۆر نەرمونیان و بەسۆز بوو، بە کەسێکی چاکەکار و ڕەوشت جوان ناسرابوو.

کاتێك هەندێ لە موسڵمانانی مەدینە لە عەقەبەی دووەم گەڕانەوە و پێغەمبەری خوایش(ﷺ) موصعەبی کوڕی عومەیری نارد تا لە مەدینەدا خەڵکی فێری ئیسلام بکات حارسەش خێرا چوو بۆ لای و گوێی لە وتەکانی گرت و سەیری کرد ئایینی ئیسلام دروستترین ئایینەو ئەوەی ئەو بۆی دەگەڕا لە ئیسلامدا هەیە، بۆیە خێرا لەوێدا باوەڕی هێناو موسڵمان بوو.

بەڵام حارسە هێشتا دڵتەنگیەکی مابوو، چونکە هێشتا دایکی موسڵمان نەبوو بوو، بۆیە هەوڵیدا دایکیشی موسڵمان بێ، چونکە حارسە بەوە ناسرابوو کە زۆر دایکی خۆش دەویست و هێندە لای خۆشەویست بوو کە لە هەموو شتێکدا بە گوێی دەکرد تەنانەت ڕووی نەبوو قسەیشی پێ دووبارە بکاتەوە.

ئەو ئاواتەی حارسە هاتە دی کاتێ جەعدەی دایکی گوێی گرت لە ڕێنماییەکانی ئیسلام و باوەڕی پێهێنا، ئیتر حارسە لەوپەڕی خۆشی و کامەرانیدا بوو، چونکە لەگەڵ موسڵمانبوونی دایکیدا هەموو ژن و منداڵەکانی ئەو خێزانە موسڵمان بوون، بەوەش خوای گەورە هەموویانی لە گومڕایی و نەزانی ڕزگارکرد.

کاتێك هەواڵی ئەوە بڵاوبوویەوە پێغەمبەر(ﷺ) دێت بۆ مەدینە ڕۆژانە حارسە لەگەڵ خەڵکی دا دەچوویە دەرەوە بۆ پێشوازی پێغەمبەر(ﷺ) تا ئەوەی دواجار بەدیداری پێغەمبەری خوا شاد بوو، ئیتر بەردەوام دەچوو بۆ لای پێغەمبەری خوا و

زانیاری و ڕێنمایی لێ وەردەگرت، پێغەمبەری خوایش کە ڕەوشتی بەرزی حارسەی بینی زۆر خۆشی ویست و بەچاوی ڕێزەوە سەیری دەکرد.

حارسە لەگەڵ پێغەمبەری خوادا بەشداری جەنگی بەدر و ئوحودیشی کرد و زۆر سوور بوو لەسەر پاراستنی پێغەمبەری خوا.

حارسە هێندە حەزی دەکرد هەموو شتێ بە حەزی پێغەمبەری خوا بێ و حەزی دەکرد خۆشی ببەخشێ بە پێغەمبەری خوا کاتێ ئیمامی عەلی فاتیمەی کچی پێغەمبەری(ﷺ) بە هاوسەرگرت حارسە خانووەکەی خۆی چۆڵکرد بۆ عەلی و فاتیمە تا لە نزیك پێغەمبەری خواوە بن، چونکە حارسە دەیزانی پێغەمبەر(ﷺ) حەزدەکات فاتیمە و عەلی نزیك بن لێوەی.

هەروەها کاتێك پێغەمبەر(ﷺ) صەفیەی بە هاوسەرگرت بردیە یەکێك لە ماڵەکانی حارسە، چونکە حارسە ئەو خانووەی چۆڵکرد بوو بۆ پێغەمبەری خوا، بەمەش حارسە هەموو توانای خۆی خستبووە گەڕ بۆ خزمەتی پێغەمبەر(ﷺ).

ڕۆژێکیان حارسە دای بە لای پێغەمبەری خواداو سەیری کرد کەسێکی لەگەڵدایە، حارسە سەلامی کرد لە پێغەمبەر(ﷺ) و هاوڕێکەی و ئەوانیش وەڵامیان دایەوە، ئینجا حارسە چوو، دوایی گەڕایەوەو چوو بۆ لای پێغەمبەری خوا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی ئەو کەسەت بینی کە لەگەڵمدا بوو؟ وتی بەڵێ، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی دەی ئەوە جبرەئیل بوو و وەڵامی سەلامەکەشی دایەوە.

هەروەها پێغەمبەر(ﷺ) باس لەوە دەکات کاتێك لە شەوی شەورەویدا چووەتە بەهەشت لەوێ گوێی لە دەنگی حارسە بووە کە قورئانی خوێندووە، ئەوەش موژدەیەکی گەورە بوو بۆ حارسە.

ئیتر حارسە هەمیشە لە خزمەتی ئـایینی ئیسـلامدا لێنـەویبوو و ئامـادە بـوو لـەو پێناوەدا هەر هەوڵێك بدات، لە هەموو جەنگ و غەزاكاندا بەشـداری دەكـرد، دواتـریش كە جەنگی حونەین ڕوویدا موسـڵمانان كەوتنـە بۆسـەی دوژمنـەوە و شـكان و هـەموو موسڵمانەكان ڕایاندەكرد، بەڵام سەد موسڵمان لـە دەوری پێغەمبـەر(ﷺ)دا مانـەوەو پارێزگارییـان لێـدەكرد، یـەكێك لەوانـەش حارسـە بـوو كـە بـەردەوام لـە دەوری پێغەمبەر(ﷺ)دا بوو و بە جەستە و گیانیەوە دەیپاراست.

دوای جەنگەكە پاش ماوەیەك جبرەئیل هات بۆلای پێغەمبەری خـوا، شـێوەی لـە شێوەی كەسێكدا بوو، لەوكاتەدا حارسە دای بەلایاندا، ویستی سەلام بكات بەڵام وتی لەوانەیە سەرقاڵ بن با كاتیان نەگرم، بۆیە چوو، لەو كاتەدا جوبرەئیل پرسیاری كـرد لە پێغەمبەر(ﷺ) و وتی: ئەی موحەممـەد ئـەوە كێیـە؟ فـەرمووی حارسـەی كـوڕی نوعمان، جبرەئیل وتی ئەو یەكێكە لـە سـەد خۆڕاگرەكـەی ڕۆژی حونـەین كـە خـوای گەورە ڕۆزی ئەوانی لە بەهەشتدا دابین كردووە، ئەگەریش سەلامی بكردایە وەڵامـان دەدایەوە).

بـەوجۆرە حارسـە دووجـار جبرەئیلـی گـەورە فریشـتەی خـوای گـەورەی لەگـەڵ پێغەمبەر(ﷺ)دا بینی.

## پەند و ئامۆژگاری:

1- ڕەوشتی بەرز و ڕێزگرتنی كەسـەكان دەبێتـە هـۆی ئـەوەی ئێمـەش لای هـەموان بەڕێز و خۆشەویست بین بەتایبەت لەلای خوای گەورە.

2- ئەگەر فێری کارێکی چاك بووین هەوڵ بدەین کەسە ئازیزەکانیشمان فێر بکەین وەك چۆن حارسە کاتێ موسڵمان بوو هەوڵیدا دایکی و ژن و منداڵەکانی فێری ئەو چاکە و ڕاستیە بکات.

3- دەبێ بە ماڵ و گیان و توانامانەوە لە خزمەت پێغەمبەری خوا و ڕێبازەکەیدا بین.

پرسیار: گرنگترین ئاکارێکی جوان کە حارسەی پێ ناسرا بوو چی بوو؟

وەڵام/ گرنگترین ئاکارێکی جوان کە حارسەی پێ ناسرا بوو بریتی بوو لە چاکەکردن لەگەڵ دایکیدا، بە جۆرێك دایکی هەرچی بوتایە دەست بەجێ حارسەی بۆی جێبەجێ دەکرد.

ئیتر لەگەڵ ئیمامی عوسماندا ناویان دەرکردبوو بەوەی زۆر لەگەڵ دایکیاندا چاکن، تەنانەت جاری وا هەبوو دایکی داوای شتێکی لە حارسە دەکرد، حارسەش چاك لێی تێنەدەگەیشت، ڕووی نەبوو بڵێ دایە گیان دووبارەی بکەرەوە، بەڵکو پرسیاری لەو کەسانەی تر دەکرد کە لەو کاتەدا لای دایکی بوون دەیوت ئەوە دایکم داوای چی کرد؟ ئەوانیش پێیان دەوت، ئەویش خێرا دەچوو کارەکەی بۆ جێبەجێ دەکرد.

حارسە بەو شێوەیە هەموو کارێکی خێر و چاکی ئەنجام دەدا تا ڕەزامەندی خوا بەدەست بێنێ، لە سەردەمی خەلیفە ڕاشیدینەکانیشدا بە هەمان شێوە هەوڵی دەدا، بەڵکو لە سەردەمی ئیمامی عوسماندا کاتێ دوژمنان ویستیان هێرش بکەنە سەر ماڵی ئیمامی عوسمان حارسە وتی پشتت دەگرین و لەگەڵیان دەجەنگین.

بەڵام دواتر حارسە بەهۆی تەمەنی زۆر و ماندوێتیەوە بینایی لەدەستدا و هەردوو چاوی کوێر بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وازی نەدەهێنا لەکاری چاکە، بەڵکو قاپێ

خورمای لەگەڵ خۆی دەبردە بەر دەرگای ماڵی خۆی و لەوێ دادەنیشت هەر هەژارێك بهاتایە خورمای پێدەدا، هەرچەندە ژن و منداڵەکانی وتیان ئێمە لەجیاتی تۆ ئەوە دەکەین، بەڵام حارسە وتی هەر دەبێ خۆم ئەم کارە بکەم. حارسە بەوجۆرە ژیا تا لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا کۆچی دوایی کرد.

## پەند و ئامۆژگاری:

نابێ هیچ کات واز لە کاری چاکە بهێنین با تەنانەت دەست یان چاو یان قاچمان ئیش نەکات وەك چۆن حارسە لەگەڵ ئەوەی کوێر بووبوو کەچی وازی نەدەهێنا لە کاری چاکە.

## پرسیارەکان:

1- حارسە بە چی ناسرا بوو؟
2-حارسە چۆن موسڵمان بوو؟
3- بینینی جبرەیل لەلایەن حارسەوە باس بکە.
4- پێغەمبەر(ﷺ) دەربارەی حارسە چی فەرموو؟
5- کاتێ حارسە چاوی کوێر بوو چی کرد؟
6- ئایا تۆ هێندەی حارسە دایکت خۆشدەوێت؟

## ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| ئوسەيدى كوڕى حوزەير ( رضي الله عنه ) : | 3 |
| جەريرى كوڕى عەبدولا ( رضي الله عنه ) | 11 |
| تەميمى كوڕى ئەوس( رضي الله عنه ) | 15 |
| حەمنەى كچى جەحش ( رضي الله عنها ) | 19 |
| حاتيبى كوڕى عەمر ( رضي الله عنه ) | 22 |
| زوبەيرى كوڕى عەووام ( رضي الله عنه ) | 26 |
| سەعيدى كوڕى زەيد( رضي الله عنه ) | 31 |
| تەلحەى كوڕى عوبەيدولاّ ( رضي الله عنه ) | 35 |
| عەبدولاّى كوڕى زوبەير ( رضي الله عنه ) | 40 |
| ( ئوممومسەلەمە ) ( دايكى باوەڕداران ) ( رچى الله عنها ) | 43 |
| جابيرى كوڕى عەبدولاّ( رضي الله عنه ) | 46 |
| سابتى كوڕى قەيس ( رضي الله عنه ) | 53 |

| | |
|---|---|
| ئەقرەعی کوڕی حابس(رضي الله عنه): | 57 |
| حوزەیفەی کوڕی یەمان (رضي الله عنه) | 61 |
| روقییەی کچی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) | 66 |
| خوبەیبی کوڕی عەددی (رضي الله عنه) | 69 |
| زەیدی کوڕی حارسە(رضي الله عنه) | 73 |
| ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراح (رضي الله عنه) | 78 |
| عەبباسی مامی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) | 83 |
| عەبدوڵای کوڕی مەسعوود(رضي الله عنه) | 87 |
| ئەسلەم | 93 |
| بەشیری کوڕی سەعد(رضي الله عنه) | 98 |
| ئەسعەدی کوڕی زورارە(رضي الله عنه): | 101 |
| ئەبوو ئەیووبی ئەنصاری (رضي الله عنه) | 105 |
| حەسسانی کوڕی سابت (رضي الله عنه) | 109 |
| خەدیجەی کچی خوەیلید (دایکی باوەڕداران) | 113 |

| | |
|---|---|
| ئەبانی کوری سەعید( رضي الله عنه ): | 118 |
| سەلەمەی کوڕی ئەکوەع ( رضي الله عنه ) | 122 |
| عائیشەی کچی ئەبووبەکر ( رضي الله عنها ) | 125 |
| سەعدی کوڕی عوبادە( رضي الله عنه ) | 131 |
| سەلمانی فارسی | 135 |
| ئەبوو هورەیرە ( رضي الله عنه ) | 144 |
| موعازی کوڕی جەبەل | 151 |
| سوهەیبی ڕۆمی | 156 |
| عەبدوڵای کوڕی عەبباس | 161 |
| فاتیمەی کچی موحەممەد( صلى الله عليه وسلم ) | 167 |
| ئەنەسی کوڕی مالیك | 173 |
| خەببابی کوڕی ئەرەت | 178 |
| حەمزەی کوڕی عەبدولموتەلیب | 184 |
| ئەسمای کچی ئەبووبەکر | 190 |

| | |
|---|---|
| ئەبووزەری غیفاری | 195 |
| زەیدی کوڕی سابت | 201 |
| کەعبی کوڕی مالیك | 207 |
| حەکیمی کوڕی حیزام | 213 |
| حارسەی کوڕی نوعمان | 218 |